گوڵان
www.gulan-media.com
پەیامی ئەمڕۆ و سبەی


دەنگدان بە لیستی کوردستانی ٥٤
دەنگدانە بەئازادی و دیموکراسی و پەرەپێدان و نوێبوونەوە


کەتایون ڕەیاحی (زولێخا): زولێخا سەرنجی ڕاکێشام


هەولێرییەکانی جارێکی دیکە دەسکەوتێکی مەزنی وەرزش تۆمار دەکەن


بیڵ ئارمەر: سیاسەتی کۆمەڵایەتی ویژدانی سیاسەتە


یارا:
لەخۆبایی بوون گۆڕستانی هونەرمەندە


بۆ تووشبووانی شەقەسەر


نازێ عەزیزی بەخۆشەویستی نهێنی بێ دەنگی شکاند

■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فوئاد سـدیق
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@hotmail.com
☎ ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
☎ ٠٦٦٢٢٣٠٣٠٠

■ جێگری سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
شوان تاڤینگ
MANAGING EDITORS
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ و دیزاین
لوقمان ڕەشیدی

■ بەڕێوەبەری پەیوەندیەکان
ساڵح عومەر قادر
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
خەلیل بلەیی: هونەری
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
د. عادل حوسێن: تەندروستی
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ک)

# ئەمجارەش چەند نقورچەیەکی دیکە



**فەیسەڵ دەباغ**

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

* ڕۆژنامەی (هاووڵاتی) لە بابەتێکیدا نێوان دوو هونەرمەند بەراورد دەکات کە یەکێکیان عەزیز وەیسی یەو ئەویتریان ئەژدەر وەهبی یە و پێی وایە عەزیز وەیسی بەپێچەوانەی ئەژدەرو بەمەبەستی پارە گۆرانی بۆ لیستی کوردستانی گوتووە، پێشی وایە بەم کارە وەیسی جەماوەری خۆی لەدەست داوە، هەر ئەو ڕۆژنامەیەو لەو بابەتەی خۆیدا دەڵێ عەزیز وەیسی خەڵکی کوردستانی عێراق نییەو مافی دەنگدانی نییە، بۆیە نەدەبوو گۆرانی بۆ لیستی کوردستانی بڵێ.

ڕۆژنامەی (ئاوێنە)ش لە بابەتێکیدا بەناونیشانی (لە ئەحمەد تۆفیقەوە بۆ عەزیزی وەیسی) ململانێیەکانی شەستەکان دەخاتە سەر ئەو کوردانەی کە لە ئێرانەوە پەنایان هێنابووە بەر کوردستانی عێراق وەك هەژاری موکریانی و سەعید ناکام و ئەحمەد تۆفیق، هەر ئەو ڕۆژنامەیە سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی کوردستان تۆمەتی لاگیری لیستێك لە دژی لیستێکی دیکە دەخاتە بەر هەندێ کوردی ڕۆژهەڵات کە گوایە هەندێکیان بە نووسین و بەیاننامە دەرکردن و هەندێکیش بە گۆرانی و مۆسیقا تیایدا بەشدارن و لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە دەکات کە جاران کوردستانی ئێران هێمنی شاعیری دەنارد کە چی ئێستا عەزەی وەیسی..!!

من نازانم بۆ ئەو هەموو سوکایەتییە بە کوردی ئێران؟ بەتایبەتی بە هونەرمەندێکی میللی وەك عەزیز وەیسی؟ ئەو ڕۆژنامانە کە هەمیشە ڕەخنەیان لە دەسەڵات دەگرت و دەیانگوت دەسەڵات تەحەمولی ئازادی ڕادەربڕین ناکات، کەچی بەخۆیان لە یەکەم تاقیکردنەوەدا نەیانتوانی تەحەمولی یەك هونەرمەند بکەن و ئینجا کەوتنە سەرگیانی هەریەك لە هەژاری موکریانی و سەعید ناکام و ئەحمەد تۆفیق و... تاد.

کە هەر هەموویان جێی پەنجەیان لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردا دیارەو ئێمەی کوردی عێراقیش دەبێ خۆمان بە قەرزاریان بزانین نەك بێین و سوکایەتیان پێ بکەین...!!

* ئەو لیستەی کە داوای گۆڕان دەکات پێی وایە ئەو عەقڵیەتە سیاسییەی کە ئێستا کوردستان بەڕێوەدەبات تەحەمولی گۆڕانکاری ناکات و، ئەو لیستەش گوایە هیچ کێشەی لەگەڵ هیچ کەسدا نییە، بەڵکو کێشەکەی لەگەڵ ئەو عەقڵیەتە سیاسییەدایە، بۆیە پێویستە بێتە گۆڕین..!!

من تەنیا دوو ڕووداو دەگێڕمەوە بۆ ئەوەی خوێنەر لە ڕاستی تێفکرین ئەو لیستە بگات.

ڕووداوی یەکەم ئەوەیە کە ئەو لیستە لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا ژمارە (٣٠)ی گۆڤاری (هەڵبوون) ی لە بازاڕی سلێمانیدا کۆکردەوە، ئەویش بەهۆی بڵاوبوونەوەی وتارێك بەناونیشانی (نەوشیروان بۆ وریا وەهابی کوشت؟)..!! لە کاتێکدا ئەو لیستە لەسەر گۆڤاری (لڤین) هەرایەکی عەنتیکەی نایەوە کە گوایە لە زاخۆ سوتێنراوە، کەچی لە دواییدا وا دەرنەچوو.

ڕووداوی دووەم ئەو سیناریۆیە بوو کە تەلەفزیۆنی KNN دەربارەی قسەکانی حاجی ئاسکە عەلی دروستی کردبوو، کە دوایی ئەویش بەو شێوەیە دەرنەچوو، چۆنیش یارییان بە سۆزی ئەو دایکە کردبوو، قسەکانیشیان لە هەندێ شوێندا پچڕاندبوو.

من تکا لە خوێنەران دەکەم بۆ زانینی ئەو ڕاستییە دەقی دیدارەکەی حاجی ئاسکە بخوێننەوە کە لە ژمارەی (١٢٦) ی گۆڤاری (شەقام)دا بڵاوکراوەتەوە.

* هەولێرییەکان پێیان وایە لیستی گۆڕان لە پێناو ئەواندا دروستبووە. ئەمە قسەی سەفین مەلا قەرەیە کە لە پاشکۆی (بەرەو گۆڕان) ی ژمارە(١٥) بڵاوکراوەتەوە کە تیایدا دەڵێ: هەولێرییەکان لەلایەن حکومەتەوە فەرامۆش کراون و هاووڵاتیانی هەولێر حیسابی هاووڵاتییەکی پلە دووشیان بۆ نەکراوە، هاووڵاتی پلەسێن.

بەڕاستی ئەمە بێ ویژدانییەکی زۆرە کە یەکێکی وەك سەفینی مەلا قەرە بێ و بڵێ هاووڵاتیانی هەولێر هاوڵاتی پلە سێن...!! باشە ئەگەر ئەوان هاوڵاتی پلە سێ بن ئەی دەبێ کێ پلەی یەك و دوو بێ؟ ئایا کەستان دیووە لە شارەکەی خۆیدا هاوڵاتی پلە سێ بێ؟

برا هەولێر هەولێرە و هەولێرییەکانیش شانازی بە شارەکەی خۆیان دەکەن و باشیش دەزانن کە کێ خزمەتی کردوون و کێش زەم و سوکایەتی پێ دەکردن.

ئەگەر سەفین مەلا قەرە بەڕاستی هەولێری بووایە ئەو کات ئەو سوکایەتییەی قبوڵ نەدەکرد کە سەرۆك لیستەکەی بەرامبەر بە هەولێر و هەولێرییەکانی دەکرد.

* نووسەرەوەیەکی دەوشڕ کە تا دوێنێ بەرپرسی سایتێك بوو قسەی بە نەوشیروان مستەفا و کۆمپانیا وشە دەگوت، ئەمڕۆ بە قودرەتی قادر بووەتە دەمڕاستی لیستی گۆڕان و هێرش دەکاتە سەر لیستی کوردستانی و سەرکردایەتی کورد.

لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی KNN دا بە هەموو عەقڵە سادە و زمانە شڕەکەیەوە کە بێجگە لە جنێودان هیچی تر نازانێ دەڵێ: جەلال تاڵەبانی و مسعود بارزانی دەیانەوێ بە قوفڵێکی حیز..!! خەڵك هەڵخەڵەتێنن.

مەبەستی ئەو نووسەرەوەیە لەو قوفڵە قوفڵی هەناردنی نەوتی کوردستان بوو، کە هەموو جیهان بەو هەناردەیە سەرسام بوو، بەغداش پێی تەنگاو بوو، کەچی ئەو نووسەرەوەیە بەرامبەر ئەو ڕووداوە گرنگە و بەرامبەر ئەو قوفڵەی کە بووە هێمای هەناردنی نەوتی کوردستان چ وشەیەکی ناشرین بەکاردێنێت.

بۆ ئاگاداری ئەو نوسەرەوەیە لەسەر هەندێ مەسائیلی دارایی و ئەخلاقی و ئیستغلال کردنی سایتەکە دژی سەرۆکی ئەو لیستەی کە ئێستا کاری بۆ دەکات، بەبێ ئاگاداری ئەو لایەنەی کە سەرپەرشتی سایتەکەی دەکرد تڕۆکراو لەسەر کارەکەی لابرا.

* ئێستا لیستێك فێربووە کەسانی وەك ئەو نووسەرەوەیە بەکاردێنێ بۆ ئەوەی گەمە بە ئەعسابی چەند نووسەر و ڕۆژنامەنووس و سیاسەتکارێکی لیستی کوردستانی بکەن، ئەویش لە ڕێی ناردنی SMS بۆیان کە پڕن لە قسەی سووك و ناشرین.

بەڕای من ئەم کارەی ئەو لیستە ئەو پەڕی بێ ئەخلاقییەت دەنوێنێ و لە هەمان کاتدا بێ ئەخلاقییەتی ئەو نووسەرەوانە دەسەلمێنێ، ئەگینا جوندان بە دایکی یان خێزانی نووسەرێك یان ڕۆژنامەنووسێك کە لەوانەیە دایکی ٧٥ساڵیشی تێپەڕاندبێ ئەگەر بێ ئەخلاقی نەبێ، ئەی دەبێ چ ناوێکی لێ بنێین..!!

* سەرۆك بارزانی هەمیشە داکۆکیکار بووە لە مافی گەلی کوردستان و هیچ کاتێکیش ئامادەنەبووە سازش لەسەر ئەو مافانە بکات، بەڵام بەداخەوە هەندێ لیستی ڕکابەر ڕۆژانە شت بڵاو دەکەنەوە کە گوایە دەستووری هەرێمی کوردستان سەبارەت بە سنووری هەرێم و ماددەی ١٤٠ سازشی تێدا کراوە لە ڕاستیدا من هەمیشە

گوتوومــە راگەیاندن چەکێکــی دوو لایەنەیە، یــان ئەوەتا ئەو شــتەی بــڵاوی دەکەیتەوە لە بەرژەوەندیت دەبێت یانیش بە پێچەوانەوە، من لێرەدا تەنیا مانشــێتێکی لاپەڕەیەکی گۆڤاری (لڤین) وەبیر خوێنەران دەهێنمەوە کە قســەیەکی سامی ئەلعەسکەری راوێژکاری نوری مالیکییە کەدەڵێ: هەتا وەکو مســعود بارزانی هەڵوێستی نەگۆڕێت مالیکی ئامادە نییە لەگەڵیدا کۆببێتەوە..!!

ئەو مانشــێتە خۆی لە خۆیدا ئەوە دەسەلمێنێ کە سەرۆك بارزانی خاوەن هەڵوێستێکی نەتەوەییە و ئەم هەڵوێستانەشی ناحەزانی کورد و کوردستانییان نارەحــەت کردووە بۆیــە داوای لێ دەکەن کە لەو هەڵوێستانەی خۆی پاشگەز ببێتەوە.

لە هەمووی خۆشتر سامی ئەلعەسکەری لەو لێدوانەیدا بۆ گۆڤاری لڤین ئاماژە بە لێدوانێکی نەوشیروان مستەفا دەکات کە بۆ کەناڵی ئەلحورە دابووی و گوتبووی:

(نەوشیروان مســتەفا لە دیمانەکەی کەناڵی ئەلحورە باســی لەوەکرد کە سیســتەمی عێراق پەرلەمانــی دیموکراتییــە، بەڵام بــە گوێرەی دەســتووری هەرێــم دەســەڵاتێکی زۆر دراوە بە سەرۆکی هەرێم کە ئەمەش پێچەوانەی دەستووری عێراقە).

ئــەی ئافەرین تاکی کوردســتان، لە کاتێکدا سیســتەمی عێراق بە سیســتەمێکی پەرلەمانی دیموکراتی دادەنێ کەچــی نوری مالیکی رۆژ نییە باس لە بەهێزکردنی مەرکەز و سیســتەمی ســەرۆکایەتی نەکات..!! باشــە بۆ بەرامبەر ئەم قســانەی مالیکــی نقەت لێوە نایــەت، کەچی بەرامبــەر بەهــی کوردســتان دێــی و دەڵێی دەسەڵاتێکی زۆری داوەتە ســەرۆکی هەرێم کە بەخۆشت دەزانی وا نییە.

* سیاســەتکارێك کاتــی خــۆی هــەراو هوریاییەکی وای دروســتکردبوو کــە هەرێمی کوردســتان لەبەردەم هەڕەشــەیەکی گەورەدایە، کەچی ئەمڕۆ و بۆ چەند مەبەســتێکی سیاسی لەو قسانەی خۆی پەشیمان بووەتەوە و دەڵێ هیچ هەڕەشــەیەك لەبەردەم کوردستاندا نییە و ئێرانیش وەك نموونە دەهێنێتەوە و دەڵێ: ئەگەر مەترســی ئێرانمان لەســەرە بۆ کونســوڵەکانیان دەرناکەن لە هەولێر و سلێمانی، ئەگەر مەترسیمان لەسەرە بۆ سنوورەکان داناخەن ؟ لە باشماخەوە تا زرێبار، لە ســلۆپییەوە تا برایم خەلیل، لە حاجی ئۆمەرانەوە تا بانە، لۆری بەڕیز وەستاوە..!!

ئــای لەو سیاســەتکارە ســوپەرە کــە ئەوە بۆچوونی سیاســی بێت، بەخۆی لە هەموو کەس باشــتر دەزانێ کــە بژێوی خەڵکی کوردســتان لەســەر هێنانی ئەو کەلوپەلانەیە کە لە وڵاتانی دەورووبەر دێت، ئایا دیوتە دەســەڵاتێکی وڵاتێك یــان هەرێمێك کە خەمخۆری بژێوی خەڵکەکەی بێت سنووری خۆی داخات و میللەتەکەی تووشی قاتوقڕی بکات، وەڵڵا چییە هەڕەشەی لەسەرە؟

ئەمانــە دوو بابەتی جیاوازن کــە هەقە لە یەکتر جیابکرێنەوە. تۆ ئەگەر سیاســەت دەکەیت دەبێ بژێــوی خەڵکەکەی خۆت دابیــن بکەیت و، لە هەمان کاتدا هەوڵی کەمکردنەوەی ئاســتی ئەو هەڕەشانە بدەیت و پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ ئەو وڵاتانە ببەســتیت، نەك بێیت و ســەرەڕای هەڕەشە میللەتەکەشت لە برسان بکوژی.

قوڕ بەســەر ئەو میللەتەی کە کەسانێکی وا دەسەڵات دەگرنە دەست، خۆ میللەتەکە دەکوژن.

* چەنــد لیســتێك، هەتا چەنــد پاڵێوراوێك بۆ پۆستی ســەرۆکایەتی هەرێم هەمیشە هاتوو هاواریانــە کە گوایــە لە بێ پارەیــی و لەبێ بوونی کەناڵێکی راگەیاندن ناتوانن وەك لیســتی کوردستانی پڕوپاگەندە بۆ خۆیان بکەن.

ئەوەی جێی سەرنجە وتەبێژی یەك لەو لیستانە و لەو چاوپێکەوتنێکدا و بەبێ حیســاب کردن بۆ ئەو قسانەی کە پێشــتر دەیکرد دەڵێ: بوجەمان کراوەیە..!! باشــە کە ئێوە حــزب نین ئایا هەقی ئێمە نییە لەو برادەرە بپرسین ئەو هەموو پارەیەتان لە کوێ هێنا ؟ تکایە ئەمەم پێ مەڵێن کە ئەمە خەڵکە و پارە دەبەخشێتە لیستەکەتان.

* حوســێن گەرمیانی پاڵێوراوی پۆســتی ســەرۆکی هەرێــم لــە چاوپێکەوتنێکــی رۆژنامەی (رووداو) دا دەڵێ:

ســەفین ٥٠٠ دەنگ دەهێنــێ و د. کەمال میراودەلی ١٠٠٠ دەنــگ و هەڵۆش زۆر کەمتر لەوانە، ســەبارەت بە خۆیشــی دەڵــێ من تەنیا رکابەری بارزانیم.

حوسێن گەرمیانی هۆکاری پاڵاوتنی خۆیشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ١٢ ساڵە هیوایەی ئەوە بووە بچێتە ناو پەرلەمان یان حکومەت، بۆیە کاتێ سیستەمی ســەرۆکایەتی لە پەرلەمانییەوە گۆڕا بۆ جەماوەری ئەو دەرفەتەی بە دیموکراسی زانیوە و ئیتــر خۆی هەڵبژاردووە کەواتــە ئەو پاڵێوراوە دان بــەوەدا دەنێ کە سیســتەمەکە جەماوەری و دیموکراســییە، بۆیە خۆی هەڵبژاردووە، کە ئەم قسەیەش کیفایەتە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو کەسانەی بە ئەنقەست شتی پێچەوانە بڵاودەکەنەوە.

دڵنیــای کاکەحوســێنیش دەکەمــەوە کــە دەنگەکانی لە سێ پاڵێوراوەکەی دیکە زیاتر نابێ و دەشبینین.

* هــەر رۆژێ شــتێك دەربــارەی رابینینی لیستەکان سەبارەت بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی کوردستان دەخوێنمەوە، لیستێك دەڵێ من ٢٥-٣٠ کورســی وەدەست دێنم، یەکێکی تر دەڵێ من ٣٠ کورســی وەدەست دێنم و یەکێکی تریش دەڵێ ١٥ و ئەویتــر ٥ و تــا دوایی، ئەگەر بە حســاباتی ئەوانەبــێ ئەوا ٢٠-٢٥ کورســی بۆ لیســتی کوردستانی دەمێنێتەوە.

تو خوا ئەمــە مەنتیقە، کاکــە گیان تۆزێ سەبر تۆزێکیش لەو رابینینە خەیاڵییانەی خۆتان وەرنەخــوار و چاوەڕێی ئەنجامەکان بن، ئەو ســا بۆتان مەعلوم دەبێ کە زۆربەی جەماوەر لەگەڵ کێدایە.

* رۆژنامە(رۆژنامە) لە هەواڵێکیدا سەبارەت بە راگرتنــی هەفتەنامەی بارزان دەڵێ:(بەهۆی ئــەوەی کە لــە مــاوەی رابــردوودا رووماڵی هەواڵەکانی کۆمپانیای وشەیان کردووەو لە هەمان کاتدا دیداریــان لەگەڵ هەڵۆی ئیبراهیم ئەحمەد کردووە، ســەرچاوەیەکی نزیك لــە هەفتەنامەی بارزان بە رۆژنامەی راگەیاند: لەلایەن فەیســەڵ دەباغ ســکرتێری رۆژنامەوانی سەرۆکی هەرێم تەلەفۆن بــۆ عەبدولقــادر حەمەدئەمین کراوەو پێی ڕاگەیانــدراوە چۆن دەبێت کــە ئێوە بودجە لە حکومەت وەردەگرن و رێکلام بۆ لیســتەکانی دەرەوەی پارتــی و یەکێتی دەکەن و دیدار لەگەڵ کاندیدەکانی لیســتی گــۆڕان دەکەن، لە هەمان کاتــدا دیدارتان لەگەڵ ئەو کەســانە کردووە کە دەیانــەوێ ململانێی مســعود بارزانی بکەن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم).

**نووسەرەوەیەکی دەوشڕ کە تا دوێنێ بەرپرسی سایتێک بوو قسەی بە نەوشیروان مستەفا و کۆمپانیا وشە دەگوت، ئەمڕۆ بە قودرەتی قادر بووەتە دەمڕاستی لیستی گۆڕان**

هەر چەنــدە هەقی خۆمە ئەو گلەییە لە کاك عەبدولقــادر بکەم، بەڵام تەلەفۆنەکەی من دوورە لەو شــتانەی کە رۆژنامــەی رۆژنامە بڵاوی کردۆتــەوە، مــن تەنیا وەك بــرادەر تەلەفۆنم بۆ کاك عەبدولقادر کرد پاش ئەوەی بەیاننامەیەکی ژمارەیەك لە رۆژنامەنووسانم لە سایتێکی کوردی خوێندەوە کە ناوی کاك عەبدولقادری لەسەر بوو، تەلەفۆنەکەم هەر بۆ ئەوەبوو کە لێی بپرســم ئایا ئەو ناوەی کــە بڵاوکراوەتەوە خۆیەتی یان نا، کە گوتی بەڵێ منم ئیتر هەر ئەوەندەم پێگوت کە ئەو مێژوویەکی هەیە و چۆن ناوی خۆی تێکەڵ بە ناوی کەســانێك دەکات کە ئەسڵەن رۆژنامەنووس نین و پێشــم گوت ئەمە تەڵەیــەك بوو کە بۆی دانرابــوو، هــەق وابوو بەر لــەوەی ناوی خۆی بنووســێ بزانێ کێی لەگەڵە و ئەویش لاگیری قســەکانی کردن بەمەش کۆتایی بە قسەکانمان هێنا و خواحافیزیمان لە یەکتر کرد.

**هەولێرییەکان شانازی بە شارەکەی خۆیان دەکەن و باشیش دەزانن کە کێ خزمەتی کردوون و کێش زەم و سوکایەتی پێ دەکردن**

کەواتە ئــەوەی رۆژنامــەی رۆژنامە دەیڵێ دوورە لە راستی و مەســەلەی لەو داخستنیشی کە گوایە بەهۆی ئــەوەی بێلایەنانە کاریکردووە بڕیاری داخستنی دراوە ئەمەشیان هیچ ئەسڵ و ئەساسێکی بۆ نییە، چونکە راستە ئەو رۆژنامەیە بە هاریکاری لایەنێك دەردەچوو، بەڵام ئەو لایەنە توانای داخســتنی نییە، ئەوەی من زانیوومە ئەو لایەنە تەنیا هاریکارییەکەی لێ بڕیووە کە لێشی بڕا هەر خودی ســتافی رۆژنامەکــە، بڕیاری ڕاگرتنیان دا، چونکە بە قسەی سەرنووسەرەکەی بەبــێ ئــەو هاریکارییــە ناتوانــن رۆژنامەکە دەربکەن.

ئەمــە یەکەم جار نییــە رۆژنامەی رۆژنامە بوختانی وام پێ دەکات، بەڵکو ئەمە دووەم جارە، بۆیە هیوادارم لەمەو دوا وردتر بەدواچوونی خۆی لەســەر هەواڵەکان بــکات، بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە منەوە هەبێت.

# دەنگ بە سەرۆک بارزانی و لیستی کوردستانی دەدەم



سامی شۆرش

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

هەڵبژاردنی ئەمجارەی کوردستان، چ لە سەر ئاستی پەرلەمانی و چ لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی، بایەخێکی ئێجگار تایبەتی و گرنگی هەیە. بگرە لە دیدی ستراتیژییەوە، هەڵبژاردنێکی زۆر چارەنووسسازیشە.

بایەخی یەکەمی ئەو هەڵبژاردنە لەوەدایە کە قۆناغێکی گرنگ پێك دەهێنێت لە بواری قایم کردنی بناغە یاسایی و دەستووری و سیاسی و ئیدارییەکانی ئەزموونی فیدرالیی کوردستان. لە دوای ئەم هەڵبژاردنە، ئیتر کوردستان هەنگاوێکی گەورە بۆ پێشەوە دەهاوێژێت و وەك راستییەکی یاسایی و سیاسیی حاشا هەڵنەگر لە ناو بونیادی عێراق و ناوچەکەدا خۆی دەچەسپێنێت.

هەر لەو سووچەوە دەتوانین بڵێین، بنیاتی ئابووری و باری بازرگانی و بەرنامەی ئیقراری دەستوورو گواستنەوەی کوردستان بۆ قۆناغێکی دەوڵەمەندی وەبەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت و غاز، لە دوای تەواوبوونی هەڵبژاردن بە سەرکەوتوویی، ئیتر پێ دەنێتە ناو دوارۆژێکی تازەوە.

دووەم، ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، بە سەرکەوتنی لیستی کوردستانی و تازەبوونەوەی سەرۆکایەتی بۆ جەنابی سەرۆك بارزانی، وەڵامێکی گەورەی هەموو ئەو کەس و لایەن و دەوڵەتانەی دەوروپشت دەداتەوە کە دەیانەوێت رۆڵی کورد لە ناو عێراقدا لاواز بکەن و شەرعیەتەکەی گومانی تێبخەن و تەگەرەو کۆسپ بهێننە رێگەی بەرەو پێشچوون و چەسپانی یەکجارەکی. گومان لەوەدا نییە، کە ئەم هەڵبژاردنە، حەقیقەتە سیاسییەکەی کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەك حەقیقەتێکی بایەخدارو پڕ جووڵە دەچەسپێنێت و باری پەیوەندییەکانی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروپشت بەرەو ئاقارێکی تازەی گەشەکردن و بەرەو پێشچوون دەبات.

سێیەم، وەڵامی هەموو ئەو ناوەندە شۆڤێنیانەی ناو عێراق دەداتەوە کە دەیانەوێت دەوری کورد لە ناو عێراقدا کاڵ بکەنەوەو بە سەر مافە دەستوورییەکانی باز بدەن. مەعلومە، ئەو ناوەندانە، ماوەیەکە کەوتوونەتە هەڵپەی ئەوەی کار بۆ، گوایە لاوازکردنی پێگەی سەرۆکی کوردستان جەنابی بارزانی دەکەن. بە عەقڵی ئەو ناوەندانە، چاکترین زەبر وەشاندن لە یەکێتی ریزی کورد لەوەدایە زەرەر بە پێگەی جەنابی سەرۆك بگەیەنن، چونکە بە لای ئەوانەوە، کوردوجەنابی سەرۆك یەك بونیادن. هەر لەمبوارەدا، پێیان وایە جەنابی سەرۆك کۆسپی گەورەی بەردەم جێبەجێکردنی پلانە رەشەکانی ئەوانە، بە تایبەتی لە بواری نەهێشتنی مادەی ١٤٠ و رێگە گرتن لە خاوەندارێتی کوردستان لە بواری نەوت و غازو نەهێشتنی پێشمەرگەو کەمکردنەوەی بودجەو رێگە گرتنی یەکجارەکی لە ئیقرارکردنی دەستوور.

بەڵام، لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا، کاتێك کورد بە یەك دەنگ و یەك خواست و یەك باوەڕ، پڕ بە سندووقەکانی هەڵبژاردن هاوار دەکات: بەڵێ بۆ جەنابی سەرۆکی

کوردستان مەسعود بارزانی، ئیتر هەموو پلانە ڕەشەکانیان شکست دەخۆن و کورد بە سەرکەوتوویی لەو بەرەنگارییە سیاسییەی ناو عێراق، باڵا دەست ودڵ پڕ ئیمان و دەروون تیژی خۆشەویستی دەردەچێت.

چوارەم، لە بواری نێودەوڵەتیشدا، هەڵبژاردنی ئەمجارە سەرکەوتنێکی گەورەو سەلماندنێکی حاشاهەڵنەگرە بۆ ئەو ڕاستییەی کە دەڵێت: بەڵێ، کوردستان خەریکی دامەزراندنی دیموکراسییەکی ڕاستەقینەو بەهێزە. خەریکی خۆ گونجاندنێکی ژیرانەو مەسئولانەیە لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و سیستەمە تازەکەی جیهان و مەسەلەی ئاشتی و سەقامگیری و بوژانەوەی ئابووری.

بە هەر حاڵ، ئەمڕۆ عێراق بە قۆناغێکی گەلێك دژوارو سەخت و زەحمەت تێدەپەڕێت. کۆتایی مانگی ڕابردوو، هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە شارەکانی عێراق کشانەوە. وا بڕیارە تا کۆتایی ساڵی ٢٠١١ تەواوی هێزەکانی ئەمریکا لە هەموو خاکی عێراق بکشێنەوە. ئەم حاڵەتە، پشێوییەکی سیاسی و ئەمنی زۆر ئاڵۆزی لە عێراق دروست کردووە. لە هەندێك ناوچەدا کردەوەی تیرریستانەو هێرش و کوشت و بڕ سەر لە نوێ گەڕاونەتەوە. لە بەغدا، پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی لە حاڵەتێکی گەلێك خراپ و سەختدا دەژیێت و پێکهاتەکانی عێراق بە تایبەتی لە ناوەڕاست و خۆرئاواو خوارووی عێراق، تا دێ زۆرتر متمانەیان بە یەکتری نامێنێت و زۆرتر لە گۆماوێکی دیکەی شەڕی مەزهەبگەرایی نزیك دەکەونەوە.

زۆربەی چاودێران پێیان وایە سوپاو پۆلیس و دەزگاکانی ئاسایشی عێراق توانستی پاراستنی هێمنی و ئیستیقراری ئەمنیان نییە لە عێراقدا. هەندێك چاودێری دیکە ئاماژە بە تاوسەندنی دەسەڵات و نفووزی دەوڵەتانی دەوروپشت دەدەن لە ناو بارودۆخی ناوخۆیی عێراقدا. هەندێکی سێیەم، چاوەڕێی تەنگژەیەکی سیاسیی گەورەیانە لە بەغدا. لەم کاتەدا، هەڵبژاردنی کوردستان نەك تەنیا وەڵامێکی پتەوە بۆ بارە ئەمنی و سیاسییە خراپ و ئاڵۆزەکەی عێراق، بەڵکو دوو وەڵامی بەهێزی دیکەیش دەخاتە ڕوو:

یەکەم، لە بواری ئەوەی کە ئەم هەڵبژاردنە دەریدەخات کە ئەزموونی کوردستان ئیتر ئەزمونێکە پێگەییوەو کامڵ بووەو توانستی لە سەر پێی خۆ ڕاوەستانی تێدایە. دووەم، ئەلتەرنەتیڤێکی باشیش بۆ گەلانی عێراق دروست دەکات لە بواری ئەوەی کە ئەوانیش لە ئەزموونی هەڵبژاردنی کوردستانەوە فێر بن و هەوڵ بدەن هەڵبژاردنی داهاتوویان بەو شێوە ڕێك و پێکەی کوردستان بەڕێوە بەرن.

بۆیە، هەڵبژاردنی ٢٥ی مانگ زۆر گرنگ و بایەخدارە. پێویستی بە بەشداری کردنی هەموو دەنگدەرێك هەیە. پێویستی بە ئیرادەو خواستی هەموو دەنگدەرێك هەیە. پێویستییە بەوەیە کە هەر دەنگدەرێك دەنگەکەی خۆی لە سندووقی هەڵبژاردن دا، بە شێوەیەکی مەسئولانە بەکار بهێنێت و لە بیری بێت دەنگدانی ئەو بەرپرسیارێتییەکی مێژووییە و ئەرك و واجیبێکی نەتەوەییەو نابێت هەر وا بە فیڕۆ بدرێت. پێویستیی بەوەیە، دەنگ بۆ عەقڵ و ژیری و بەرپرسیاریەتی و کەلتووری شارەزایی و لێهاتوویی بدات. دەنگ بە فاکتەرەکانی دامەزراندنی کوردستان و تەعمیر کردنی گوندەکان و بەرەو پێشەوە بردنی ئابووری و بەرز کردنەوەی ئاستی بژێوی خەڵك بدات. پێویستیی بەوەیە خۆ دوور بگرێت لە کێشەی حزبی و تاکڕەوێتی و بەرچاو تەسکی و بە چاوی ئەوە سەیری مەسەلەکە بکات کە سەرۆك بارزانی سەرۆکی هەموو گەلی کوردستانەو، مایەی شانازیی هەمووانەو سوپەری بەرگریکردنە لە تەواوی مافەکانمان و ئەندازیاری ئەو هەموو پێشکەوتن و بوژانەوەیەیە کە لە کوردستاندا، لە هەموو بوارەکانی ڕۆژانەیی و ستراتیژییەکاندا دەیانبینین.


من لە باری خۆمەوە، بە پێی تاقیکردنەوەی نووسین و ڕۆژنامەنووسیم، بێ دوو دڵی، دەنگ بە جەنابی سەرۆك بارزانی و لیستی کوردستانی دەدەم. هۆی سەرەکی ئەوەیە کە پێموایە کوردستان تەنیا بە هەوڵ و کۆششی دڵسۆزانەی سەرکردەیەکی بەرچاو ڕوون و دڵسۆزو خەمخۆرو ژیرو دووربین و دڵفراوانی وەك جەنابی سەرۆك بارزانی توانای ڕاگرتن و گەشەپێدان و بەرەو پێشەوە بردن و دامەزراندنی کوردستانی هەیە. تەنیا لە سای یەکریزی و یەك خواستی و یەك هەڵوێستیی لیستی کوردستانیشدا، ئەو خاکەی دوژمنان چەندین سەدەیە بە خوێن دەیشێلن، توانای سەر لە نوێ هەڵسانەوەو بنیات نان و گەشەکردنی هەیە.

بۆیە، دەنگ بە جەنابی سەرۆك دەدەم و باوەڕم وایە، ئەم وڵات و خاکە شیرینەی لە سەختترین پانتایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، خەریکی تەکانی پێشکەوتن و هەڵسانەوەو ژیان دروست کردنە، تەنیا لە سای ئەو سەرکردە مەزن و شکۆدارەدا دەگاتە ئامانجە ڕەواکانی.

**ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، بە سەرکەوتنی لیستی کوردستانی و تازەبوونەوەی سەرۆکایەتی بۆ جەنابی سەرۆك بارزانی، وەڵامێکی گەورەی هەموو ئەو کەس و لایەن و دەوڵەتانەی دەوروپشت دەداتەوە کە دەیانەوێت ڕۆڵی کورد لە ناو عێراقدا لاواز بکەن**

**سەرۆک بارزانی سەرۆکی هەموو گەلی کوردستانەو، مایەی شانازیی هەمووانەو سوپەری بەرگریکردنە لە تەواوی مافەکانمان و ئەندازیاری ئەو هەموو پێشکەوتن و بوژانەوەیەیە کە لە کوردستاندا، لە هەموو بوارەکانی ڕۆژانەیی و ستراتیژییەکاندا دەیانبینین**

# نەتــ
# سەرۆک و



فوئـاد سدیق

گومانێك لەوەدا نییە،ئەو نەتەوانەی زیندوون سەرۆكی مەزن بەرهەمدەهێنن، بە واتایەكی دیكە سەرۆكە مەزنەكان بەرهەمی نەتــەوە مەزنەكانن،ئەوەتا ئەگەر گەلی ئەمریكا زیندوو نەبوایە دەیان ســەرۆكی وەك ریتشــارد نیكسۆن ی دەبوو،كەچی نیكســۆن كە (٣٧)مین سەرۆكی ئەمریكایە تا ئێستا كە باراك ئۆباما(٤٤)مینیانە،نیكسۆن لە مێژووی ئەمریــكادا نامۆو دەگمەنە،بە پێچەوانەوە جۆرج واشــنتۆن بەرهەمی گەلی ئەمریكایە كە ئەمریكای لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا رزگاركردو ســەربەخۆیی بۆ مســۆگەر كرد،بۆیە گەلی ئەمریكا نازناوی (پاڵەوانی ســەربەخۆیی) با باڵادا بڕی.ئەوانەی بەدوای ئەویشــدا هاتن هەر لە (جۆن ئادەمز و تۆماس جیڤرســۆن )ەوە تا ئۆباما، وەك وتم تەنها نیكسۆن ناچاركرا تەنها ســاڵونیوێك لە سەرۆكایەتی بمێنێتەوە، ئیتر دەست لە سەرۆكایەتی بكێشێتەوە. ئیبراهیم لنكولن كە (١٦) مین ســەرۆكی ئەمریكایە نازناوی (رزگاركەری كۆیلە) ی وەرگرت دیارە ســەرۆكەكانی تریش خاوەنی دەستكەوتی گەورەن،كە ناتوانین لێرە باسیان بكەین .

گەلــی هیندســتانیش خاوەنــی غانــدی و محمد علــی جناح و نەهــرۆو ...هتدییە. چونكــە گەلی هیند لە بنەڕەتــدا گەلێكی زیندوو بووە، هەریەك لەو ســەركردە مەزنانــەش نازناوێكیــان بــە بــاڵادا بڕاوە،ئەوەتا غاندی نازنــاوی (مەهاتما بە واتای رووحێكــی گەورە) و محمد جناح نازناوی (مەزنترین ســەركردە)یان پێشكەش كردوون. كە بێگومان نەتەوەی مەزن تەنها ســەركردەیەكی مەزنیان بەرهەمنەهێناوە،بەڵكو بــە درێژایی مێژوو خاوەنی چەندین سەركردەی مەزن و بێ هاوتان كە شانازی پێوە دەكەن. دیارە زۆر نەتەوەی تر هەن كە مێژوویان بە ئازادی و سەربەخۆیی رەنگرێژكردووەو ،خاوەنی ســەركردەی مەزنن،وەك نەتەوەی و فەرەنســی ئەڵمان و چیــن و رووس و ....هتد .لەخۆڕا نەبوو عومەر موختار نازناوی (شــێری بیابان)ی وەرگرت و چەرچل نازناوی sir (سوارچاك-شاســوار)ی بۆ دانرا، هەموو ئەوانەی ئــەو نازناوانەیان بۆ بە باڵادا بڕاوە،هەروا بە ســانایی نەهاتوونەتەدی،بۆنموونە كە (غاندی) نازناوی (روحێكی مەزن)ی وەرگرت،لە ئەنجامی ئەو خەباتە یاخیبووە مەدەنییە سەختەی كە بەرامبەر دەسەڵاتی ئینگلیز پەیڕەوی دەكرد،هاتە دی، بەتایبەت كاتێ بۆنەهێشتنی سیاسەتی دژ بە هیندییە فڕێدراوەكان(المنبوذین)بەرۆژوو بوو ،تا توانی بگاتە رێككەوتنی (بونا) كە ژمارەی نوێنەرانی ئەو هیندییە فڕێدراوانــەی زیاتركرد.دیارە پرســی نەخواردنی گۆشــت وپچڕانــی هەموو جۆرە پێوەندییەك لەگــەڵ ئینگلیزو ئەو مقاومەتــەی ئەو توانی بە هێمنی و بە رێگای یاخیبوونی مەدەنیانە (عصیــان المدنی) بیكات نازنــاوی ئەو رۆحە گەورەیەی پێ بەخشــرا كە ئێســتا گەورەترین سەرمایەیە بۆی.

گەلی كوردســتانیش خاوەنی نەتەوەی زیندووە، بۆیە خاوەنی چەندین ســەركردەی مەزنیشە،دیارترینیان تا ئێستا مســتەفا بارزانی بووە كە نازنــاوی (باوكی كورد)ی بۆ كــرا بە ملوانكەو بە گەردنــی بەرزییەوە كرا،دیارە قۆناخی ئەوكاتی مســتەفا بارزانی نەمر قۆناخێكی زۆر ســەخت بوو ،بۆیە نەك هەر تەنهــا باوكی كورد بەڵكو بۆ كوردەكان (هێرودوت ئاسا )بووە بە باوكی مێژووش .

ئەمڕۆش مەسعود بارزانی هەر لەخۆڕا نەبووەتە سەرۆكی كوردستان ،گەورەترین خاڵی وەرچەرخانی مەسعود بارزانی لەوەوە دەســتپێدەكات كە توانی كۆتایی بە شــەڕی ناوەخۆ بهێنێت،كۆتاییپێهێنانی شــەڕی ناوەخۆی كوردســتان،زۆر زۆر ســەختترو ئاستەنگ پتر بوو لە كۆتاییپێهاتنی شەڕی چیچان لەلایــەن ( فلادیمیر پوتین)ەوە،لە كاتێكدا ئێســتا كۆتاییپێهێنانی شــەڕی روســیاو چیچان بە یەك لە هەرە دەســتكەوتە گرنگەكانی (پوتین) دەژمێردرێ. راســتە لە شەڕی چیچان نزیكەی (٤٠٠٠٠)چل هەزار كەس كوژراوو بێسەروشــوێنكراو هەبوو ،زۆربەشــیان خەڵكی سڤیل بوون. ئەم شــەڕەی چیچان هاوكات بوو لەگەڵ شەڕی ناوخۆی كوردستان كە ساڵانی ١٩٩٤ تا ١٩٩٦ ی خایاند . گەورەیی مەســعود بارزانی لەوەدابوو،كوردستان وەكو روسیا نەك هەر دەوڵەتێكی گەورە نەبوو،بەڵكو نیشــتمانێكی ســووتماكی لكێنــراو بوو،بۆیە راگرتن و كۆتاییپێهێنانی شــەڕەكە زۆر گرنگ و مێژوویی بوو.

لەمــاوەی ئــەو چەنــد ســاڵەی سەرۆكایەتیكردنیشیدا،هەســتدەكەی بارزانی جەخت لەسەر چەند خاڵێكی زۆر گرنــگ دەكاتەوە،كە بەكورتی دەكرێ بڵێین:

١- یەكخســتنەوەی ئیــرادەی كوردو تــەواوی گەلی كوردستانە.

٢- پارێزەری راســتەقینەی هەمــوو ئەو نەتەوانەیە كە

# ـەوە و
# نـــازنـــاو

لە کوردستان دەژین(لێرە پەیڕەوی هەمان سیاسەتی غاندی دەکات کاتێ غانـدی بەرامبەر هیندە فرێدراوەکان داکۆکی کــردو لە پێناوی ئەواندا بــەرۆژوو بوو تا نوێنەری بۆیان زیاتر کرد.

٣- بەکارهێنانی سیاســەتی نەرم . مەســعود بارزانی لــە دوای راپەڕینــی بەهاری ١٩٩١ هەمیشــە هەوڵیداوە کوردستان ئارام و جێگیر بێت،رێککەوتنی پەنجا بە پەنجای دوای هەڵبژاردنی ١٩٩٢ راستی ئەمە دەسەلمێنێ، لەگەڵ رژێمــی بەغداش هەوڵی ئــەوەی دەدا جارێکی دیکە کورد رووبەرووی کۆچڕەوی ملیۆنی و ئاوارەیی نەبێتەوە، غاندی یــش لەم بارەیــەوە کاتێ سیاســەتی ناتوندوتیژی کردبووە بەرنامەی تێکۆشــانی،دەیگوت سیاســەتی ناتوندوتیژی مانای ترسنۆکی نییە،بەڵکو ئامرازێکە بۆ زیاتر دەرکەوتنی زوڵم و زۆری دوژمن بەرامبەر بە گەلی هیند.

٤- پەیڕەوکردنی یاسا و سەروەری یاسا .

٥- مســاوەمە نەکردن لەگــەڵ هەموو ئەو هێزو لایەن و دەوڵەتانەی دەیانەوێ کــورد خاوەنی ئیرادەو بڕیاری خۆی نەبێت.

٦- کوردســتان بە دیموکراســی بوونیــەوە جوانە،بۆیە دەبێت ئەو دیموکراســییە قووڵبکەینەوە بۆ هەر تاکێکی ئەم کوردستانە.

٧- رەتکردنــەوەی هەموو جۆرە تەوندوتیژییەك،بەتایبەت بەرامبەر ئافرەتان .

٨- کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە،دەبێت ئیتر سامانەکەی بۆ خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستان بێت .

٩- ئەو ئازادییــەی ئەمڕۆ وەدیهاتووە،بەرهەمی خوێنی شــەهیدان و تێکۆشــەرانی گەلەکەمــان بووە،بۆیە نابێت فەرامۆش بکرێن.

١٠- کوردستان یەك کوردستانە،رێگە نادەین جارێکی تر بیری پاوانخوازی،یا ناوچەگەریتی،کوردستانمان لێ بچووك بکەنەوە.

١١- نابێ ئیحتکارکردن هەبێت،دەبێت یاســا ســنوور بۆ هەموو کارێکی پاوانخوازی دابنێ.چونکە کەس لە سەرووی یاساوە نییە.

١٢- هەموو ئەو لیستانەی بۆ هەڵبژاردن لە کێبڕکێدان، ئەگــەر چی من وەك مافێکی کەســیی خۆم دەنگ دەدەم بە لیســتی کوردســتانی،بەڵام هەموو لیســتەکانی تریش بەبێ جیاوازی ســەیریان دەکەین و ئەنجامی هەڵبژاردنیش هەرچۆنێــك بێت،پیرۆزباییــان لێدەکــەم و،چونکە هەموو لیستەکان برای ئێمەن،رێزیشمان بۆیان هەیە.

١٣- گەڕانــەوەی کەرامــەت بــۆ هــەر تاکێکی ئەم کوردستانە

ئەمانەو چەندین خاڵی دیکە هەن کە ســەرۆك بارزانی لەماوەی ئەو چەند ســاڵەی سەرۆکایەتیکردنیدا،هەمیشــە جەختی لەســەرکردۆتەوە، تاکە سەرۆکێکیشــە کە بۆ کورد باشــترین پەناگە بووە، چونکە تەنها مەســعود بارزانییە، بەرامبەر بە ناحەزانی کورد،بە حکومەتی بەغدایشــەوە،پێ دادەگرێت و لە مافە سروشتییەکانی کورد دانابەزێ. بۆیە هەڵبژاردنەوەی مەسعود بارزانی بۆ سەرۆکی کوردستان،بەر لە هەموو شتێك:

١- گورزێکی گورچکبڕە لە ناحەزانی کورد.

٢- یەکگرتوویی گەلی کوردستان نیشاندەدات،کە خاوەنی یەك ئیرادەو یەك هێزو یەك سەرۆکی مەزنن.

٣- کوردستان دەکەوێتە دەست سەرۆکێکی ئەمین،پێویست بە هیچ نیگەرانییەك ناکات.

٤- ئــەم قۆناخــی ئینتیقالییە،ســەرۆکێکی دەوێ، یاخیبوونێکــی مەدەنی وەك ئــەوەی غاندی پەیڕەو بکات، ئەمەش لە مەسعود بارزانی دا کۆ بۆتەوە.

٥- تاکی کورد خاوەن عیزەت و کەرامەتی خۆی دەبێت.

ئــەوەی دەمینێتەوە،ئەوەیە،ئەو میکانیزمەی مەســعود بارزانــی پەیڕەوی لێدەکات چییــە و چۆنە، بە واتایەکی دی لەم چوار ســاڵە بۆ ئەوەی گەل نازناوێکی بە باڵادا بدووری، دەبێت چۆن غاندی چیرۆکی (شەکر و خوێ) بۆ نەتەوەی هیند دروستکردو و (قوماشی ئینگلیزو کەرستەی قژو ریش تاشین) ی قەدەخە کردوگۆشتی تەرك کردو ....

هتد ئاخۆ مەسعود بارزانی چ میکانیزمێك پەیڕەودەکات تا بەســەرهاتی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و سەروەری یاسا و نەهێشــتنی توندوتیژی و دەنگدان لەسەر دەستوورێك بۆ کوردوکوردستان و دەیان کاری دیکە چاوەڕوانی لێدەکەن بۆ جێبەجێکردن، بیانگێڕێتەوە.

ئەرکەکان قورســن،زۆر قورسن،بەڵام ســەرۆك مەسعود بارزانــی یش دڵێکی گــەورەی هەیە،دەتوانــی مێژووی نەتەوەکەی ..گەلەکەی بنووســێتەوە،بۆیە پێویستە بە یەك ئیــرادەوە بێ جیــاوازی بڵێین دەنگ دەدەین بە مەســعود

## دەنگدانی گەل هەموو شتێکە، بەبێ دەن



# کارتی دەنگدانی ٢٥ی تەم

# هەڵبژاردنی بارزانی بۆ س

# ــــــگی گەل هیچ شتێک سەرکەوتوو نابێت



# ــــوز و ئیرادەی گەلی کوردستان
# ــــەرۆک و، وڵات بۆ دەوڵەتی یاسا

# ئیرادەی خێر بۆ خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان ئەو مەرجەیە کە هەرگیز ناتوانین دەستبەرداری بین

***ئەمانۆئێل کانت***

❊❊❊

یەکێك لە گوتە بەناوبانگەکانی لینکۆڵن سەبارەت بە ئاکار و شکۆی سەرۆك ئەوەیە کە دەڵێت: ((ئاکار درەختە، شکۆ سێبەرەکەیەتی، ئێمە بیر لەسێبەرەکە دەکەینەوە، بەڵام درەختەکە راستەقینەیە))، ئەمە بەو مانایەیە، کاتێك تەفسیر یان شیکاری شکۆی سەرۆکێك، یان پێویستی ئەو سەرۆکە لە قۆناخێکی دیاریکراودا دەکەین، ئێمە شرۆڤە یان باسی سێبەرەکەی دەکەین، شکۆی سەرۆك یان خۆشەویستی سەرۆك لای گەلەکەی سێبەری ئەو درەختەیە کە لە ناخی نەتەوەکەیدا رەگیداکوتاوە و لق و پۆپەکانی هێندە چڕن سێبەری بەسەر هەمووماندا پەخشکردۆتەوە،پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئێمە پێویستمان بە سێبەری ئەو درەختەیە، بۆ ئەوەی لە سێبەری ئەودا بە ئاسوودەیی و کامەرانی بژین؟ یان پێویستیشمان بەوەیە بزانین هەقیقەتی ئەو درەختە( کە توخمی راستەقینەیە) چۆن لە ناخماندا رەگیداکوتاوە و چۆن ئاکارەکانی بوونە ئەو لق و پۆپانەی سێبەری بەسەر هەموو ژیانی رۆژانەماندا پەخشکردۆتەوە؟ وەڵامی ئەم دوو پرسیارە هەردووکیان گرنگن، لەبەر ئەوەی هەتا ئەو رۆژەی دەچینە سەرسندوقی دەنگدان،دەبێت بیرکردنەوەمان بۆ وەڵامی،توخمی راستەقینە بێت، کە درەختەکەیە، لێرەشدا مەبەستمان ئاکار و ئیرادەیەی سەرۆك بارزانیە،کە لق و پۆپەکانی بۆتە ئەو چەترە گەورەیەی هەموومانی پێکەوە کۆکردۆتەوە، بۆئەوەیە شەرعیەت بەو چەترە بدەین، بۆ ئەوەی ببێتە ئیرادەیەکی خێر بۆ ئەوەی پابەندبوونێکی ئەخلاقی لە ناخی هەر یەکێکماندا دروست بکات، ببێتە ئەو مەرجە گرنگەی وەك کانت دەڵیت( ئیرادەی خێر بۆ خۆشگوزرانی هاوڵاتیان، ئەو مەرجەیە کە هەرگیز ناتوانین دەستبەرداری بین) لەمەش زیارتر هەر سەبارەت بە گرنگی ئیرادەی خێر دەڵێت:( لە نێو هەموو ئەو شتانەی لەم جیهانە و، لەدەرەوەی ئەم جیهانەمەزندەی دەکەین،ناتوانین هیچ شتێك بە بێ سنوردان بە خێر پێناسە بکەین، تەنها ئیرادەی خێر نەبێت)).

پرسیار لێرە ئەوەیە ئایا ئیرادەی خێر چ مانایەکی هەیە، وا بەرەهایی باسدەکرێت و هیچ سنوورێکی بۆ دانانرێت؟

لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا دەڵێین ئیرادەی خێر ئەو ئیرادەیەیە، کە تایبەتمەندی مرۆڤ بە شێوەیەکی خۆرسك ئومێدی بۆ دەخوازێت و هەوڵدەدات بیگاتێ، ئەمەش لە پێناوی:

١- بوونی ئیرادەی خێر هۆکاریکە بۆ ئەوەی تاك هەستبکات، بێ بەخت نییە، بێ هێز نییە،کەرامەتی پارێزراوە، هەستدەکات بە ئاسوودەیی دەژی، ئەمەش واتە لایەنێکی ئیرادەی خێر مانای ئاسوودەییە.

٢- تاك کە ئاسوودە بوو شانازی بە خۆیەوە دەکات..ئەم شانازی بە خۆکردنەوەی دەبێتە هۆکاریك بۆ خۆشویستنی خاکەکەی و دروستبوونەوەی هەستی ئینتمای نیشتمانی.

٣- هەستی نیشتمانی و پاپەندبوون بە خاکەوە، دەبێتە هۆکاری ئەوەی ویژدانی تاکەکان بەرەو ئاراستەی ئامانج و بەرژەوەندی گشتی هەنگاو هەڵبگرێت، ئەمەش دەبێتە پرانسیپێك بۆ رەفتار یان سلوکی گشتی.

٤- بەرژەوەندی گشتی ئاراستەمان دەکات بەرەو ئەقلانیەت و دوورکەوتنەوە لەو ئایدۆلۆژیەتە حزبیانەی کە بەرژەوەندی حزبی یان گروپێك دەخاتە سەروو بەرژەوەندی گشتی نیشتمانیەوە، ئەمە وادەکات تاك شاهیدێکی بێ لایەنی رووداوەکان نەبێت، وادەکات،لایەنگیری بەرژەوەندی گشتی بێت و کاتێك ئەم بەرژەوەندیانە لەلایەن هێزێکی دەرەکیەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر وەك پابەندبوونێکی ئەخلاقی کاردانەوە یان ئامادەباشی تێدابێت خۆی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو دەستدرێژیە ئامادە بکات، لەئاستی ئەو رەفتارانەی هەندێك لایەن و گرووپ بە ناوی ئایدۆلۆژیەتی جیاواز، یان بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی دەستدرێژی دەکەنە سەر بەرژەوەندی گشتی، تاك وەك پابەندبوونێکی ئەخلاقی و لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندی گشتیدا، دەستبەرداری هەڵوێستی بێ لایەنی دەبێت،قبوڵناکات بەرژەوەندی حزبی و گرووپ و تاکەکەس بخرێتە سەروو بەرژەوەندی گشتیەوە.

٥- ئەم لایەنداریەی تاك بۆ بەرژەوەندی گشتی، دەبێتە زەمینەیەکی گرنگ بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت بە ئازادی بیربکاتەوە،هەوڵدات لە کاتی بیرکردنەوەیەدا ئازادی بدۆزێتەوە.

٦- مرۆڤ کاتێك ئازادی دۆزییەوە هەوڵدەدات بەهەرنرخێك بێت بە هاکانی ئازادی بپارێزێت،وەك مسعود بارزانی فێری کردووین ( دەبێت لە پێناوی بەدەستهێنانی ئازادی و بەردەوامبوونی ئەو ئازادیە و پاراستنی ئەو ئازادیە، هەموو کات خەبات بکەین، هەتا ئەگەر سوور بزانین لە ئاکامی ئەو خەباتە چانسی سەرکەوتن زۆر کەمە)

٧- بۆ ئەوەی بتوانین ماناکانی ئازادی بپارێزرێت، دەبێت هاوڵاتیان جیاوازی لە نێوان زمانی ئاخاوتنی سەرۆکی دیموکراتیخواز و سەرۆکی دیکتاتۆردا بکات، هەر بۆ نموونە:

أ- جوانترین سیمای سەرۆکی دیموکراتیخواز ئەو سەرۆکەیە کە بەسادەیی دەدوێت، هەوڵدەدات بە ئاسانی بەرامبەر لە مەبەستەکانی تێبگات، بەڵام سەرۆکی دیکتاتۆر هەوڵدەدات فەنتازیا لە گوتارەکانیدا بە کاربهێنێت و بە سیحری گوتارەکانی بەرامبەر ئیقناع بکات.


ب- سیمایەکی دیکەی گرنگی سەرۆکی دیموکراتیخواز ئەوەیە هەرگیز ئامانجی ئەوە نییە بەرامبەر ئیقناع بکات، بەڵکو هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە ئەقڵی بەرامبەر ئازاد بکات و لەگەڵ سەرۆکدا بیر بکەنەوە،بۆ ئەوەی لەسەر مەسەلە گرنگەکانی نەتەوە رێکبکەون، بۆ ئەوەی بیرورای جیاواز هەبێت و رەخنە لەو بەرنامە دارێژراوانە بگرن، کە سەرۆکی دیکتاتۆر دەیەوێت گەل بێ موناقەشە جێبەجێیان بکات.

ت- باوەڕی سەرۆکی دیموکراتخواز بە جیاوازی بیروبۆچوونەکان، دەبێتە هەنگاوێك یان رەخساندی زەمینەیەك بۆ دروستبوونی بیری ئازاد و رێزگرتن لە بیروباوەرە جیاوازەکان، جۆن لۆك لە کتێبی

**مسعود بارزانی فێری کردووین (دەبێت لە پێناوی بەدەستهێنانی ئازادی و بەردەوامبوونی ئەو ئازادیە و پاراستنی ئەو ئازادیە، هەموو کات خەبات بکەین، هەتا ئەگەر سوور بزانین لە ئاکامی ئەو خەباتە چانسی سەرکەوتن زۆر کەمە)**

**سەرۆکی دیموکراتیخواز ئامانجی ئەوە نییە بەرامبەر ئیقناع بکات، بەڵکو هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە ئەقڵی بەرامبەر ئازاد بکات و لەگەڵ سەرۆکدا بیر بکەنەوە،بۆ ئەوەی لەسەر مەسەلە گرنگەکانی نەتەوە رێکبکەون**

**لێبوردەیی یەکێکە لە ئاکارە بەرزەکانی سەرۆک بارزانی**



(نامەیەك لەسەر لێبوردەیی )ئاماژە بەوە دەكات، ڕێزگرتنی بیروباوەڕی جیاوازی ئایینی لەبەرەنجامی شەڕە ئایینیەكان لە دایكبووە، واتە ئاكامی كارەسات ناچاری كردوون فێری لێبوردەیی و ڕێزگرتن لە كەرامەتی تاك و بیروباوەڕە جیاوازەكان بگرن.

بەڵام لێبوردەیی یەكێكە لە ئاكارە بەرزەكانی سەرۆك بارزانی، لەم بوارەدا دەبێت راستگۆ بین، درەختی ئاكاری سەرۆك بارزانی بە ئاوی رووباری خوێنی باوكانی دامەزرینەری شۆرشی رزگاری خوازی كوردستان ئاو دراوە، ئەو درەختیەیە بەری نالێبوردەی ناگرێت.

ث- بڕوابوون بە لێبوردەیی،یان بوونی لێبوردەیی بە سلوكی كۆمەڵگە، دەبێتە زەمینە رەخساندنی ئاكارێكی دیكەی بەرزتر، ئەویش خولڵقاندی ئاكاری سادەیی و تەوازعە لە كەسایەتی و شكۆی سەرۆك، واتە لەو سێبەرەی ئێمە لە سایەیدا بە ئاسوودەیی دەژین، ئەم ئاكارە كۆمەڵگە دەگەیەنێتە ئەو ئاستەی رێز لە بیروبۆچوونی سیاسی جیاواز، دیاردەی فرەلایەنی بگرێت و، كۆتایهێنان بە سیاسەتی تاكحزبی و تاك لایەنی بهێنرێت.

ج- كۆتایهێنان بە سیاسەتی تاكحزبی و خۆسەپێن، كێشەی وەرگرتنی دەسەڵات و لێوەرگرتنەوەی دەسەڵات، دەگێرێتەوە بۆ گەل، گەل لە رێگەی سندوقی دەنگدانەوە یەكلایی دەكاتەوە نەك شەرو خوێن رشتن،ئەم حاڵەتە كە بارزانی هەموو هەوڵەكانی لەو پێناوەدایە بەوجۆرە دەسەڵات یەكلاییكرێتەوە، گەورەترین كێشە كە رووبەرووی ئازادی سیاسیی دەبێتەوە، چارەسەر دەكات.

ح- بۆئەوەی یەكلایكردنەوەی دەسەڵات بەرێگەی سندوقی دەنگدان، زۆرینەی خۆسەپێن و دیكتاتۆر و كەمینەی چەوساوە بەرهەم نەهێنێت، ئەوە دەبێت ئیرادەیەكی خێر هەبێت، هاوسەنگی بپارێزێت،ئەم هاوسەنگیە بكاتە سلوكی

لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی كوردستاندا، ئێمە خاوەنی كۆمەڵێک سەرۆكی مەزنین، بەڵام هەریەكەیان مۆرك و تایبەتمەندی سەردەمی خۆی پێوەیە

کۆمەڵگە .
خ- بۆئەوەی ئەم سـلوکە بە بەردەوامی وەك سـلوکی کۆمەڵگە بمێنێتەوە و ئەو هێـزە بێت ئیـرادەی شـەڕ هەموو کات سنووردار بکات، ئەوا زەمینەی سیستمی دامەزراوەیی دێتە ئاراوەو، هەوڵدەدرێت ئەو هاوسەنگیە بە دامەزراوە بپارێزێت و، ئەرك و ماف هاوسەنگ بکرێت.
د- بۆ ئەوەی لە ناو سیستەمی دامەزراوەییدا بیرۆکراسیەت زیاد لە پێویست و رۆتین و گەندەڵی دروست نەبێت، ئەوادەبێت هەموو ئەمانەی باسـمانکرد ببنە ئەو سلوکەی کۆ مە ڵگـە
سەروەریی

یاسـا قبوڵ بکەیـن و دەوڵەتـی قانون دروستبکەین،سـەرۆك لـە ژێر چەتری سەروەریی یاسادا، چاودێری دەسەڵاتەکان و پیادەکردنی سەروەری یاسا بکات.
٨- هەمـوو ئەو خاڵانەی باسـمان کردن پێکەوە ئەو سـلوکەی کۆمەڵگە کە رێز لە بەهاکانی ئازادی دەگرێت، ئەم سلوکە کـە بەرهەمـی سـێبەری درەختەکەیە، کەبەرهەمی شـکۆی سـەرۆکە و ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین و بیری لێدەکەینەوە،ئەو شـکۆیە چۆن بەرهەمهاتووە، ئەو درەختە بـۆ هێندە لق وپۆپەکانـی چڕ

و سەوزن، ئەوا پێویستی بـەوە هەیە سلوکێکی دیکە لە کۆمەڵگە دروست بێت، کە هەموومان وەك بەرپرسیاریەتێکی ئەم قۆناخە ئاوی ئەو دارە بدەین کە هەردەم لق وپۆپەکانی گەش و، رەگەکانی زیاتر لە ناخی نەتـەوەدا رەگ دابکوتێت،ئەو ئاودانەی کـە دەبێتە بەرپرسـیاریەتی ئـەم قۆناخەی ئەرکـی هەرتاکێك ئەو دەنگانەیـە کـە رۆژی ٢٥ی تەموز دەیخەینـە ناو سـندووقی

**درەختی ئاکاری سەرۆک بارزانی بە ئاوی رووباری خوێنی باوکانی دامەزرێنەری شۆڕشی رزگاری خوازی کوردستان ئاو دراوە**




دەنگدانـــەوە، لنکۆلــن گووتەنی ( نابێت لە بەرپرسیاریەتی ئەمرۆ هەڵبێن،چونکە ناتوانین لە بەرپرسیاریەتی ئایندە هەڵبێین) ئەم گووتەیە مانایەکی گەلێك فراوان لە خۆ دەگرێت،لێرەدا بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکەین:

* هەر نەوەیەك بەرپرسیاریەتی ئەو قۆناخەی لەسەر شانە کە تیایدا دەژی،جێبەجێکردنی بەرپرســـیاریەتی ئەم قۆناخە لەلایـــەن هەر تاکێکەوە، بەرپرســـیاریەتی ئایندە دەخاتە سەرشانی نەوەکانی ئایندە، بەڵام هەڵاتن لەم بەرپرسیاریەتیە، لەبەردەم بەرپرسیاریەتی ئاییندە تاوانیار دەبێت.

* ئەرکی نەوەکانـــی ئەم قۆناخە بە تاك و ســـەرۆکەوە، رێکخســـتنی ئـــازادی و پەرەپێدانی دیموکراسی و بونیادی دەوڵەتی قانوونـــە، بـــەڵام ئەرکـــی نەوەی داهاتوو،پەرەپێـــدان و پێشخســـتنی ئـــەم دەســـتکەوتانەیە کـــە نەوەی ئێســـتا بە ئەمانەت تەســـلیمی نەوەی دوای خۆی دەکات، بۆیـــە زۆر گرنگە،هەر نەوەیەك ئەرکی سەرشـــانی خۆی جێبەجی بکات و ئەرکی ئەم قۆناخە بۆ نەوەکانی ئاییندە بەجێنەهێڵێت.

* بـــۆ ئەم قۆناخەی



**مسعود بارزانی ئەو ئیرادە خێرەیە کە دەیەوێت ئەقلیەتی شەڕ، یەکتری قبوڵنەکردن، توندوتیژی ئایینی و مەزهەبی لە سەرئاستی ناوخۆ و هەرێمی بگۆڕێت بۆ بیرکردنەوەی ئاشتیانە و یەکتری قبوڵکردن و لێبوردەیی ئایینی**

**گرنگی مسعود بارزانی تەنها لەبەر ئەوە نیە کە ئێستا سەرۆکەو، بۆ سەرۆکی ئاییندەش هەڵیدەبژێرینەوە، بەڵکو مسعود بارزانی نموونەی وەرچەرخانێکی دیارە لە بیری نەتەوەیی کورد وەک نەتەوە**

ئیستامان،کە ئامانجەکانمان ڕەنگدانەوەی سـێبەری درەختی شـکۆی سـەرۆك بارزانیە، سـەرۆك ئامادەباشـی ئەوەی هەیە ئەوئەرکە قورسـە بخاتە سەرشانی، ئـەوا بەرپرسـیاریەتی ئێمـە وەك تاك هاریکاریکردنی سەرۆك و بەشەرعیکردنی ئەو دەسەڵاتەیە کە بۆ ئەرکی ئەم قۆناخە پێوستمان پێەتی.

## مسعود بارزانی
## بۆ دەنگدەرانی کوردستان چ مانایەک دەگەیەنێت؟


پێشـتر ئاماژەمـان بەوەکرد،کەیەکێـك لە سـیماو تایبەتمەندیەکانی سـەرۆکی دیموکراتیخواز ئەوەیە، هەوڵنادات لەبری گەلەکـەی بیربکاتەوە، یـان هەوڵبدات هەموو گەل ونەتەوەکانی وڵاتەکەی وەك ئەو بیربکەنەوە، بەڵکو هەوڵی سـەرۆکی مـەزن بۆ ئەوەیە هاوڵاتیـان بیربکەنەوە، هاریکاری سـەرۆك بن بۆ ئـەو ئەرکە گرنگانـەی کە پێویسـتە لـەم قۆناخە هەسـتیارە جێبەجی بکرێـن، هاوکاری سەرۆك بن بۆ ئەوەی چارەسەری گونجاو باشترین چارەسەر بۆ کێشەکانی کۆمەڵگە بدۆزنـەوە، بێگومان ئـەرك و بەرنامەی سـەرۆك بارزانیـش کۆمەڵێـك ئەرکی سەرەکی دیاریکراوە و بەرنامەیەکی سادە بەڵام گەورەیە، بەرنامەی سەرۆك رایەڵی پێکەوەبەستنەوە یان بەرزکردنەوەی خواست و ئاواتی دەنگدەرە لەسـەر ئاستی تاکەوە بۆ سەرئاستی نیشتمانی،بەڵام راستیەکی گرنگ هەیە کە نابێت لەم پرسـە گرنگە نادیدەی بگریـن، ئەویش ئەوەیە دەنگدەر لە بەرژەوەندی خۆیەوە لەسـەر سندوقی دەنگدان بریار دەدات و بەپێی بیرکردنەوەی ئازادی خـۆی مانای ئاسـوودەیی بۆ ژیانـی خۆی دەبێنیت، لـە پێناوی ئەو ئاسوودەیەشدا بریاری خۆی دەدات.

پاپەندبوونی تاك لەسەر سندوقی دەنگدان پابەندبوونێکی یاسایی نییە، لەبەر ئەوەی یاسایەك نیە فەرزی بکات چۆن و بەکێ دەنگدەدیت؟ ئەوەی هەیـە پابەندبوونی ئەخلاقی تاکە بە ویژدانی خۆی کە بریاری پێدەدات، ئەم پابەندبوونـە ئەخلاقیە،ئەو پرسیارە لە ناخی هەر تاکێکی کوردستانی پێش ئەوی بچێتە سەر سندوقی دەنگدان دەوروژێنیـت، ئایا سـەرۆکەکەم بۆ من چ مانایەکی هەیە؟ تاکی کوردسـتانی دەپرسـێت ئایا سەرۆك بارزانی بۆ ژیانی من بۆ ئاسـوودەیی و خۆشگوزەرانی من چ مانایەکی هەیە؟ ئایا ویژدانم ئاسوودە دەبێت دەنگی پێبـدەم، یان ویژدانم ئازارم دەدات ئەگـەر دەنگی پێنـەدەم؟ ئەوەی وەڵامـی ئەم پرسـیارە لـە ناخی هەر تاکێکـدا دەداتەوە،قەناعەتـی تاکـە بۆ ئاکاری بارزانی، بۆ ئەو سێبەرەی شکۆی بارزانی لە سەرسـندوقی دەنگدان لەسەر تاك دروسـتیکردووە، گەڕانە بۆ وەڵامی ئەو پرسـیارەی بەردەوام مسعود بارزانی لـە جیهانـی دەکات : کام ڕێگە بگرین بۆئەوەی کەرامەتی تاکی کوردستانی وەك گەلێکی زیندوو بگاتە ئاستی کەرامەتی تاکێکی ئازاد هاوشـانی گـەل و نەتەوە ئازادەکانی جیهان؟ئەم پرسیارە رووبەرووی بیرکردنەوەی بەرزی بارزانیمان دەکاتەوە، بیرکردنەوەیەك کە هێشتا نەتونراوە هەموو ڕێگاکانی بە تەواوەتی ئاشـکرا بکرێت و بەتەواوەتی هەموو نهێنیەکانی بدۆزرێتەوە، رووبـەرووی کانییەکمـان دەکاتـەوە کە دەزانیـن گەوهەرێکی بەنرخ لەو کانییەدا هەیە بەڵام هێشـتە میکانیزمی پێویست لەبەر دەست نییە بۆ ئەوەی ئەو گەوهەرە دەربهێنین،کێشـەیەکە هەتا ئێسـتا ڕێگە چارەی گونجـاوی بـۆ نەدۆزراوەتەوە، توێژینەوەیەکـە هێشـتا نەمانتوانیـوە سەرەداوەکانی ئاشکرا بکەین،بەڵام وێرای سادەیی رووکاری ئەم پرسیارە و گەورەیی لـە ناوەڕۆکدا، بـەڵام هەسـت ناکەین گوتاری سەرۆك رەشبینی پێوە دیار بێت، بەڵکو لەناو ئاڵۆزی و جەنجاڵی سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئاڵۆزی سیاسـەتی ئیقلیمی و دەبینیـن رۆژ لـە دوای رۆژ ئومێدی زیاتر لـە گوتارەکانی سـەرۆك بارزانی رەنگدەداتەو هەڵکشانی گوتاری بارزانی چەند گەشە بکات هێشتا لە لوتکە نزیك نەبووینەتـەوە، پرسـیار ئەوەیە گوتاری بارزانی بۆ ناگاتـە لوتکە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە جارێکی دیکە راستەو خۆ دەبێتەوە وەڵام بۆ ئەو پرسـیارەی هـەر تاکێك لە خۆی دەکات و دەپرسێت مسعود بارزانی بۆ من وەك تاك چ مانایەك دەگەیەنێت؟ مێـژووی درەختی بارزانی و سـێبەری شـکۆی ئاکاری بارزانی پێمان دەڵێت:( مسـعود بارزانی پێشمەرگەیە،لەسـەر دەستی باوکانی پێشمەرگە دەست بەدەست، ئەمانەتی باوکانی دامەزرێنەری شۆرشی وەرگرتووە،کەواتە ئەمەیـە پێمان دەڵێت، گرنگی مسعود بارزانی تەنها لەبەر ئەوە نیە کە ئێسـتا سـەرۆکەو، بۆ سەرۆکی ئاییندەش هەڵیدەبژێرینەوە، بەڵکو مسعود بارزانی نموونـەی وەرچەرخانێکی دیارە لە بیـری نەتەوەیی کـورد وەك نەتەوە، وەرچەرخان لەبیـری یەکتریی قبوڵکردن و لێبوردەیـی لـە نێـوان نەتەوەکانـی کوردسـتاندا، وەك گەلـی کوردسـتان، زیـاد لەمەش مسـعود بارزانی واتە ئەو کەسـەی هەوڵدەدات دیـاردەی یەکتری قبوڵکـردن ولێبوردەیی ببێتـە بناخە بۆ چارەسەری کێشەکانی سەرتاسەری عێراق و کێشـەکانی کوردسـتان لەگەڵ عێراق و وڵاتانی دەوروبـەر و هەروەها هاندانی دەوڵەتانی دەوروبەری کوردسـتانیش بۆ چارەسـەر کردنی کێشەکانیان بە ڕێگەی لێبوردەیـی و یەکتری قبوڵکردن، ئەمەش مانایەکـی دیکـە بە مسـعود بارزانی دەبەخشـێت، واتە مسـعود بارزانی ئەو ئیرادە خێرەیە کە دەیەوێت ئەقلیەتی شەڕ، یەکتری قبوڵنەکردن،توندوتیژی ئایینی و مەزهەبی لە سەرئاستی ناوخۆ و هەرێمی بگۆڕێت بـۆ بیرکردنەوەی ئاشـتیانە و یەکتری قبوڵکردن و لێبوردەیی ئایینی)، پرسیاری دیکە کە لەم وەڵامەدا دەورووژێت ئەوەیـە ئایا تاك مافی خۆی نییە خۆی بپرسـێت ئایا ئەم ئامانجە گشـتیە، ئەم ئامانجە هەمەلایەن و گشـتگیرە بۆ من وەك تاك، بۆ ئاسوودەی و خۆ شگوزرانی من چ سوودێکی هەیە؟ ئایا تاك مافی خـۆی نییە لە خۆی بپرسـێت، ئایا من باجی ئەم ئامانجە گشـتییەی مسـعود بارزانی بۆ بدەم؟ گەڕان بە دوای وەڵامی ئەم پرسـیارە قورسە، لێرەوە دەستپێدەکات، لێرەوە رووکاری بەرنامە سادەکەی سەرۆك بارزانی، دەرگایەکمان بە روودا دەکاتەوە، کە هێشتا سەدان پرسیاری دیکە بێ وەڵام ماونەتەوە، وەڵامی هەموو پرسیارەکانیش لـە ناو ئـەو چیایە خۆی حەشـار داوە کە بیری بـەرزی بارزانیە، لەو کانەدایە کە هێشـتا میکانیزمی پێویستمان نییە گەوهەرەکـەی دەربهێنین، لە لق و پۆپی

ئەو درەختەدایە کە پێکەوە ئێمە لە سێبەرەکەی شکۆی بارزانی تیا دەبینین.

ئەمەیە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی بزانین درەختی کەسێتی بارزانی بەچ رووباری خوێن ئاو دراوە و ئەو هەموو لق و پۆپە،چۆن هەریەکەیان وەك ئاکارێك لە رەگی ئەو درەختەی رەگی لە ناو ناخی هەر تاکێکی گەل و نەتەوەدا داکوتیەوە، گەشەی کردووە، لێرەوە دەبێت بپرسین ئایا ئەوە چ هێزێکە، ئەو درەختەی هێندە بە هێزکردووە هیچ رەشەبابەیەك نایجوڵێنی، ئەوە چ درەختێکە گەڵاکانی ناوەرێت و لە پایزدا شەر لەگەڵ خەزان دەکات و لەبەهاردا لەگەڵ گوڵالە سورەی خوێنی شەهیدان دەست لە ملان دەکات.ئەمەیە هەر گەڵایەکی ئەو درەختە خواستی تاکێکی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە و هەر لقێکی خواستی گروپ یان چینێکی لە خۆی گرتووە، ئەمە ئەو درەختەیە کە بە خوێنی هەموو شەهیدان ئاودراوە، بۆیە دەبێت سێبەرەکەشی گیانی هەموو شەهیدان ئاسوودە بکات، هەروەك لە چەند رۆژی رابردوو، مەدالیای سەرۆکایەتی هەرێمی بە سەرجەم پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان بەخشی و مەدالیای پێشمەرگە دێرینەکانی وەك رێزلێنانی شەرەفی پێشمەرگە، لەلایەن پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانەوە بە سنگیەوە کرا.

بەڵام هێشتا، وێرای هەموو ئەمانە، ناتوانین بڵێین هەموو ئەمانە بە تەواوەتی وەڵامی ئەو پرسیارەی تاك بداتەوە، ئایا مسعود بارزانی بۆ من وەك تاك چ مانایەك دەگەیەنێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە نەگۆڕ نییە، لەبەر ئەوەی گوتاری سیاسیی مسعود بارزانی، گوتارێك نییە مسعود بارزانی





**نابێت لە بەرپرسیاریەتی ئەمرۆ هەڵبێن، چونکە ناتوانین لە بەرپرسیاریەتی ئایندە هەڵبێین**

**بارزانی لە میانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بە تەنها وشەیەکیش بانگێشەی هەڵبژاردنی بۆ خۆی نەکردووە، ئەمەیە نهێنی مسعود بارزانی کە دەنگدەر نازانێت چۆن لە ناو شکۆی بارزانی خۆی دەبینێتەوە، تاک کەسێتی خۆی لە ژێر سێبەری شکۆی بارزانیدا دەبینێتەوە**

وەك گوتارێك بۆ بانگێشەو پروپاگەندەی هەڵبژاردن ئامادەی کردبێت،ئامانج لێی ئەوە بێت هەڵبژاردنی پێ بەرێتەوە، بە پێچەوانەوە، وەك شەخسی مسعود بارزانی لە میانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بە تەنها وشەیەکیش بانگێشەی هەڵبژاردنی بۆ خۆی نەکردووە، پرسیاری قورس لێرەدا ئەوەیە چۆن سەرۆکێك بەرنامەیەکی بانگێشەی هەڵبژاردنی نەبێت، دەنگدەر لە سەر سندوقی دەنگدان مانای سەرۆکەکەی بۆ خۆی وەك تاك، بۆ ویژدانی وەك بریاری راست دەدۆزێتەوە؟ئەمەیە نهێنی مسعود بارزانی کە دەنگدەر نازانێت چۆن لە ناو شکۆی بارزانی خۆی دەبینێتەوە، ئەمەیە هەستدەکات دەنگ بۆ سەرۆکایەتی خۆی دەدات نەك کەسێك کە خۆی پاڵاوتبێت وەك کاندیدیك بۆ سەرۆکایەتی، ئەمەیە نهێنی مسعود بارزانی کە تاك کەسێتی خۆی لە ژێر سێبەری شکۆی بارزانیدا دەبینێتەوە، ئەمەیە نهێنی مسعود بارزانی کە تاك هەست دەکات، گوتارە سیاسیەکەی هەڵقوڵاوی ناخی خۆیەتی،هەست دەکات لەو خیتابەدا، هیچ لوتکەیەك نابینێت کەسێتی تاکی خۆی لە گەڵیدا هاوتابێت، هەست دەکات گەشە وبەرزراگرتنی کەسێتی خۆی وەك تاك، ناسنامەی وەك نەتەوەو گەلی کوردستان هەرگیز ناگاتە کۆتایی، هەست دەکات هێندە هەست بە شانازیکردن بە خۆی وەك تاك لە ناخیدا دروستکردووە، هەرگیز کۆتایی نایەت، ئەمەیە هەست دەکات ئەو شکۆ و رێزەی تاکی کورد و کوردستانی لە خیتابی بارزانیدا رەنگیداوەتەوە، هەموو دوژمنانی نەتەوەو گەلی کوردستانی هێناوەتە سەرچۆك، لەبەر ئەوەی خیتابی مسعود بارزانی بۆتە رەنگدانەوەی ئەو شکۆیەی کە لە ژێر سێبەری ئاکاری بارزانیدا،کەوتۆتە جووڵەیەکی ئەوتۆ هەموو تواناکانی تاکی کوردستانی بە ئاستێك ئەکتیڤ کردووە، هیچ چار نییە دەبێت دەوڵەتی سەربەخۆ لە ئامێزی بگرێت.بەڵام دیسان ئەم گەشەکردنەش هاوسەنگی خۆی لە دەست نەداوە، هەنگاوەکان رێکوپێك بە هێواشی هەڵدەگیرین، بەڵام لەو کاتەوەی مسعود بارزانی شانی خۆی داوەتە بەر ئەم ئەرکە قورسە، هەموو هەوڵی بۆ ئەوە ئەم گەشەکردنە بەردەوام بێت، ئەوەی جێگەی شانازی هەرتاکێکی کوردستانە و هەموومان مانی مسعود بارزانی تیا دەۆزینەوە، ئەوەیە هەنگاوەکان هەر بۆ پێشەوەن و نەگەراوینەتەوە بۆ دوا، ئەمەش ئەو رایەڵە گرنگەی مانای گوتاری بارزانیە، کە خواستی تاك لەسەر ئاستی تاك بەرزدەکاتەوە بۆ سەر ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی، بەڵام کەرامەتی تاك هاوکات لەگەڵ ئەم بەرزکردنەوەیە زیاتر دەردەکەوێت و زیاتر شانازی بە خۆیەوە دەکات،زیاتر لە ئامانجی کۆتایی نزیکدەبینەوە، کە ئەویش سەروەریی یاسا و دامەزراندنی دەوڵەتی قانوونە.

## زەروورەتی مسعود بارزانی بۆ ئەم قۆناخە هەستیارە مێژووییەی پیایدا تێپەڕین

قۆناخە هەستیارەکانی مێژوویی گەلان و نەتەوەکانی جیهان، قۆناخی هەستیار و چارەنووسسازن، هەر بۆیە قۆناخی هەستیاری هەر نەتەوەیەك بە ناسنامەی سەرۆکێکی بە هێز دەناسرێتەوە،لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستاندا، ئێمە خاوەنی کۆمەڵێك سەرۆکی مەزنین، بەڵام هەریەکەیان مۆرك و تایبەتمەندی سەردەمی خۆی پێوەیە، هەریەکەیان بە کۆمەڵێك جیاوازی قۆناخەکەی خۆی دەناسرێتەوە، تێگەیشتن لە قۆناخە مێژووییەکە، دەبێتە تێگەیشتن لە ناسنامەی قۆناخەکە و پێویستی قۆناخەکە بە سەرۆکێکی شایستە بۆ ئەوەی ئەو قۆناخە تێپەرێنرێت و زەروورەتی ئەو قۆناخە بکاتە ئەرکی سەرشانی، هەربۆ نموونە، ئەگەر زەرورەتی قۆناخی کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانی فەرزی نەکردایە کورد لەو قۆناخە پێویستی بەوە هەیە بیر لە ئایندەی خۆی بکاتەوە و چیدیکە زوڵم و زۆرداری قبوڵ نەکات، ئەوا شێخ عەبیدوڵلای نەهری و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی دروست نەدەبوون، ئەگەر کەسایەتی شێخ عەبدولسەلام لە ئاستی زەرورەت و پێداویستی قۆناخەکە نەبوایە، ئەوا رووبەرووی ئەو ئەرکە قورسە نەدەکرایەوە و بەیداخی شۆڕشی تەسلیم نەدەکرا، لە دوای شەڕی یەکەمی جیهان،



**ئەگەر زەرورەتی قۆناخی کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانی فەرزی نەکردایە کورد لەو قۆناخە پێویستی بەوە هەیە بیر لە ئایندەی خۆی بکاتەوە و چیدیکە زوڵم و زۆرداری قبوڵ نەکات، ئەوا شێخ عەبیدوڵڵای نەهری و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی دروست نەدەبوون**

ئەگـــەر زەرورەتی قۆناخەکە پێویســـتی نەکردایە کە دەبێت مەملەکەتی سلێمانی رابگەیەنرێت، شـــێخ مەحمـــودی حەفید دروســـت نەدەبوو، ئەگـــەر مەملەکەتی ســـلێمانی وەك ســـەرەتای دروستبوونی ئومێدێك بۆ هەموو کورد سەیر نەکرابایە، شـــێخ ئەحمەدی بارزان، مەلامســـتەفا بارزانـــی بە لەشـــکرێکەوە بۆ هاریکاری شـــێخ مەحمود نەدەنارد، ئـــەم هەنگاوانە یان دەستپێکی شـــۆرش، زەروورەت بوون بۆ لە خەو هەڵســـانی ئـــەو مێژووەی کە داگیرکەران وەك مۆتەکە لەســـەر سنگی کـــورد خەویان لێ خســـتبوو، بۆیە دوای هۆشـــیار بوونەوە و هەســـتانەوەی کورد، لە قۆناخی ملکەچبوونـــەوە بۆ قۆناخی بەرەنـــگاری، زەرورەتێکـــی دیکـــەی دروســـتکرد، ئەویش ئەوەبوو، پێویســـتە هێزی کورد لەسەر ئاستی ناوچەگەریەوە بگوازرێتەوە بۆ ســـەر ئاستی نیشتمانی کوردستانی، دەست بە شۆرشی رزگاری نیشـــتمانی بکرێت، زەرورەتی ئەم قۆناخە مەلا مســـتەفا بارزانی وەك پێویستیەکی ئەم قۆناخە دروســـتیکرد، بۆیەکەم جار لە مێژووی شۆرشەکانی کوردستاندا، بارزانی نەمر لـــە ١٩٤٣/٧/١٢ لە ســـلێمانیەوە جاری شۆرشـــی نەتەوەیی سەرتاسەریدا، ئەم هەنگاوەی بارزانی نەمر لەبەر ئەوەی زەرورەتی قۆناخێکی هەستیاری مێژوویی بـــوو، کۆمەڵێك گۆرانکاری ئەو تۆی لە شۆڕشـــی بارزانی دووەمدا دروســـتکرد، کەنەخشـــەی شـــێوازێکی نوێی خەباتی لـــە ناو بزاڤی رزگاریخوازی کوردســـتان هێنایە ئاراوە، رێچکەیەك کێشـــەی کورد و دابەشـــکردنی کوردســـتانی کردە یەك مەسەلە، بەڵام تایبەتمەندی کێشەکەی لە چوارچێـــوەی هەر پارچەیەکدا فەرامۆش نەکـــرد، ئەمـــەش واتە راســـتە بارزانی نەمـــر ئیرادەیەکی خێری یەکگرتوویی بۆ مقاوەمەت و قۆناخی رزگاری نیشتمانی دروستکرد، بەڵام نەیهێشت، بەرامبەر ئەم ئیرادە یەکگرتووە، دوژمنانی کوردســـتان یەکگرتنێکی هاوشـــێوە دروستدەکەن، ئەم تایبەتمەندی و جیاوازیەی بارزانی نەمر، شۆرشی کوردستانی لە قۆناخی راپەرین و شۆرشی کورتخایەنەوە گواستەوە قۆناخی شۆرشـــی درێژخایـــەن و تێکەڵاوکردنی خەباتی سیاســـیی و دبلۆماتی هاوشان لەگـــەڵ خەباتی چەکـــداری بۆ ئەوەی هەنـــگاو هەنگاو شـــۆرش قۆناخەکانی خـــۆی ببرێت و هەرگیـــز نەگەرێتەو بۆ دواوە،راســـتە پیلانی دوژمنان، چەندین جار لە ماوەی ٥٠-٦٠ ســـاڵی رابردوودا، هەوڵیاندا هەنگاوەکانی شۆڕش بگێرنەوە بۆ دواوە و شۆرشـــی کوردستان خامۆش بکەن، بەڵام بە درێژای مێژووی ئەو ٥٠-٦٠ ساڵەی تەمەنی شۆرشی کوردستان، هەرگیز ئامانجەکانی شۆرش نەگەڕاوەتەوە بۆ دواوە، بۆیە ئەگەر پۆلێنی ئەم ٥٠-٦٠ ســـاڵە لە چەند دەیەیەکی مێژوویدا پۆلێن بکەین، دەبیین هەر ١٠ ساڵ جارێك دروشم و ئامانجەکانی شۆڕش بە هەنگاوی زۆر گەورە چۆتە پێشێ، بزووتنەوەی سیاسی کوردستان زیاتر هۆشـــیار بۆتەوە و زیاتر خەباتی دیپلۆماتی و سیاســـی ئاوێتەی خەباتی چەکداری کراوە، شـــۆرش بیری لـــە بەرێوەبردنی کوردســـتان کردۆتەوەو سیاســـەتی حکومڕانی کوردستانی لەبەر رۆشنایی قۆناخە جیاوازەکاندا دارشتووەو هەر لەسەر ئەو بنەمایەش لە هەردووبەرەی خەباتی سیاسیی و چەکداریدا هەوڵیداوە، ئەو سیاسەتە جێبەجی بکات.

لەوانەیە کە باســـی بارزانی نەمر دەکەین وەك زەروورەتێـــك بۆ قۆناخی شۆرشـــی نیشـــتمانی کوردســـتانی سەرتاسەری، هەندێك وا تێبگەن، مەبەســـتمان ئەوەیە هەموو ســـەروەریە مێژوویەکانی ٥٠-٦٠ ساڵی شۆرشـــی کوردســـتان،لە بارزانی نەمردا کۆبکەینەوە، نەخێر ئەمە مەبەستی ئێمە نییە، ئێمە باسی زەرورەتی دەرکەوتنی بارزانـــی نەمر دەکەین،وەك پێویســـتیەك بـــۆ قۆناخێکی مێژوویی و هەســـتیاری گرنـــگ، قۆناخێـــك کە پێویســـت بوو، ئیرادەی یەکگرتوو هەبێت، بیرو بۆچوونی جیاواز هەبێت، قۆناخێك پێویست بوو فرە حزبی و فرە لایەنی هەبێت، بەڵام بەرنامە و پرۆگرامی هەموو حزبە سیاسیەکان لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی نیشتمانی و کوردستانیدا بێت،ئەم دەسپێکەی بارزانی نەمـــر هەمان قســـەی جـــۆن ئادەمزی سەرۆکی دووەمی ویلایەتە

**ئەگەر مەملەکەتی سلێمانی وەک سەرەتای دروستبوونی ئومێدێک بۆ هەموو کورد سەیر نەکرابایە، شێخ ئەحمەدی بارزان، مەلامستەفا بارزانی بە لەشکرێکەوە بۆ هاریکاری شێخ مەحمود نەدەنارد**



بۆ یەکەم جار لە مێژووی شۆڕشەکانی کوردستاندا، بارزانی نەمر لە ١٩٤٣/٧/١٢ لە سلێمانیەوە جاری شۆڕشی نەتەوەیی سەرتاسەریدا

یەکگرتوەکانی ئەمریکامان بیر دێنێتەوە، کــە دوای ســەرکەوتنی ســەربەخۆیی ئەمریکا، ئەمریکای بردە قۆناخێکی دیکە و بەچەند وشەیەك رایگەیاند(ئەمریکا ئەو نەتەوەیەیە یاسا حکومی دەکات، نەك پیاوەکان)، ئەم وەرچەرخانە بەوەی ئەمریکا لە ژێرسایەی حکومی قانوون حکومرانی دەکرێت، ئەمریکای بردە قۆناخێکی دیکە، چەندین سەرۆك و سەرکردەی دیکە دوای جۆن ئادەمز دروستبوون، کە ئێستا لە مێژوودا لە ریزبەندنی ئادەمز پۆلێن دەکرێت، هەریەکەیان بە سیمای تایبەتی قۆناخی خۆی دەناسرێتەوە، بەڵام هێشتا دوای زیاتر لە ٢٠٠ ساڵ، ئەمریکیەکان بەو پەیامەی ئادەمزەوە پابەندن، بەڵام ئەم پابەندبوونە نەبووە هۆکاری ئەوەی دوای ئادەمز سەرکردەو باوکانی دامەزرێنەری دیکە لە دایك نەبن و دروست نەبن، هەر دوای ئادەمز. رۆڵی جیفرسۆن، هیچ کاتێك لە رۆڵی ئادەمز کەمتر نەبووە، بەڵام قۆناخی ئادەمز و جیفرسۆن لێکجیاوازن.. دوو تایبەتمەندی جیاوازی بە دوو سەرۆك لە دوو قۆناخی جیاواز بەخشیووە، لە دوای جیفرسۆنیش بێگومان هەر چوار ساڵ جارێك ئەمریکا سەرۆکی خۆی هەڵبژاردووە، بەڵام سەرۆك وەك زەرورەت بـۆ قۆناخێکی دیاریکرا و بۆ تێپەراندنی قۆناخێك و دەستپێکی قۆناخێکی دیکە لە دایك نەبووە،هەربۆیە کاتێك مێژووی سەرۆکەکانی ئەمریکا دەخوێنینەوە، دەبینین وەك سەرۆك، ئۆباما ٤٤ەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، راستە لە جۆرج واشنتۆنەوە دەست پێدەکات و بە ئۆباما کۆتایی دێت، بەڵام لە ناو ئەم مێژووەدا، مێژوویەکی دیکەی دروستبووە کە هەموو سەرۆکەکان لە یەك بازنەدا پۆلێن ناکات، راستە مەبەست لە باوکانی دامەزرینەری ئەمریکا ئەو سەرکردانەن کە دەستووری ئەمریکایان ئیمزاکردووە، بەڵام ئەم بازنەیە دانەخراوە و پێداویستەکانی قۆناخە جیاوازکانی ئەمریکا، سەرۆکی دیکەشی لەریزی ئەو سەرۆکە مەزنانە تۆمارکردووە، بۆیە لە قۆناخی یەکەمدا، جۆرج واشنتۆن و جۆن ئادەمز و توماس جیفرسۆن، وەك ٣ سەرۆکی جیاواز تۆمار دەکرێن، بەڵام لە دوای جیفرسۆنەوە تادەگاتە ئەبراهام لنکۆلنی سەرۆکی شانزەهەمی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سەرۆکێکی دیکە نابین لە ریزی سێ سەرۆکە یەکەمەکەی ئەمریکا پۆلێن بکرێن، جیاوازیەکانیش هێندە جیاوازن لە هیچ روویەکەوە بەیەکتری بەراورد ناکرێن،هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، راستە ئەرك و پەیامی ئەمانە جیاوازبوون،بەڵام خاڵی هاوبەشی هەموویان پاراستنی ئازادی و پیادەکرن وچەسپاندنی سەروەری یاسا بووە، ئەگەر لەو مێژووەدا بمێنینەوە، دەبینین جۆرج واشنتۆن بە رزگارکەری گەلی ئەمریکا دادەنرێت، جۆن ئادەمز بە دروستکەری دەوڵەتی قانوون دادەنرێت، تۆماس جیفرسۆن، بە بونیادنەری ئازادی سیاسی و ئایینی و لێبوردەی دادەنرێت، لنکۆڵن، بە کۆتایهێنەری کۆیلایەتی لە ئەمریکا دادەنرێت، دوای ١٤٦ ساڵ بەسەر کۆتایهاتنی ئەم قۆناخە گرنگە لە مێژووی ئەمریکا، ئێستا هەموو جیهان وەك گووتەیەکی جیهانی سەیری ئەو گووتە بەنرخەی لنکۆڵن دەکەن، کە لەساڵی ١٨٦٣ گووتوویەتی( نامەوێت کۆیلە بم و سەردارم هەبێت، نامەوێت سەردار بم و کۆیلەم هەبێت)، ئەم وەرچەرخانە پێویستی بە لە دایك بوون و دروستبوونی سەرۆکی بە هێزە، ئەم وەرچەرخان و پێداویستیانەی کە ئەمریکا لە مێژوودا پیادا تێپەربوە، کۆتایی نەهاتووە، زۆربەی چاودێران و شارەزایانی مێژووی ئەمریکا،پێیان وایە ئێستا بوونی ئۆباما زەرورەتێکی ئەم قۆناخەی ئێستای ئەمریکایە، ئەمریکا پێویستی بە ئۆبامایە

**ئادەمزی سەرۆکی دووەمی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دوای سەرکەوتنی سەربەخۆیی ئەمریکا، رایگەیاند(ئەمریکا ئەو نەتەوەیەیە یاسا حکومی دەکات، نەک پیاوەکان)، هێشتا دوای زیاتر لە ٢٠٠ ساڵ، ئەمریکیەکان بەو پەیامەی ئادەمزەوە پابەندن**



بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئاکاری باوکانی دامەزرێنەر و ســەرۆکە مەزنەکان بکاتەوە بە ســلوکی گشتی لە ناخی هەر تاکێکی ئەمریکا،گێرانــەوەی ئــەم ئاکارانــە بۆ سلوکی گشــتی هەر تاکێکی ئەمریکی، واتە گەرانەوە بۆ زیندووکردنەوەی ئاکاری ئادەمز و جیفرســۆن ولنکۆلن، واتە دەبێت ئەمریکیەکان چۆن بەسەروەری یاسا و بیرو رای ئــازاد و ریزگرتنی کەرامەتی تاك و گێرانەوەی کەرامەت بۆ مرۆڤ بە کۆتایی هێنان بــە کۆیلایەتی،ئەمریکایان گەیاندە ئەم رۆژە کە دوای ســەرکردایەتی جیهان دەکات، دەبێت بە هەمان شــیوە و بەهەمان ئاکار ئەم ســەرکردایەتی جیهــان بکات، ئۆباما دەیەوێت ئەو پرسیارەی چەند ساڵێك لەمەوپێش ئەمریکیەکان لە خۆیان دەکرد ( بۆچی رقتان لێمانە؟ بۆ ئەو پرســیارەی( بۆچــی جیهــان ئەمریکیەکانــی خۆش دەوێت؟) گۆرینی ئەم پرســیارە هێندەی بــە زیندووکردنــەوەی ئــاکاری باوکانی دامەزرێنەر بۆ سلوکی گشتی کۆمەڵگەی ئەمریکا بە دیــت، هەرگیز بە هێز وچەك و داگیرکردنــی وڵاتان بەدەســت نایەت، ئەمەیەوایکردووە، ئەمریکیەکان پێویستیان بە ئۆباما بێت و هەر لەئێســتاوە ئومێدی ســەرۆکێکی بەهێزی بۆ دەخوازن.لێرەوە و دوای ئــەم دێرانە، ئەگەر ئێمە وەك گەلی کوردستان لە خۆمان بپرسین ئایا زەروورەتی مســعود بارزانی بۆ ئــەم قۆناخەی ئێمە چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەچەند خاڵێك دەست نیشان دەکەین:

١- ئێمە وەك گەلی کوردســتان پێویستمان بە مســعود بارزانیە، بۆ ئــەوەی ئاکاری باوکانی دامەزرێنەری شــۆرش سەرلەنوێ زیندوو بکاتەوە بیکاتە ســلوکی گشــتی تاکی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردستان، ئێمە هەموو پێویســتمان بەوەیە بەشــدار بین لــە وەڵامدانەوەی ئەو پرســیارەی لە خۆمانی دەکەین: ئایا فاکتەری گشتی و سەرەکی بۆ هەموو شۆرشەکانی کوردستان، پارێزگاریــی کردن بــووە، لەرۆحی نەتەوە و قبوڵنەکردنــی شــێواندن و ســرینەوەی ناسنامەی نەتەوەیمان؟ مسعود بارزانی لە وەڵامی ئەم پرســیارە پێمان دەڵێت ( من لە ژێر ئاڵای کوردستان لە دایك بووم و دەبێت هــەر لەژێر ئەو ئاڵایەش بمرم) ئەمە پێمان دەڵێت ئاکاری بارزانی، شــکۆی مسعود بارزانی بەسەر سەرمانەوە ئەوەیە، نابێت ئەو ئاڵا شــەکاوەیە جارێکی دیکە بێتە خوارەوە و دەبێت هەموومان لە پێناوی شــەکاوەیی ئەو ئاڵایــە بمرین،هەوڵــدان بۆ گۆرینی ئەم ئاکارەی مســعود بارزانی بۆ سلوکی گشتی هەر تاکێکی کوردستان، ئەرکێکی گرنگی قۆناخی ســەرۆکایەتی داهاتووی مســعود بارزانیە،هەموو پێویستمان بەوەیە تێگەیشــتنمان بۆ بەرزراگرتنی شــکۆی ئاڵای کوردســتان لە تێگەیشتنی مسعود بارزانی کەمتر نەبێت.

٢- مسعود بارزانی، گێرانەوەی ئەو مافانەی کە لەم قۆناخەدا خەباتیان بۆ دەکەین، وەك گێرانەوەی ناوچە دابراوەکان، جێبەجێکردنی دەســتووری عێراق، وەك ئاکاری شەخسی خۆی بە هێڵی ســووری داناوە و ئامادەیە لەســەر نەبەزاندنــی ئەم هێڵە ســوورانە، قوربانی بەهەموو شــتێك بدات، دەبێت ئەو ئاکارەی مســعود بارزانی ببێتە ســلوکی گشــتی هەر تاکێکی کوردســتان، ئینجا ببێتە،ســلوکی هەموو حزبە سیاسیەکانی کوردستان بە جیاوازی ئایدۆلۆژی و نەتەوە وئاینیــەوە، بۆ ئەوەی هیچ کاتێك بیر لەوە نەکرێتەوە، ســازش لەسەر ئەو هێڵە سورانە بکرێت.

٣- ئاکارێکــی دیکەی مســعود بارزانی ئەوەیە، کــورد بۆیە شۆرشــی کردووە بۆ ئەوەی ئازاد بێــت و ناعەدالەتی نەمێنێت و چیدیکــە کــورد لــە وڵاتــی خۆی هاوڵاتی پلــە دوو نەبێت،دەبێت ئەم ئاکارە وەك ئەرکی سەرشــانی هەموو تاکەکانی کوردســتان،هاریکاری مســعود بارزانی بین، بــۆ ئەوەی هەمــوو هەوڵەکانمان بۆ ئەوەبێت،ناعەدالەتی نەمێنێت، دەبێت سلوکی تاکی کورد بەرامبەر ناعەدالەتی بێ لایەن و بێ هەڵوێست نەبێت، هەرکەسێك ناعەدالەتی بەرامبەر ئەم میللەتــە پیادەبکات،ئەو جا چ لەدەرەوەی کوردســتان بێت یان ناوەوەی کوردستان قبوڵ نەکرێت سنوری بۆ دابنرێت و هەڵوێســتی لەبەرامبــەر وەربگیرێــت، ئەم حاڵەتــە هێنــدەی بــە پابەندبوونی ئەخلاقی ســنوری بۆ دادەنرێت، هێندە بە یاســا ســنوری بۆ دانارێت، بۆیە دەبێت قبوڵنەکردنی ناعەدالەتی هەڵوێســتێکی ئەخلاقــی لەپشــتەوە بێت،هەموومان بۆ هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بە ناعەدالەتی پابەندبوونێکی ئەخلاقیمان هەبێت.

٤- ئاسوودەیی تاکی کوردستان، کە هەمووی پێکەوە دەبێتە ئاسوودەیی گەلی کوردستان، دەبێت لەبەر رۆشنایی ئاکار و تێگەیشتنی مسعود بارزانی پێناســە بکرێتەوە، نابێت ئاسوودەیی گەلی کوردستان تەنها لە چەند لایەنێکی بچووکی ئازادیدا پێناسە بکرێت، دەبێت ئاســوودەیی بەو مانــا فراوانەی لە پێشەکی ئەم راپۆرتە ئاماژەمان پێکردووە، پێناســە بکرێتەوە، ئەم پێناســە کردنەوەیە پێویســتی بە ئیرادەی بەهێزی مســعود بارزانیــە، ئــەو ئیرادەیە کە پێــی دەڵێن ئیرادەی خێر، تەنها شتێکە لەم جیهانەو لە دەرەوەی ئەم جیهانە بەبێ ســنووربۆ دانانی مانــای هەیــە، واتە نابێــت هیچ هێزێك ســنور بۆ ئەم ئیرادە خێــرەی بارزانی کە پابەندبوونێکی ئەخلاقی مسعود بارزانی یە بۆ ئاسوودەیی گەلی کوردستان، سنووری بۆ دابنێت، بۆیە هەموو بە رێگەی دەنگدان و لــە ٢٥ی تەموز دەنگی خۆمان دەدەینە مســعود بارزانی بۆ ئەوەی هیچ هێزێك لە ئیرادەی خێر بە هێــز تر نەبێت، بۆ ئەوەی ئاسوودەیمان لە کوردســتان، ئەو مانایەی هەبێت، کە لە ژێر سێبەری شکۆی ئیرادەی خێری مسعود بارزانی مانادار دەبێت.

**لە دوای جیفرسۆنەوە ئادەگاتە ئەبراهام لنکۆلنی سەرۆکی شانزەهەمی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سەرۆکێکی دیکە نابین لە ریزی سێ سەرۆکە یەکەمەکەی ئەمریکا پۆلێن بکرێن**

**پێویستمان بە مسعود بارزانیە، بۆ ئەوەی ئاکاری باوکانی دامەزرێنەری شۆرش سەرلەنوێ زیندوو بکاتەوە بیکاتە سلوکی گشتی تاکی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردستان**

**تەموز دەنگی خۆمان دەدەینە مسعود بارزانی بۆ ئەوەی هیچ هێزێک لە ئیرادەی خێر بە هێز تر نەبێت**

رالـــف پیتەرز ئەو ناو ناســـراوەیە کە دەکرێت وەك دۆســـتێکی کورد لەسەر ئاســـتی جیهان ئاماژەی پێبکرێت و خاوەنی نەخشەی کوردستانە لەنەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا، پیتەرز مانگانە کۆڵۆمێکی لەرۆژنامەی نیویۆرك پۆســـت هەیە و بەردەوامیش لەرۆژنامەکانی واشـــنتۆن پۆســـت و وۆڵ ستریت جۆرناڵ و نیوزدەی، نیوز ویك و چەندین رۆژنامە و گۆڤاری دیکەش دەنووسێت، پیتەر نووسەر و ســـتراتیژناس و ئەفسەری خانەشینیی ئەمریکایە، بۆ قسەکردن لەسەر خەسڵەت و سیماکانی سەرۆکی بەهێز، کـــە پیتەرز لـــەم دیمانەیەدا لەڕووە سەربازییەکەوە شرۆڤەی دەکات، دیوێکی دیکەی سەرۆك یان سەرکردەی بەهێز پیشاندەدات، ئەمەش دەقی لێدوانەکەیەتی بۆ گوڵان.



**کۆلۆنێل رالف بیتەرز (خاوەنی نەخشەی کوردستان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ) بۆ گوڵان:**

# دەبێت هێزی سەرۆکی باش لەبایەخدانییەوە بەمیللەتەکەیەوە لەنەزاهەت و بوێرییەکەیەوە سەرچاوەبگرێت

لەم بارودۆخە جیۆستراتیژیە ئاڵۆزەی ئەم سەردەمەدا، کارێکی ژیرانەیە ئەگەر « گەمەی چاوەڕوانی بکەیت» و دەرفەتی سەرکەوتن یان شکست بەعەرەبەکان بدەیت. بۆ نەگبەتیشیان، عەرەبەکان بلیمەتن لەشکستهێناندا

*** بەپێـــی تێڕوانینـــی ئێـــوە چ جـــۆرە سەرۆکێك دەتوانێت کوردستانێکی سەربەخۆ بهێنێتەدی؟**

- ســـەبارەت بـــەو پرســـیارەی چ جۆرە سەرۆکێك دەتوانێت کوردستانێکی سەربەخۆ بهێنێتە ئـــاراوە وەڵامەکەی مـــن ئەوەیە «ســـەرۆکێکی ئارامگـــر». ژیرانەترین لێدوانێك کە لەیەکێك لە سەرکردە کوردەکانم بیســـتبێت دەربارەی ئەم بابەتە لە ســـاڵی ٢٠٠٤دا پێـــی گوتـــم «ئەگـــەر عێراق شکســـتیهێنا، ئێمە، وەکو کـــورد، هەموو هەوڵێك دەدەین بۆئـــەوەی کەس نەتوانێت ئۆباڵی شکستەکە بخاتە ئەستۆی ئێمە». زۆر گرنگە بیانو و پاســـاو نەدرێتە لایەنە عێراقیەکانـــی دیکە بۆ ئـــەوەی ئۆباڵی نشوستییەکانی خۆیان بدەنە پاڵ کوردەکان. لەم بارودۆخە جیۆستراتیژیە ئاڵۆزەی ئەم ســـەردەمەدا، کارێکی ژیرانەیە ئەگەر « گەمەی چاوەڕوانی بکەیت» و دەرفەتی سەرکەوتن یان شکست بەعەرەبەکان بدەیت. بۆ نەگبەتیشـــیان، عەرەبـــەکان بلیمەتن لەشکستهێناندا.

*** هەمـــو نەتەوەیـــەك بـــە ســـەرکردە بەهێزەکانی دەناسرێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو میکانیزمانە چین کە دەبنەهۆی ئەوەی کەسێك وەك سەرکردەیەکی باش لە نەتەوەکەی خۆیدا دەربکەوێت؟**

- خەســـڵەتە بنەڕەتییەکانـــی هـــەر ســـەرکردەیەکی باش لەو ڕێســـایەدا پوخت دەبێتەوە کە ئەفسەرەکانی سوپای ئەمەریکا کاری پێدەکەن: «ســـەرەتا ئەرکەکەم، دواتر ســـەربازەکانم، دواتر خۆم.» هیچ شـــتێك لە ئەنجامدانـــی ئەرکەکـــە گرنگتر نیە، دواتر گرنگی ســـەربازەکان دەکەوێتە پێش ئەفسەرەکەوە. وەك ئەفسەرێکی گەنج، زۆرێك لە ڕۆژانی ساردم بەسەربرد لە چاوەڕوانی ئەوەدا کە نان بدرێت بە ســـەربازەکانم پێش ئەوەی خۆم نان بخۆم، هەروەها، هەندێ جار بەشێکی کەم لە خواردنەوەکە بۆ ئەفسەرەکان دەمایەوە یاخـــود هەر نەدەمایـــەوە. بەڵام ئـــەوەش مایەی هیچ گرفتێك نەبوو، لەبەر ئەوەی سەربازەکان دەیانزانی ئێمە بایەخیان پێدەدەین. سەرکردەیی سیاسی نیشتمانپەروەر و دادپەروەر دەبێت هەمان بەهاگەلی هەبێت: « ســـەرەتا وڵاتەکەم، دواتر میللەتەکەم و دواتر خـــۆم.» ســـەرکردەی دەوڵەمەند لە وڵاتێکی هەژاردا سەرکردەیەکی باش نیە. دەبێت بەرژەوەندی خەڵك لە پێش بەرژەوەندی ســـەرکردەکەوەبێت. من دەزانم ئەم نەریتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا جیاوازە، بەڵام لە ڕوانگەی منەوە ئەو سەرکردەیەی « پێش میللەتەکەی نان بخـــوات» خیانەتکارە بە میللەتەکەی.

*** دامەزراوەکانی سیستمی دیموکراتی بۆ سنورداركردنی دەسەڵاتەکانن، بەدەسەڵاتی سەرۆکیشـــەوە، ئایا چۆن سەرۆکی بەهێز لەسیستمی دیموکراتی دەردەکەوێت؟**

- دەبێـــت هێـــزی ســـەرۆکی بـــاش لە بایەخدانیەوە بەمیللەتەکەیەوە ســـەرچاوە بگرێـــت، لەنەزاهەتی ئەو ســـەرکردەیەوە، لەبوێریەکەیەوە. گرنگە لەهەر دیموکراسیەکدا « لێپرسینەوە و لێپێچینەوە» هەبێت لەسەر پێکهاتـــە جیاوازەکانی حکومەت. هەروەك دەزانن ئەم هەفتەیە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، دەبێـــت کۆنگرێس ڕەزامەندی بدات لە سەر پاڵێوراوی دەستنیشانکراو لە لایەن سەرۆکەوە بۆ دادگای باڵا. ئەگەر هاتوو ئەو پاڵێوراوە پەســـەندکرا، ئەوا ئەم دادوەرە ســـەربەخۆ دەبێت هەم لە سەرۆك و هەم لـــە کۆنگرێس و ئـــەو کاتە هیچ کاریگەریەکی سیاسیشـــی لەسەر نابێت. کۆنگرێس دەتوانێت دەســـەڵاتی ســـەرۆك ســـنوردار بکات، بەپێچەوانەشەوە سەرۆك دەتوانێت دەســـەڵاتی کۆنگرێس سنوردار بـــکات. ئەمە بەو مانایـــە دێت کە هیچ

کەسێك بە تەواوەتی ئاسوودە نیە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەو مانایەش دێت هیچ کەسێك بە تەواوەتی نائاسوودە نیە. دیموکراسی، سەرەڕای ئەو خێتابە پڕ لە هەرایە هاوشانە پێی، بەڵام بریتییە لەهونەری سازشکردن. ئەگەر لایەنێکی دیاریکراو هەمو شتێك بەدەستبهێنێت ئەوا دیموکراسی سەرکەوتوو نابێت. بۆ نموونە، بە بۆچونی من باشترین یاسا ئەو یاسایانەن کە لە هەمان کاتدا ئەوپەڕی ڕاست و ئەوپەڕی چەپ لە گۆڕەپانە سیاسیەکەدا نائاسوودە دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ بارودۆخ دێتەئاراوە کە دەبێت سەرۆك هێزی خۆی بخاتەروو لە ڕێی گرتنەبەری هەڵوێستێکەوە کە لەناو میللەتەکەیدا شەعبیەتی نییە، بەڵام باوەڕێکی ڕاستەقینەی هەیە کە ئەمە لە مەودای دووردا لەبەرژەوەندی میللەتەکەیدا دەبێت. بەلای منەوە باشترین سەرۆك ئەوەیە دڵێکی گەورەی هەبێت و لەخانوویەکی بچووکدا بژیێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە هەموو سەرۆکێك، لەهەر شوێنێك بێت، حەز بەخانووی گەورە دەکات.

*** سیفەتەکانی سەرۆکی باش هێمنی و ڕاستگۆیی و بوێرییە، ئایا چۆن ئەم سیفەتانە پێکەوە کۆدەکرێنەوە؟**

- سەرۆك (یاخود سەرۆك وەزیران، وەك وینستۆن چەرچل) دەبێت بوێری ئەنجامدانی ئەو کارانەی هەبێت کە لە دڵ و عەقڵی خۆیدا بە ڕاستیان دەزانێت. ئەو کاتە خەڵکی دەتوانن لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بڕیار لە چارەنوسی خۆیان بدەن. ئەگەر دەربارەی چەرچل بدوێین، ئەوا لە دیموکراسیدا، هەندێ جار خەڵك تەنها دەیانەوێت پارتەکان یان بەرپرسەکان بگۆڕن. بەو پێیە، کاتێك لە ساڵی ١٩٤٥، دوای ئەوەی سەرکردایەتی خەڵکی بەریتانیای کرد بۆ سەرکەوتنێکی گەورە، دوای ئەو هەموو نەهامەتی و تەنگ و چەڵەمەیە، خەڵکی دەنگیان بە پارتەکەی نەداوە و دەسەڵاتی لەدەستدا. ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی قسەبکەین، من لەگەڵ دیاری کردنی دەورەکانی سەرۆکایەتیدام. بۆ ماوەی شەش دەورە، سەرۆکەکانی ئەمەریکا تەنها دەتوانن دوو دەورە سەرۆکایەتی بکەن. ئەمە شتێکی زۆرباشە، چونکە بەو مانایەدێت کە هیچ کەسێك ناتوانێت دەسەڵاتێکی زۆری هەبێت یان دەسەڵاتێکی هەمیشەیی هەبێت.

*** ئەی چۆن دەتوانین بڕیار لەسەر کەسایەتی سەرۆکی باش بدەین؟**

- ئەمڕۆ من هەوڵمدا ئەوە بۆ کۆمەڵێك ئەمەریکی ڕوون بکەمەوە کە زۆر زەحمەتە پێشبینی ئەوە بکەین کێ دەبێتە سەرۆکێکی باش. لەنێو سەربازەکاندا، زەحمەتە بتوانین ئەوە دەستنیشان بکەین کێ لە گۆڕەپانی شەڕدا بوێری دەنوێنێت—زۆرجار ئەو سەربازەی لە سەربازگەکەدا کەسێکی گەورە و بەهێز و بە هات و هاوارە لە شەڕدا کەسێکی دلێر دەرناچێت و تەنها ژمارەیەکی کەم دەتوانن ببنە پاڵەوان. لە سیاسەتیشدا، تاقیکردنەوەی ڕاستەقینە ئەو کاتە دەست پێدەکات کە ئەو کەسە پۆستەکە دەگرێتەدەست. ئەو کات دەبێت تێکرای بەڵێن و قسەکانیان جێبەجێ بکەن. بەڵێندان ئاسانە—ئەرکە قورسەکە جێبەجێکردنیانە. بەڵام لە ڕاستیدا هیچ سەرکردەیەك بێ کەم و کوری نیە. بەهەر حاڵ، تەنها خوا بێ کەم و کوریە. نابێت چاوەڕێ کامڵی و بێخەوشی سەرکردە سیاسیەکانمان بکەین—بەڵام مافی ئەوەمان هەیە لەوە دڵنیابین کە هەمو هەوڵ و کۆششێکی خۆیان لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خەڵکدا دەخەنەگەڕ—بۆ تێکرای خەڵك نەك تەنها بۆ کەسانێکی دیاری کراو.

*** ئەی تاچەند سەرۆکی باش زامنی سەرکەوتنی دیموکراسیە؟**

- مۆدیلی دیموکراسیەتی ڕۆژئاوایی لەدوو جۆر دەوڵەتدا سەرکەوتوو دەبێت: وڵاتانی وەك سوید، کە تەقریبەن هەمو خەڵکی وڵاتەکەی لە ڕووی ئاینی و ئیتنییەوە هاوبەشن ( لەم وڵاتانەدا سیاسەت پەیوەستە بە پرسەکانەوە، نەك بەلایەنە ئاینی و ئیتنیەکانەوە)، یاخود لە وڵاتانێکی وەك ئەمەریکادا کە وڵاتێکی ئاڵۆزە و دانیشتوانێکی هەمەڕەنگی هەیە کە هیچ گروپێك زۆرینە پێکناهێنێت و ناتوانێت بەسەر ئەوانیدەکەدا زاڵبێت. لە ئەمەریکادا، دەبێت پارتە سیاسیەکان لە ڕێی سازشکردنەوە هاوپەیمانێتی پێکدەهێنن—هەروەها هاوپەیمانێتیەکان لە هەڵبژاردنێکەوە بۆ هەڵبژاردنێکی دیکە دەگۆڕێن. ئەمەش بە شێوەیەك لە شێوەکان سیاسەکان بە ڕاستگۆی دەهێڵێتەوە—ئەگەر درویەکی زۆر بکەن، ئەوا ئەو پشتیوانانە لەدەست دەدەن کە پەیوەندیان کردووە بە هاوپەیمانێتیکیەوە. لە ڕاستیدا، لەو وڵاتانەی دانیشتوانێکی ئاڵۆزیان هەیە، خەڵکی ناوەند، ئاکامی هەڵبژاردنەکە یەکلادەکەنەوە. پێم وایە ئەوە شتێکی تەندروستە.

*** لەپڕۆسەی بنیاتنانی دیموکراسیدا سەرۆك هەڵدەستێت بە چەسپاندنی سەروەری یاسا، ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئیدارەدانی ئازادی، بەڵام ئایا لە وڵاتانی دوای شەڕدا چۆن دەتوانرێت سەرۆکێك بێتە ئاراوە ئەم ئەرکانە ئەنجام بدات؟**

- من وەڵامێکی سادەم نییە، چونکە هەر وڵاتێکی دوای شەڕ جیاوازە. عێراق لە یوگسلافیای پێشوو جیاوازە. دەوڵەتە نوێیەکانی دوای نەمانی یوگسلافیا جیاوازبوون لە وڵاتانی دیکەی دوای شەڕ. هەمو میللەت و وڵات و بارودۆخێك تایبەتمەندی خۆی هەیە. لە هەندێ حاڵەتدا، دەبێت سەرکردەیەکی بەهێز سەرۆکایەتی قۆناغی ئینتیقالی بکات، لە کاتێکدا لە هەندێ حاڵەتی دیکەدا لە هەنگاوەکانی یەکەمی چەسپاندنی ئاشتیدا سازشکردن مەسەلەیەکی بنەڕەتیە.

*** سەرۆکی بەهێز فاکتەرێکی گرنگە بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی و شەڕی دژە تیرۆر، ئایا چۆن پێناسەی ڕۆڵی سەرۆك دەکرێت لە ئەداکردنی ئەم ڕۆڵانەدا؟**

- سەرکردەی بەهێز کەسێکی وەك سەددام نییە کە خەڵکی وڵاتەکەی خۆی بکوژێت، بەڵکو چەرچڵە کە سەرکردایەتی میللەتەکەی دەکات. ڕەنگە هەندێ کات دۆخە ئەمنیەکە پێویست بە گرتنەبەری ڕێ و شوێنی سەخت بکات، بەڵام نابێت دوای نەمانی پاساوەکانیان ئەو ڕێ و شوێنانە وەك خۆیان بمێننەوە، سەبارەت بەکوردستانیش، وەك هەمیشە هیوای خۆشبەختی بۆ خەڵکە مەزنەکە و بۆ پاڵەوانەکانی کوردستانی ئازاد دەخوازم. هیوادارم، ڕۆژێك لە ڕۆژان ببێتە کوردستانێکی سەربەخۆ!

**خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی هەر سەرکردەیەکی باش لەو ڕێسایەدا پوخت دەبێتەوە کە ئەفسەرەکانی سوپای ئەمەریکا کاری پێدەکەن: «سەرەتا ئەرکەکەم، دواتر سەربازەکانم، دواتر خۆم.»**

**بەلای منەوە باشترین سەرۆك ئەوەیە دڵێکی گەورەی هەبێت و لەخانوویەکی بچووکدا بژیێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە هەموو سەرۆکێك، لەهەر شوێنێك بێت، حەز بەخانووی گەورە دەکات**

لەکاتی سەرهەڵدانی قەیران و دژواریەکاندا سەرۆکەکان دەکەونە بەر تاقیکردنەوە، بۆنموونە مەزنی وینستۆن چەرچڵ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەدۆخێکی دژواردا سەرۆکایەتی وڵاتەکەی کرد و بووە سەرچاوەی ئیلهام بۆ خەڵکی وڵاتەکە



خاتوو كارلين باومان تۆژەر و تايبەتمەندە لەبوارەكانی راپرسی و رای گشتی و ميديا و سياسەتی ئەمريكا لەئامۆژگای ئەمريكان ئەنتەر پرايز. هەروەها ئەم خانمە يەكێكە لەرۆژنامەنووسە ديارەكانی ئەمريكا و ستوونسی گۆڤاری بەناوبانگی (Forbes) ە، ساڵی پار لەكاتی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردنی ئۆباما وتارێكی گرنگی بڵاوكردەوە (چۆن سەرۆكی مەزن دروست دەبێت)، بۆ قسەكردن لەسەر ئەم مەسەلە گرنگە، خاتوو كارلين باومان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.

**كارلين باومان( تۆژەر لەسەنتەری ئەمريكان ئەنتەر پرايز ) بۆ گوڵان:**

# سەرۆکی بەهێز ئەو سەرۆکەیە کە بتوانێت ڕووبەڕووی قەیرانەکان ببێتەوە و بتوانێت چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە

*** ئەگەر پرسیاری یەكەممان ناونیشانی وتارەكەی خۆت بێت، ئایا چۆن سەرۆكی بەهێز دروستدەبێت؟**

- خەڵكی ئەمريكا بەمتمانەيەكی زۆرەوە ڕێز لەسەرۆكەكەيان دەگرن، لای ئەمريكيەكان مەزنی سەرۆك و سەركردە ئەوەیە بتوانێت ڕووبەڕووی تەنگژە و قەيرانەكان ببێتەوە و توانێت بەسەرياندا زاڵبێت، يەكەم ئيعتيباری گرنگ كە ئەمريكيەكان لەبەرچاوی دەگرن بۆ ئەو كەسەی دەيەوێ ببێتە سەرۆك ئەوەیە سەركردەيەكی بەهێزبێت و جێی متمانەبێت.

*** ئەم بەهێزییەی سەرۆك لە پێناوی چیدا بەكاردێت، چ كاتێك نەتەوە پێویستی پێیەتی؟**

- يەكێك لە لايەنە مەزنەكانی سيستمی حكومڕانی ئێمە بوونی لێرسینەوە و چاودێریكردنی دەسەڵاتە بە دەسەڵاتی سەرۆكی وڵاتیشەوە، من پێمواية ئەمە پشتيوانيەكی بەهێزی لێدەكرێت لەلايەن رای گشتيەوە و دەبێت سەرۆكيش پابەندبێت پێیەوە، بەڵام ئەوەی پەيوەست بێت بە رای گشتيەوە من پێم وايە زۆرێك لە سەرۆكەكان پێيان وايە كاری ئەوان سەركردايەتيكردنی رای گشتیە نەك شوێنكەوتنی.

*** سەرۆك چەند خەسڵەت و تايبەتمەنديی هەيە، بەڵام ئايا ئەو خەسڵەتانە چين كە وا دەكەن دەنگدەران متمانەی خۆيان بە سەرۆكێكی دياری كراو بدەن؟**

- من پێمواية مەسەلە گرنگەكان ئەوەیە خەڵكی متمانەيان بە ڕاستگۆيی و بە نەزيهی ئەو كەسە هەبێت، متمانەی ئەوەيان پێی هەبێت كە سەركەوتو دەبێت لە كارەكانيدا. بۆ نموونە دەبێت كەسێك بێت سەركەوتوبێت لە كاروبارەكانی دەرەوەدا، واتە نابێت كەسێك لاواز يان كەسێك بێت مەيلی ڕوبەڕوبونەوە و دروستكردنی دوژمنايەتی هەبێت، هەروەها لەسەر ئاستی كاروباری ناوخۆی دەبێت ڕوئيای ڕوونی هەبێت بۆ چارەسەركردنی كێشە ناوخۆييەكان ئەگەرچی ڕەنگە هەندێ جار خەڵكێش هاوڕانەبن لەسەری.

*** ئايا بۆ ئاشكراكردنی دەنگدەران بە خەسڵەتەكانی سەركردە ڕۆڵی ڕۆشنبير و ڕاگەياندنەكان چيە لەم ڕووەوە؟**

- لەوڵاتی ئێمەدا زۆرجار كەناڵە تەلەفزيۆنيەكان باس لە ڕابردو و پاشخانی پاڵێوراوەكان دەكەن، ئەگەرچی حاڵی حازر زانيارييەكی زۆر بەدەستهێنرێت لە ئەنتەرنێتەوە، بەڵام هێشتا تەلەڤزيۆنەكان ڕۆڵێكی گرنگ دەبينن. هەروەها پاڵێوراو و سەرۆكی حيزبەكانيش بيروبۆچونی خۆيان دەخەنەڕوو و ئەمەش دەبێتە بابەتی گفتوگۆيەكی جيددی لە دەزگاكانی ڕاگەياندندا.

*** ئايا سەرۆك چۆن دەتوانرێت لە كۆمەڵگەيەكی ديموكراسيدا بڕيارێكی بەهێز بدات؟**

- لە وڵاتە يەكگرتوەكانی ئەمەريكادا سەرۆك پێشنياری پرۆژە بڕيارێك دەكات بۆ كۆنگرێس، كە لێرەدا دەبێت سەرۆك متمانەيەكی زۆری بە ڕاست و دروستی بڕيارەكە هەبێت و هەوڵی قەناعەت پێكردن و ڕونكردنەوەی ڕاستی ئەم بڕيارە بۆ ئەندامانی كۆنگرێس و سەرۆكی دامەزراوەكان و رای گشتيش بدات. ئێمە لە ئەمەريكادا هەڵمەتێكی دووردرێژی هەڵبژاردنمان هەيە، كە تێيدا پاڵێوراوەكانی سەرۆكايەتی دەردەكەون و هەوڵی بەدەستهێنانی متمانەی خەڵك دەدەن بە بەهێزی بيروباوەڕ و هەڵوێستەكانيان، من پێم وايە ڕاگەياندن لەم ڕووەوە ڕۆڵێكی گرنگ دەبينێت.

*** ئايا لەچ باردۆخێكدا سەرۆكەكان بەردەم تاقيكردنەوە مێژووييەكان؟**

- من پێموایە لەکاتی سەرهەڵدانی قەیران و دژوارییەکاندا سەرۆکەکان دەکەونە بەر تاقیکردنەوە، بۆنموونە مەزنی وینستۆن چەرچڵ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەدۆخێکی دژواردا سەرۆکایەتی وڵاتەکەی کرد و بووە سەرچاوەی ئیلهام بۆ خەڵکی وڵاتەکە.

*** ئایا چۆن دەتوانین لە وڵاتێکی فرە نەتەوەدا ئەم جۆرە سەرکردەیە دروست بکەین؟**

- بەلای منەوە مەسەلەکە بۆ خودی خەڵکی عێراق و کوردستان دەگەڕێتەوە کە خۆیان بڕیار لە سەر ئەوە بدەن چۆن پێکەوە کاربکەن و چۆن پێکەوە ژیانێکی ئاشتیان ببەنەسەر، ڕاستە بوونی سەرۆکێك بەهێز گرنگە بۆ ئەم پرۆسەیە، بەڵام دەبێت ئەو سەرۆکە لەلایەن هەمو لایەنەکانەوە پێشوازی لێبکرێت.

لە ڕاستیدا کەسایەتی سەرۆك و کارکردنی بە پێی بنەمای هاوکاریکردنی لە نێوان گروپەکانی وڵاتەکەدا بۆ ئەوەی لە دوای ئەو دۆخە سەختەوە پێکەوەکاربکەن، هەروەها تێگەیشتن لە خواست و پێداویستیەکانی خەڵك مەسەلەگەلێکی گرنگن لە سەرۆکدا هەبن.

*** سەرۆکی بەهێز فاکتەرێکی گرنگە بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی و شەڕی دژە تیرۆر، ئایا چۆن پێناسەی ڕۆڵی سەرۆك دەکرێت لە ئەداکردنی ئەم ڕۆڵانەدا؟**

دەبێت سەرۆکی ئەمەریکا هەمیشە ئەو ڕاستیە بە بیر خەڵکی وڵاتەکەوە بهێنێتەوە کە هێشتا مەترسی تیرۆر لە ئارادایە و شەڕکردنیش لەگەڵ تیرۆردا شەڕێکی درێژ و دژوارە و دەبێت ئامادەکاری بۆ بکرێت، بەڵام من پێم وایە هێشتا زوە بۆ ئەوەی حوکم لەسەر سەرکەوتنی سەرۆکی ئەمەریکا بدرێت، ئەگەرچی ئەو هەڵمەتێکی چالاکانەی خستەگەڕ و ڕای گشتیش بە ئیجابیەوە لێی دەڕوانن و خەڵکی ئەمەریکاش ئومێدێکان زۆریان پێی هەیە.



**یەکەم ئیعتیباری گرنگ کە ئەمریکیەکان لەبەرچاوی دەگرن بۆ ئەو کەسەی دەیەوێ ببێتە سەرۆک ئەوەیە سەرکردەیەکی بەهێزبێت و جێی متمانەبێت**

پرۆفیسۆر داڤید رۆمانۆ ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانكۆی تۆرنتۆ و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر كورد و عێراق و لەساڵی ٢٠٠٦ كتێبێكی بەناونیشانی (بزاڤی نەتەوەیی كوردستان) نووسیوە و چەندین جار سەردانی كوردستان و عێراقی كردووە و یەكێكە لەو تۆژەرانەی ئێستا لەسەر دۆسێی كەركوك كاردەكات و بۆ ئەمەش چەند جارێك سەردانی كەركوكی كردووە، بۆ قسەكردن لەسەر رۆڵی سەركردایەتی سیاسیی كوردستان لەم قۆناخە هەستیارەی مێژووی كوردستان و عێراقدا، پرۆفیسۆر رۆمانۆ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.



**پرۆفیسۆر داڤید رۆمانۆ ( پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر عێراق و كورد) بۆ گوڵان:**

# ئەو گیانی لێبوردەیی و یەكترقەبووڵكردنەی لەهەرێمی كوردستاندا هەستی پێدەكرێت، رەنگدانەوەی سەرۆكە باشەكانە

*** هەموو نەتەوەیەك بەسەركردە بەهێزەكانی دەناسرێتەوە، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا ئەو میكانیزمانە چین كە دەبنەهۆی ئەوەی كەسێك وەك سەركردەیەكی بەهێز لەنەتەوەكەی خۆیدا دەربكەوێت؟**

- دەبێت لێرەدا جیاوازی لە نێوان سەرۆكی دەوڵەت و سەرۆكی نەتەوەدا بكەین، چونكە زۆرجار دەوڵەتێك چەند نەتەوەیەك لەخۆدەگرێت، ئەگەر باس لەسەرۆكی دەوڵەت بكەین ئەوا دەبێت گرنگترین تایبەتمەندی سەرۆك ئەوەبێت كە بتوانێت لایەن و پێكهاتە جیاوازەكانی وڵاتەكە یەكبخات و نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەكانی هەموولایەكیان بكات، بەڵام رەنگە ئەم ئەركە بۆ سەرۆكی نەتەوەیەك ئاسانتر بێت، بە تایبەتی كە پێناسەی نەتەوە بوونی كۆمەڵە خەڵكێك لە خۆدەگرێت كە خاوەنی زمان و كەلتور و مێژوی هاوبەش بن.

*** لە دیموكراسیدا لەسەی لایەنەوە دەسەڵاتی سەرۆكایەتی سنووردارە، ئەو سێ لایەنەش دەستوور و دادگای باڵا و رای گشتین، ئایا لە كاتێكدا بەم شێوەیە دەسەڵاتی سنوورداردەكرێت چۆن دەتوانێت وەك سەرۆكێكی بەهێز دەربكەوێت؟**

- من پێموایە كاری سەرۆك بەهێزكردنی دامەزراوەی سەرۆكایەتییە نەك تەنها پۆستەكەی خۆی وەك سەرۆك، بۆ نموونە لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا هەر چوار یان هەشت ساڵ جارێك سەرۆكی وڵات دەگۆڕێت، بەڵام بەچاوپۆشین لەوەی كێ دەبێتە سەرۆك دەبێت رێز لە دامەزراوەی سەرۆكایەتی بگیرێت بەو شێوەیەی كە شایستەیەتی، چونكە دیموكراسی گۆڕینی بەرپرس و سەرۆكەكان لەخۆدەگرێت، بەڵام دەبێت رێز لە دامەزراوەكان بگیرێت و وەك خۆان بمێننەوە.

*** سەرۆك چەند خەسڵەت و تایبەتمەندی هەیە، بەڵام ئایا ئەو خەسڵەتانە چین كە وا دەكەن دەنگدەران متمانەی خۆیان بە سەرۆكێكی دیاری كراو بدەن؟**

- بەدڵنیاییەوە ئەمە پەیوەستە بە كەسایەتی كاریزمای سەرۆك و بە رۆیا و تێڕوانینی سەرۆكەوە، كاریزمابوونیش بەمانای كۆبونەوە و چڕبونەوەی باشترین سیفەت و خەسڵەتە لەكەسایەتیەكەی دیاریكراودا، كە دەتوانین ئاماژە بە چەند سەركردەیەكی مێژووی و هەنوكەی بكەین كە ئەم چەشنە كەسایەتیەیان هەیە.

*** بەهێزی سەركردەكان لەكۆمەڵگە دیموكراسیەكاندا بۆ بڕیارە بەهێز و سەركەوتووەكان دەگەڕێتەوە، بۆنموونە ئەوەی لە كەسایەتی چەرچڵدا بەدی دەكرا، ئایا سەرۆك چۆن دەتوانرێت لە كۆمەڵگەیەكی دیموكراسیدا بڕیارێكی بەهێز بدات؟**

- زۆرجار سەرۆكەكان ناچاردەبن بڕیارگەلێكی سەخت بدەن كە مەرج نییە ئەو بڕیارە شەعبیەتێكی گەورەی هەبێت، بۆ نموونە وینستۆن چەرچڵ پێش ئەوەی ببێتە سەرۆك وەزیران باسی لەوە دەكرد كە پێویستە بەریتانیا خۆی بۆ شەڕ ئامادە بكات، ئەمە بۆچونێك بوو كە خەڵكی پشتگیریان لێنەدەكرد، بەڵام بۆچونێكی راستیش بوو، كەواتە دەبێت سەرۆك بایەخی زیاتر بەو تێڕوانین وپابەندبوونانە بدات كە

كاری سەرۆك بەهێزكردنی دامەزراوەی سەرۆكایەتییە نەك تەنها پۆستەكەی خۆی وەك سەرۆك، چونكە دیموكراسی گۆڕینی بەرپرس و سەرۆكەكان لەخۆدەگرێت، بەڵام دەبێت رێز لە دامەزراوەكان بگیرێت و وەك خۆان بمێننەوە

پێویستن و مەرجیش نیە بە شێوەیەکی بەرفراوان پشتگیریان لێبکرێت.

*** شارەزا سیاسیەکان پێیان وایە دەبێت سەرۆک خاوەنی بوێری، هێمنی و روئیایەکی گەشبینیانە بێت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانرێت ئەم سیفاتانە لە کەسێکدا دەستنیشان بکرێت بۆ ئەوەی خەڵکی متمانەی ئەوەی پێبدەن ببێتە سەرۆکیان؟**

- ڕەنگە تەنها ڕێگایەکی دیاریکراو نەبێت کە ئاماژەی پێبکەین، هەندێجار تەنها ئەو کەسە بەرێککەوت، یاخود بەختی ئەوەی دەبێت ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانە بۆ خەڵك ئاشکرابێت، هەندێ جاریش سەرۆك پێویستی بە بوونی کەسانێکی لێهاتو و کارامە هەیە بۆ ئەوەی هەڵبستن بە داڕشتنی ستراتیجیەتی پێویست و سەرکەوتو بۆ ئەم کارە.

*** هەندێ لە شارەزایان باس لە سیفەتی شەخسی دەکەن، بۆ نموونە ئەگەر باس لە ئیبراهام لینکۆڵن بکەین ئەوە بەدی دەکەین کە کەسێکی لێبوردە بوو، سیستەمی کۆیلایەتی هەڵوەشاندنەوە، هەروەها گاندی ڕێبازی ناتوندوتیژی داهێنا و پەرەی بە لێبوردەی دا، ئایا چۆن ئەم سیفەتانە سەرۆکێکی بەهێز دروست دەکەن؟**

- بەشێوەیەکی گشتی من هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا، هەرچەندە ئەوەی پەیوەست بێت بە ئیبراهام لینکۆڵن-ەوە ئەوا ئەم سەرۆکە هەمیشە و لەهەموو کاتەکاندا بە وریاییەوە کاری نەکردووە و لەڕاستیدا ئەو سەرکێشی کرد کاتێك بڕیارەکانی بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی. بەهەرحاڵ من پێموایە ئەوەی خەڵکی چاوەڕێی دەکات ئەوەیە سەرۆك بە وریایی و ژیرییەوە هەنگاو هەڵبگرێت، بۆ نموونە ئەگەر ناپلیۆن ئەم کارەی بکردایە ڕەنگە یەکێك بووایە لەنموونە باشەکانی سەرۆکایەتی.

*** چۆن ڕۆڵی سەرۆکەکەی ئێمە هەڵدەسەنگێنیت؟**

- ئەگەر بەشێوەیەکی دیاریکراو قسەبکەین ئەوا من پێموایە حیکمەت و ژیری ئەوەیە سەرکردەکانی کورد کار بۆ پاراستنی ئەو بەرژەوەندیانە بکەن کە هەر لەساڵی ١٩٩١ەوە بەدەستیانهێناوە، ئەمانە دەستکەوتگەلێکی مێژوویی و گرنگن، بەڵام هێشتا مەترسیان لەسەرە و پێویستیان بە سەرکردایەتیەك هەیە کە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی خۆی و هەرێمەکە دەستنیشان بکات و لە ڕوانگەی ئەم هەڵسەنگاندنەوە کاربکات، ئەوەی من تێبینیم کردبێت ئەوەیە تا ئێستا سەرکردە کوردەکان بە وریاییەوە هەنگاویان هەڵگرتووە، بەڵام هەر کاتێك دەرفەتیان بۆ دروست بوبێت هەوڵی پێشخستن و پەرەپێدانی ئەو دەستکەوتانەیان داوە، چونکە تەنها پاراستنیان بەس نیە، بەڵکو دەبێت کار بۆ بەرژەوەندی و پێداویستیەکانی خەڵك بکەن و ئەمەش هاوسەنگیەکی هەستیارە و ڕاگرتنی ئاسان نیە.

*** ئێمە لە وڵاتێکداین کە خاوەنی فرەیی ئیتنی و نەتەوەییە، دەبێت سەرۆك خاوەنی گیانی لێبوردەی بێت لە پێناو یەکتری قبوڵکردن و پێکەوەژیانی ئاشتیانەدا، ئایا چۆن دەتوانین لە وڵاتێکی فرە نەتەوەدا ئەم جۆرە سەرکردەیە دروست بکەین؟**

- ئەوە ڕاستە کە دەبێت کار بۆ پەرەپێدانی گیانی لێبوردەیی و گەشبینی و هاوکاری کردنی یەکتر بکرێت. لە کۆبونەوەیەکی نێوان چەند لێکۆڵەر و کەسانی ئەکادیمیدا کە من یەکێکم بووم لێیان لە کاتی باسکردنی ئایندەی عێراقدا، یەکێك لە نیگەرانیەکان ئەوەبوو کە لە هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی لەسەر ناسنامەی نەتەوەی کوردەکان بنیاتنراوە ئەوا مەترسی ئەوە هەیە کە غەیرە کوردەکان ڕووبەڕووی نالێبوردەی و پەراوێزکردن ببنەوە، بەڵام وەڵامەکەی من ئەوەبو کە دۆخەکە بە پێچەوانەوەیە، چونکە لە کوردستان کار بە گیانی لێبوردەی و یەکترقبوڵکردن دەکرێت و باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە مەسیحیەکانی بەغدا و موسڵ پەنا بۆ هەرێمی کوردستان دەبەن چونکە دەزانن سەلامەتیان پارێزراوە و بە ڕۆحی یەکترقبوڵکردنەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، ئەمەش نمونەیەکە لە سەرکردایەتی باش، هەرچەندە بە دڵنیاییەوە دەبێت کاری زیاتریش بکرێت لەم ڕووەوە.

*** لە دیموکراسیدا سەرۆك هەڵدەستێت بە چەسپاندنی سەروەری یاسا، ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئیدارەدانی ئازادی، بەڵام ئایا لە وڵاتانی دوای شەڕدا چۆن دەتوانرێت سەرۆکێك بێتە ئاراوە ئەم ئەرکانە ئەنجام بدات؟**


- بەدڵنیاییەوە چەسپاندنی سەروەری یاسا و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و زامنکردنی ئازادیەکان لە دۆخی دوای شەڕدا گرنگیەکی بنەڕەتی هەیە، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی خەڵك بە هەل و مەرجێکی زۆر دژواردا تێپەڕیون، ئەمە پێویستی بە بەهێزکردنی دامەزروەکان هەیە، هەروەها کارێکیش نیە بتوانرێت لە شەو و ڕۆژێکدا بهێنرێتەدی، بەڵکو پێویستی بە پەرەپێدانی بەها و کەلتوری یەکترقبوڵکردن هەیە، بەوانەشەوە کە بیروڕای جیاوازیان هەیە.

*** سەرۆکی بەهێز فاکتەرێکی گرنگە بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی و شەڕی دژە تیرۆر، ئایا چۆن پێناسەی ڕۆڵی سەرۆك دەکرێت لە ئەداکردنی ئەم ڕۆڵانەدا؟**

- گومان لەوەدانیە کە دەبێت سەرۆك ڕێز لە دیموکراسی و فرەیی بگرێت، بەڵام دەبێت لە هەمان کاتدا ئامادەی بەکارهێنانی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس بێت لە هەر کاتێك پێوست بوو، یاخود لە هەر شوێنێك کە پێویست بوو، بە تایبەتی ئەگەر هاتوو هێزێك سەری هەڵدا کە هەوڵی لەناوبردنی دیموکراسیدا بەهۆی بەکارهێنانی هێزەوە وەك ئەوەی ئەنسار و ئیسلام لە ساڵی ٢٠٠٣دا لە بیارە کردیان.

ئەوەی خەڵکی چاوەڕێی دەکات ئەوەیە سەرۆك بە وریایی و ژیرییەوە هەنگاو هەڵبگرێت، بۆ نموونە ئەگەر ناپلیۆن ئەم کارەی بکردایە ڕەنگە یەکێك بووایە لەنموونە باشەکانی سەرۆکایەتی

پرۆفیسۆر داڤید ئەبراهام ئوستادی یاسای دەستووریە لەزانکۆی مەیامی و پسپۆر و تایبەتمەندە لەدەستوور و، ئەم بوارە گرنگە کە دەسەڵاتی سەرۆك لەسیستەمی دیموکراتیدا دەستنیشان دەکات، بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵ و کاریگەری سەرۆك لەکۆمەڵگەی دیموکراتی و دەرکەوتنی سەرۆکی بەهێز وەك پێویستیەك بۆ قۆناخە تایبەتییەکانی کۆمەڵگە، سەبارەت بەم پرسە گرنگە پرۆفیسۆر ئەبراهام بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.



پرۆفیسۆر داڤید ئەبراهام بۆ گوڵان:

# بۆ وڵاتی ئێوە سەرۆکی بەهێز ئەو سەرۆکەیە بتوانێت سەروەری یاسا پیادەبکات

*** پێناسەی چەمکی بەهێزی بۆ سەرۆك لەسیستەمی دیموکراتیدا چ مانایەکی هەیە، بۆچی هەندێ جار تەفسیری هەڵەی بۆ دەکرێت؟**

- بەهێزبوون شێواز و فۆرمی جیاوازیی هەیە، دەسەڵات و بەکارهێنانی دەسەڵات یەکێکە لەشێوەکان، بەڵام من پێموایە بەهێزی سەرۆك یان سەرکردە بریتیە لە تێگەیشتنێکی روون دەربارەی پێدوایستیەکانی سەردەم و رۆژگارەکە و قەناعەت پێکردنی خەڵکە بەو ئاراستەیەی سەرۆك دەیگرێتەبەر و بەو چارەسەرانەی دەیانخاتەڕوو بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان، بە دڵنیاییەوە ئەمەش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، بۆ نموونە لە هەندێ وڵاتدا ئەولەویەت بۆ پاراستنی یاسا و نیزامە، لە هەندێ وڵاتی دیکەدا بۆ دابینکردنی ئازادیە و هتد.

پێموایە بەهێزی سەرۆك یان سەرکردە بریتیە لە تێگەیشتنێکی روون دەربارەی پێدوایستیەکانی سەردەم و رۆژگارەکە

*** ئایا ئەم دەسەڵاتەی دەدرێتە سەرۆك بۆ ئەو ئەجینداییەی هەیەتی تاچەند رووبەرووی ئاستەنگ و گوشاری رای گشتی دەبێتەوە؟**

- ناتوانین لەکۆمەڵگەی دیموکراسیدا یاسا و رای گشتی وەك کۆسپ و ئاستەنگ سەیربکەین، لە راستیدا دەبێت دەسەڵات لە رێی جێبەجێکردن و پابەندبون بە یاسا و لە رێی بەدەستهێنانی پاڵپشتی رای گشتی کارەکانی راییبکات، بەڵامەش ئەمەش ئەرکێکی ئاسان نیە، چونکە دەبێت رای گشتیش لەسەر بنەمای بەها هاوبەشەکان بنیاتنرابێت و دەبێت کار لەسەر کەمکردنەوەی بێ متمانەیی و دابەشبوون لە رای گشتیدا بکرێت، چونکە هێز لەوەدایە پابەندبیت بە یاساکانەوە، تەنها بەکارهێنانی هێز و تەنها پشتبەستن بەهێز ناتکاتە سەرۆکێکی بەهێز، بەو پێیە هەم یاسا و هەم رای گشتی دەتوانن سەرمایەیەك بن بۆ سەرۆك نەك کۆسپ و تەگەرە، واتە نەك سەرۆك وەك سەرچاوەی نیگەرانی لێیان بروانێت. تەنها پەنابردن بۆ هێز نابێتەهۆی هێنانەدی سەقامگیری، بەڵکو پابەندبوون بە یاسا و دروستکردنی ئیجماعێك لە چوارچێوەی یاسادا، کەواتە نابێت سەرۆك دژی یاسا کاربکات، دەبێت لە چوارچێوەی یاسا مومارەسەی دەسەڵاتەکانی بکات.

*** ئایا ئەو خەسڵەتانە چین کە وا دەکەن دەنگدەران متمانەی خۆیان بە سەرۆکێکی دیاری کراو بدەن؟**

- لە راستیدا چەند هۆکارێکی عەقڵانی و نیمچە عەقڵانی و ناعەقڵانیش هەیە بۆ ئەوەی خەڵکی دەنگ و متمانەی خۆیان بە کەسێکی دیاریکراو بدەن، بەڵام هەندێ جار ئەوەی پتر تەرکیزی لەسەر دەکرێت کەسایەتی کاریزمایی ئەو کەسەیە، بۆ نموونە دەتوانین ئەمە لە کەسێکی وەك باراك ئۆباما دا بەدی بکەین، کە کەسایەتیەکەی سیحرێك و سەرنجراکێشیەکی تایبەتی پێبەخشیوە، چونکە ئەویش بانگەشە بۆ پەرەپێدانی بەها هاوبەشەکان دەکات و هەوڵی چاندنی باوەڕبەخۆبوون و متمانە دەدات، لەلا یەکی دیکەوە دەبێت سەرۆك بتوانێت تێگەیشتنێك و روئیایەکی روونی هەبێت بۆ ئەو ئاراستەیەی لە ئایندەدا دەیگرێتەبەر و ئەم تێگەیشتنەش بکاتە بەرنامەیەك و کاری لەسەر بکات.

*** ئایا ئەو خەسڵەتانە تاچەند دەبنە هۆکار بۆ بڕیاری بەهێزی سەرۆك؟**

- دوو رێگە هەیە، یەکەمیان ئەگەر لە کەسایەتی چەرچڵەوە حوکم بدەین ئەوا ئەو راستیە بەدی دەکەین کە کەسایەتی سەرۆکەکان لە رەوتی رووداوەکاندا دروست دەبێت و زۆرجار سەرۆکەکان بەهۆی بردنەوەیان لە شەڕەکاندا دەبنە سەرۆکێکی مەزن و رێزلێگیراو، ئەمە بە ئاشکرا لە حاڵەتی چەرچڵدا بەدی دەکرێت، چونکە پێش شەڕەکە چەرچڵ سیاسیەکی دۆڕاوبوو، ئەگەر ئاکامی جەنگی جیهانی دووەم جیاواز بووایە ئەوا رەنگە هەمو هەڵوێست و لێدوان و وتەکانی چەرچڵمان لەبیرکردایە. بەڵام دەبێت لێرەدا ئەوە بڵێم کە دەبێت ئەوە شەرێك بێت خەڵك هۆکار و پاساوەکانی بە شەرعی بزانن. دووەم ئەوەیە سەرۆك هەڵبستێت بە ئەنجامدانی پرۆژەیەکی

نیشتمانی گەورە کە عادەتەن ئەمە لە ناوخۆی ولاتەکەدا بێت، بۆ نموونە ئەگەر ئۆباما پرۆژەی زەمانی تەندروستی لە ئەمەریکادا بچەسپێنێت — ئەمەریکا دوایەمین دەوڵەتی دەوڵەمەندی دونیایە کە نییەتی-ئەوا دەبێتە دەستکەوتێکی گەورە و دەدرێت پاڵ ئۆباما و رەنگە ببێتە بناغەی پرۆژەی گەورەتریش لە ئاییندەدا.

*** شارەزا سیاسیەکان پێیان وایە دەبێت سەرۆك خاوەنی بوێری، هێمنی و رۆئیایەکی گەشبینانە بێت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانرێت ئەم سیفاتانە لە کەسێکدا دەستنیشان بکرێت بۆ ئەوەی خەڵکی متمانەی ئەوەی پێبدەن ببێتە سەرۆکیان؟**

- ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن راستە، ئەمە پێی دەڵێن «کاری سیاسەت»، چونکە دەبێت سەرۆك لەکۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا تێڕوانینی گەشبینانەی هەبێت، بۆ نموونە کارتەر ئەم تیروانینەی نەبوو، بەڵام باجەکەی دا، کەواتە یەکێك لەخەسڵەتەکانی سەرۆك و سەرکردایەتی بوونی گەشبینییە، هەروەها بوێریش، بەڵام بوێریش شێوەی جیاوازی هەیە، بۆ نموونە هەمیشە مەککین باسی لە تۆماری سەربازی خۆی دەکرد کە دیلی شەڕ بوو لە ڤێتنامدا، بەڵام بوێری بە نیسبەت ئۆباماوە هێنانەدی گۆڕانکاری بوو، چونکە هەندێ لە دروشمەکانی ئەوەبوو «بەڵێ دەتوانین ئەو کارە بکەین» واتە باوەڕبوون بوو بە توانای دروستکردنی گۆڕانکاری، بەڵام رەنگە ئەولەویەتەکە لە ولاتێکی وەك ئێران یان عێراقدا جیاوازبێت، بۆ نموونە رەنگە لە عێراقدا پێویست بێت پتر بایەخ بە پاراستنی یاسا و نیزام بدرێت، بە چەسپاندنی سەقامگیری، ئەمە لە کاتێکدا رەنگە مەسەلەی پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشی ناوخۆی لە ئەمەریکادا کێشەیەك نەبێت. من دەڵێم ئەوەی سەرۆکەکان بەڵێن هێنانەدی دەدەن سەقامگیری و گەشەپێدانە، بۆ نموونە جۆرج بۆش لە ساڵی ٢٠٠٠دا بەڵێنی سەقامگیری و گەشەکردنی بە خەڵکی ئەمەریکادا لە سەر بنەمای بازاڕی ئازاد، خەڵکێکی زۆریش متمانەیان پێکرد، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٨دا دەرکەوت کە ئەمە قەیرانی ئابووری دروستکرد، کەواتە دەبێت سەرۆك پەیامی گونجاو لە کاتی گونجاودا بە خەڵك بدات بە تێڕوانینێکی گەشبینیانە و بە گیانێکی بوێرانەوە.

*** پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا چۆن ئەم سیفەتانە سەرۆکێکی بەهێز دروست دەکەن؟**

- مارکس لەشیکردنەوەیدا بۆ شۆڕشی فەرەنسی باس لەوە دەکات کە ئینسانەکان مێژووی خۆیان دروستدەکەن بەڵام مێژوویەك کە خۆیان خواستیان لەسەری نەبووە، ئەمەش بەهۆی ئەو هەلومەرجەی لەئارادایە کە بەرهەمی رابردووە، واتە زۆرجار رابردوو وەك کابوسێك لە ئێستادا دەردەکەوێت، بۆ نموونە راستە ئیبراهام لینکۆڵن سەرۆکێکی مەزن بوو، سەرکردەیەکی مەزن بوو و مێژووی دروستکرد، بەڵام ناچاربوو بۆ کۆتایهێنان بە کۆیلایەتی پەنا بۆ بەرپاکردنی شەڕێکی ئازاربەخش، دووروودرێژ و خوێناوی ببات، مەبەستم ئەوەیە زۆرجار پاڵەواکانیش ناچار بە خوێنڕشتن دەبن.

*** کەواتە لێبوردەیی کارێکی ئاسان نییە، ئایا چۆن دەتوانین لەوڵاتێکی فرە نەتەوەدا ئەم جۆرە سەرکردەیە دروست بکەین؟**

- ئەمە ئەرکێکی قورسە لە دیموکراسیەتە فرەنەتەوەییەکاندا، بۆ نموونە لە بەلجیکا خەڵکی وڵاتەکە بەسەر فلامی و فەرەنسیەکاندا دابەشبوونە، رێگەیەکی دیکە ئەوەیە ناسنامەیەك بخوڵقێنرێت کە باڵاتر بێت لە گروپە ئیتنیەکان، ئەمەش ئەرکێکی قورسە، بۆ نموونە ئایا دەتوانرێت لە عێراقدا ناسنامەیەکی هاوبەش دروستبکرێت، لەسەر بنەمای عێراقیبوون یان موسڵمان بوون. لە راستیدا هەمیشە لە سیستمی فیدراڵیدا دوچاری ئەم دژواریە دەبینەوە، بۆ نموونە ئەگەر حکومەتی ناوەندی لاواز بوو و هەرێمەکان بەهێزبوون، ئەوا هاوبەشیکردن لە سەرچاوەکان و هاوکاری کردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان زەحمەت دەبێت.

*** لە دیموکراسیدا سەرۆك هەڵدەستێت بە چەسپاندنی سەروەری یاسا، رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئیدارەدانی ئازادی، بەڵام ئایا لە وڵاتانی دوای شەڕدا چۆن دەتوانرێت سەرۆکێك ببێتە ئاراوە ئەم ئەرکانە ئەنجام بدات؟**

- متمانە و لێبوردەیی دو هۆکاری گرنگن بۆ هێنانەدی سەقامگیری و سەروەری یاسا، واتە دەبێت لە وڵاتانی دوای شەڕدا بە چەشنی عێراق هەنگاوەکانی بنیاتنانی متمانە هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی کورد و شیعە و سوننەکان جیاوازیەکانی یەکتر قبوڵ بکەن و متمانە بەیەك بکەن، چونکە دروستبوونی متمانە دەبێتەهۆی هاوکاریکردن لەگەڵ یەکدا ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی هاوبەش و من پێموایە ئەمەش ئامانجەکەیە. لە راستیدا بوونی دەوڵەتێکی خاوەن هەژموون کە سەقامگیری سیستمە جیهانیەکە بپارێزێت شتێکی گرنگە، بۆ نموونە بەشێکی زۆری سەقامگیری سەردەمی شەڕی سارد بۆ بوونی دو هێزی گەورە دەگەڕایەوە، هەروەها بەشێکی ئەو کێشانەی ئەم چەند ساڵەی دوای بۆ رووخانی یەکێتی سۆڤیەت دەگەڕێتەوە کە من پێم وایە مانەوەی ئەمەریکا وەك تاکە جەمسەری جیهانی شتێك باش نیە نە بۆ ئەمەریکا و نە بۆ جیهانیش.


*** تاوەکو ئێستا ئۆباما بە سەرۆکێکی سەرکەوتو دادەنرێت، پرسیارەکە ئەوەیە چی وای لێکردووە کە ببێتە سەرۆکێکی مەزن؟**

-ئۆباما تا ئەم ساتەوەختەش سەرکەوتووبووە لەبنیاتنانی متمانە و گیانی هاوکاریکردن لەناو خەڵکی ئەمەریکادا، هەروەك لەسەر ئەو بنەمایە کاری کردووە کە دەبێ خەڵکی بەشداربن لەدروستکردنی ئاییندەی خۆیاندا، ئەو کەسێکی دیکتاتۆر نیە، باوەڕی بەکارکردنە لەگەڵ خەڵك و لە پێناوی خەڵکدا، لەسەر ئاستی جیهانیش ئەو پەیامەی ڕاگەیاندووە کە ئەو باڵادەستی سەربازی و ئابووری ئەمەریکا بۆ هاوکاری وڵاتانی دیکە بەکاردەهێنێت، نەك بۆ سەپاندنی مەرجەکانی ئەمەریکا بەسەریاندا. من تەنها ئەوەندە دەڵێم کە دەتوانین بە رەوتێکی لەسەرخۆ رێگای بنیاتنانی متمانە و لێبوردەیی ببڕین، بەڵام ئەمە رێگایەکە شایستەی ئەوەیە هەوڵی بۆ بدەین.

**دەبێت سەرۆک لەکۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا تێڕوانینی گەشبینانەی هەبێت، بۆ نموونە کارتەر ئەم تیروانینەی نەبوو، بەڵام باجەکەی دا، کەواتە یەکێک لەخەسڵەتەکانی سەرۆک و سەرکردایەتی بوونی گەشبینییە**

**ئۆباما تا ئەم ساتەوەختەش سەرکەوتووبووە لەبنیاتنانی متمانە و گیانی هاوکاریکردن لەناو خەڵکی ئەمەریکادا، هەروەک لەسەر ئەو بنەمایە کاری کردووە کە دەبێ خەڵکی بەشداربن لەدروستکردنی ئاییندەی خۆیاندا**

پرۆفیسۆر ماسیۆ لۆ، ئوستادی مێژووی فەلسەفەیە لەزانکۆی سات تۆماس و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سایکۆلۆژیەت و تیۆری ئەخلاق،



فەلسەفەی ئایین، بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی سەرۆك لەم روانگایانەوە، پرۆفیسۆر ماسیۆ لو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

**پرۆفیسۆر ماسیۆ لۆ (ئوستادی مێژووی فەلسەفە) بۆ گوڵان:**

# دەبێت سەرۆک بتوانێت قەناعەت بەخەڵک بهێنێت کە ئەو ئاراستەیەی گرتوویەتیەبەر زەروورییە و ئەگەری سەرکەوتنی لێدەکرێت

گرنگترین خەسڵەتێک کە دەبێت لەسەرکردەدا هەبێت بایەخدانێتی بەبەرژەوەندی گشتی

*** ئەگەر سیفەتەکانی سەرۆکی بەهێز پێناسە بکەین، ئایا چۆن پێناسەی بکەین؟**

- گرنگترین خەسڵەتێك کە دەبێت لەسەرکردەدا هەبێت بایەخدانێتی بەبەرژەوەندی گشتی. ئەرستۆ جیاوازی دەکات لەنێوان فۆرمە دەستوریەکانی حکومەت و حکومەتە کاراکان کە بایەخێکی سەرەکی بەم بەرژەوەندیە دەدەن. بە دەربڕینێکی دیکە، نابێت سەرکردەی باش تەرکیزی لەسەر مەسەلە شەخسی و تائیفیەکان بێت، بە تایبەتی کاتێك ڕووبەڕووی فشارێکی زۆر دەبێتەوە بۆ ئەوەی ئەم کارە بکات. کەواتە دەبێت سەرکردە سەرکردایەتی بکات: واتە دەبێت ئامادەبێت بۆئەوەی لەهەندێ کاتدا بەرهەڵستی بیروبۆچونە باوەکان بکات، ئەگەرچی ئامانجی ئەوەیە لەمەودای دووردا هەڵبستێت بە سیاغەکردنی ئەو بیروبۆچونانە.

*** بەڵام لە سیستمی دیموکراتی، سەرۆکی بەهێز کۆمەڵێك ئاستەنگی دێتە پێش، ئایا چۆن لەو ئاستەنگانە خۆی رزگار دەکات؟**

- هەرچەندە، پێشتریش ئاماژەم پێکرد، نابێت سەرۆك لەوە بترسێت کە (هەندێ جار) وەك سەرۆکێکی ناشەعبی دەرکەوێت، دەبێت بە شێوەیەکی کارا ئەوە بەکاربهێنێت کە ئەمریکیەکان پێی دەڵێن (Bully pulpit) بە گوزارشتێکی دیکە دەبێت پۆستە باڵاکەی خۆی و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکاربهێنێت بۆ قەناعەتپێهێنانی تێکرای وڵاتەکە کە ئەو کار بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی دەکات. کەواتە پەیوەندیکردن و قەناعەتپێهێنانی کارا لە لایەن سەرۆکەوە کارێکی زۆر گرنگە. لە هەمان کاتدا، دەبێت لە هەندێ هەل و مەرجدا، ئامادەی گرتنەبەری ئاراستەیەکی ناشەعبی بێت ئەگەرهاتوو ئاسایش و عەدالەت پشتیان بەو ئاراستەیە دەبەست.

*** تاچەند ئەم هەوڵانەی سەرۆك کاریگەری لەسەر قەناعەتی دەنگدەران دەبێت لەسەر سندوقی دەنگدان؟**

- ئەمانە مەسەلەگەلێکی هاوبەشن. دەبێت سەرۆك هۆشیاربێت بەهەلومەرجەکە، لەڕووی ئەخلاقیەوە کەسێکی جیددی بێت و پابەندبێت بە هێنانەدی بەرژەوەندی گشتیەوە. لەم رۆژگارەدا زۆرێك لە پاڵێوراوەکان دەتوانن سەرکەوتوانە کاریگەری لەسەر دەنگدەران دروست بکەن، بەڵێنی گەورە دەدەن. لە کاتێکدا (ڕوونە) کە ئەمە لە هەندێ کاتدا تاکتیکێکی سەرکەوتووە، بەڵام من پێموایە لە بنەڕەتدا لەگەڵ هەوڵەکانی هێنانەدی بەرژەوەندی گشتیدا ناگونجێن.

*** دیسان ئەو پرسیارە دوبارە دەکەمەوە، ئایا سەرۆك چۆن دەتوانرێت لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا بڕیارێکی بەهێز بدات؟**

- دەبێت سەرۆك بتوانێت قەناعەت بە خەڵك بهێنێت کە ئەو ئاراستەیەی گرتویەتیەبەر زەرورییە و ئەگەری سەرکەوتنی لێدەکرێت. بەکارهێنانی (Bully pulpit) و نزیکبوونەوەیەکی زیاتری لە رەخنەگرەکانی کارێکی پێویستە، ئەمە لە کاتێکدا هەندێ سەرۆك بە بەراورد بە سەرۆکەکانی دیکە ڕووبەڕووی ڕاگەیاندنێکی توندتر دەبنەوە.

*** بەڵام شارەزا سیاسیەکان پێیان وایە دەبێت سەرۆك خاوەنی بوێری، هێمنی و ڕوئیایەکی گەشبینیانە بێت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانرێت ئەم سیفاتانە لە کەسێکدا دەستنیشان**


**بکرێت بۆ ئـــەوەی خەڵکی متمانەی ئەوەی پێبدەن ببێتە سەرۆکیان؟**

- چارەســـەرێکی ئاســـان و حـــازر بۆ ئەم مەســـەلەیە لە ئـــارادا نییە. پرســـیارەکەی ئێوە ئەوەیە چۆن حوکم لەسەر کەســـێك بدەین. تا رادەیەکی دیاری کراو دەبێت ئـــەو کارە بکەیت کە لەگەڵ کەسێکی سادەدا دەیکەیت: گوێگرتن لێی بۆ ئەوەی بزانیت چۆن قسەدەکات،لەبەرچاوگرتنی پاشخان و ئەزموونی رابردوی، هەروەها سەرنجدان لەو کەسانەی لە دەوروبەریدان (خێزان، دۆست و هاورێکانی، راوێژکارەکانی، هتد.)

ئەمە پرسێکی پەیوەســـتە بە توانای ســـەرۆك بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کار هـــۆکار و پاســـاوەکانی گرتنەبەری سیاسەت و بەرنامەکانی روون بکاتەوە کە چۆن رەنگدانەوەیان دەبێت لەســـەر تێکرایـــی وڵاتەکە. ئـــەوەش روونە کـــە نابێت بەو شـــێوەیە لێی بروانرێت کـــە تەنهـــا ( یاخود بە شـــێوەیەکی ســـەرەکی ) بەرژەوەندیەکانی گروپێك یان تائیفەیەکی دیاری کراو لەبەرچاو دەگرێـــت. مـــن پێموایە لـــە رووی سیاسییەوە پێویست بە نمونەگەلێکی روون دەکات کە تێیدا سەرۆك لە پێناو بەرژەوەندی گشـــتیدا داواکاریەکانی گروپەکەی خۆی لەبەرچاونە گرتووە.

*** لەپرۆسەی بنیاتنانی دیموکراسیدا سەرۆك هەڵدەستێت بە چەسپاندنی ســـەروەری یاســـا، رێزگرتـــن لە مافەکانـــی مـــرۆڤ و ئیدارەدانی ئازادی، بەڵام ئایا لە وڵاتانی دوای شەردا چۆن دەتوانرێت سەرۆکێك بێتە ئاراوە ئەم ئەرکانە ئەنجام بدات؟**


- مـــن پێموایـــە بـــێ دابینکردنی دۆخێکی ئەمنی باش (هەم لەسەر ئاســـتی پاراســـتنی گیانی خەڵك هەم لەســـەر ئاســـتی پاراســـتنی موڵکەکانیـــان) ناتوانرێـــت هیـــچ کارێکی دیکـــە بکرێت. هەرچۆنێك بێت، ناتوانرێت لە رێی گرتنەبەری




رێوشـــوێنی توندوتۆڵەوە لە سەرەوە بۆ خوارەوە ئاسایشـــی راســـتەقینە بســـەپێنرێت، بەڵکـــو خیتـــاب و قەناعەتپێهێنانی ســـەرۆك بە خەڵك رۆڵ دەبینـــن. دەبێت ســـەرۆك ئەو قەناعەتە لای خەڵك دروست بکات کە ئایندەیەکی هاوبەش هەیە بۆ هەمو لایەك و شایستەی ئەوەیە کۆششی بۆ بکەین. بە دەربرینێکی دیکە لە بەشێکی گەورەدا ئامانجی سەرۆك پتەوکردنی کۆمەڵگـــەی مەدەنیە (وەك بەشێکی دابراو لە حکومەت)، واتـــە دروســـتکردنی ئەو بـــاوەرە لای خەڵك کە بەرپرســـیارێتیەکی شەخسیان هەیە بۆ سەلامەتی خۆیان و بـــۆ کۆمەڵگە مەدەنیەکانیان. بێ بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی پتەو، ئەگەری سەرکەوتنی هیچ بەرنامە و سیاسەتێکی حکومی لەمەودای دووردا لە ارادا نابێت.

دەبێت ئەو راستیيە لای هەموو لایەك روون بێـــت بەکارهێنانی هێز یەکێکە لە رێگاچـــارەکان و لە هەندێ کاتدا پێویســـتە مومارەسە بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، لە سەر شانۆی نێودەوڵەتی ئەو جۆرە لە خیتاب و قەناعەتپێهێنانەی کە ئاماژەم پێکرد _لە پەیوەندیدا بە بارودۆخی ناوخۆییـــەوە_ بە هەمان شێوە گرنگن. دەبێت سەرکردەی بەهێز توانـــای گوزارشـــتکردن و بەرگری کردنـــی هەبێت لە تێگەیشـــتنێکی قەناعەتپێهێنەرانە دەربارەی ئایندەی ئاشتی نێودەوڵەتی. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت وەك سەرکردەی نەتەوەکەی خۆی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی میســـداقیەتی ناوخۆی و دەرەوە لەدەستنەدات.

**بێ بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی پتەو، ئەگەری سەرکەوتنی هیچ بەرنامە و سیاسەتێکی حکومی لەمەودای دووردا لە ارادا نابێت**



**پرۆفیسۆر ناسان جون، ئوستادی فەلسەفەی سیاسەتە لەزانكۆی میدیوسترین ستەیت، پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر ئەخلاق و سیاسەت، بۆ قسەكردن لەسەر رۆڵی كاریگەری سەرۆك و لەكۆمەڵگەو چۆنیەتی دەركەوتنی سەرۆكە بەهێزەكان وەك زەرورەتی قۆناخی هەستیاری هەر میللەتێك، پرۆفیسۆر جون بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

## پرۆفیسۆر ناسان جون بۆ گوڵان:

# دەبێت سەرۆک راستگۆبێت لەگەڵ خەڵک و شەفاف بێت لەکارەکانیدا

**ئۆباما لەكات و ساتێكدا هات كە خەڵكی ئەمەریكا ئامادەی گۆڕان بوون**

*** یەكێك لەجوانیەكانی سیستمی دیموكراتی ئەوەیە، كە دەتوانرێت بە دیدیكی رەخنەیی باسی هەموو پرسەكان بكرێت تەنانەت سەرۆكیش، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا خەسڵەت و تایبەتمەندیەكانی سەرۆك لە كۆمەڵگەی دیموكراتی دەبێت چۆن بێت؟**

- ئەمە پرسیارێكی باشە، من پێم وایە دەبێت سەرۆك ڕاستگۆبێت لەگەڵ خەڵكەكەدا، هەروەها دەبێت شەفاف بێت لە كارەكانیدا، مەبەستم ئەوەیە دەبێت خەڵكی ئاگاداری چۆنیەتی هەڵسوڕاندن و ئەداكردنی كارەكان بن، بۆ نموونە حكومەت و ئیدارەكەی ئێمە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردودا ڕاستگۆ و شەفاف نەبووە لەگەڵماندا. هەروەها دەبێت ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاوبێت كە لە وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكادا سەرۆك تەنها یەكێكە لە دەسەڵاتەكان، كە ئەویش دەسەڵاتی جێبەجێكردنە، واتە ئەركی سەرۆك تەنها جێبەجێكردنی ئەو یاسایانەیە كە كۆنگرێس دەریان دەكات و لەلایەن دادگاكانەوە تەفسیر دەكرێن. واتە نابێت سەرۆك دەسەڵاتی دەركردنی یاساكانی هەبێت. من پێم وایە نابێت هیچ سەرۆكێك دەسەڵاتێكی سنوردارنەكراوی هەبێت، لە ڕاستیدا ڕای گشتی لەم ڕووەوە گرنگی خۆی هەیە، بە تێڕوانینی من هۆكاری ئەوەی حاڵی حازر ئەمەریكا لە دۆخێكی باشدانییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەكە كە ئیدراەی پێشوو لە ماوەی هەشت ساڵی حكومكردنیدا ڕای گشتی جیهانی پشتگوێخست، لەبەر ئەوە دەبێت سەرۆك بایەخ بەڕای گشتی بدات و دەبێت دەسەڵاتێكی سنورداری هەبێت.

*** ئایا ئەو تایبەتمەندیانە بەسن بۆ ئەوەی دەنگدەر لەسەر سندوقی دەنگدان بڕیاری خۆی بەراستی بدات.؟**

ئەمە مەسەلەیەكە پتر دەوەستێتەسەر هەلومەرجی هەڵبژاردنەكان، بۆ نموونە ئۆباما لەكات و ساتێكدا هات كە خەڵكی ئەمەریكا ئامادەی گۆڕان بوون، هەروەها ئۆباما توانیتی بە ڕوونی شكستەكانی ئیدراەی پێشوو دەستنیشان بكات و توانیتی قەناعەت بە خەڵك بهێنێت كە ئەو كەسێكی شایستەیە بۆ ئەوەی ئەو كێشە و قەیرانانە تێپەڕێنێت، هەروەها جۆرج بۆش لە جاری دووەمی خۆپاڵاوتنیدا بۆ سەرۆكایەتی توانیتی بەو شێوەیە سەركەوتن بەدەست بهێنێت كە مەسەلەی ئاسایش و ترسی ئەمنی كردبووە ئەولەویەتی سەرەكی و توانیتی ئەو قەناعەتە بچەسپێنێت كە تەنها بە دەرچونەوەی ئەو دەتوانرێت ئەمەریكا لە هەڕەشەی تیرۆر بپارێزرێت، كەواتە لەئەمەریكا قەناعەت و بیروباوەڕی پێشوەختە لەسەر هیچ پارت و پاڵێوراوێك نییە، بەڵكو ئەوە دەوەستێتەسەر پاڵێوراوەكان كە چۆن بتوانن گوزارشت لە كێشە و گیرگرفتەكان بكا و چارەسەریان بۆ دەستنیشانبكات. ئەوەی من تێبینیم كردووە ئەوەیە هەمیشە لە كاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەكاندا پاڵێوراوەكان زۆر بوێر و گەشبینانە


لێدوان دەدات و چەندین بەڵێن دەدات، بەڵام لەدوای دەسەڵاتگرتنەدەست ڕووبەڕووی ئاستەنگ و سەختی دەبێتەوە لە جێبەجێکردنیانەدا. واتە هەمیشە بەڵێنی گەورە دەدەن، بەڵام تەقریبەن هەمو کاتێك شکستدەهێنن لە جێبەجێکردنیاندا.

*** بەهێزی و ژیری سەرکردەکان لە کۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا بۆ بڕیارە بەهێز و سەرکەوتوەکان دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە ئەوەی لە کەسایەتی چەرچڵدا بەدی دەکرا، ئایا سەرۆك چۆن دەتوانرێت لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا بڕیارێکی بەهێز بدات؟**

- من پێموایە ناتوانین لەئێستادا کەسانێکی وەك وینستۆن چەرچڵ یان فرانکلین ڕۆزەفڵت بدۆزینەوە، ڕەنگە هۆکارەشە ئەوەبێت ئەوان بەرهەمی سەردەم و ڕۆژگارێکی تایبەت و جیاوازبوون، بۆ نموونە فرانکیلن ڕۆزەفڵت کەسێکی مەبدەئی بوو، بڕیاری قورس و سەختی دەدا، بە چاوپۆشین لە کاریگەری و دەرئەنجامەکان، هەروەها بە چاوپۆشین لەوەی ئەمە چ ڕەنگدانەوەیەکی دەبێت لەسەر بەرژەوەندی لایەنەکانی دیکە، ئەمە لە کاتێکدا لە ڕۆژگاری ئێستا، بە تایبەتی لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا سیاسەت لە لایەن بەرژەوەندیە تایبەتیەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت.

*** ئایا چۆن دەتوانین لە وڵاتێکی فرە نەتەوەدا ئەم جۆرە سەرکردەیە دروست بکەین؟**

- لە ڕاستیدا هەڵبژاردنی ئۆباما بە سەرۆکی ئەمەریکا کارێکی تا دوا ڕادە باش بوو، ئاماژە بوو بە توانای تێپەڕاندنی ناکۆکیە و گرژیە ڕەگەزیەکان، بۆ نموونە پەنجا ساڵی پێش ئێستا کەس لەو باوەڕەدانەبوو کەسێك ببێتە سەرۆکی ئەمەریکا کە ئەسڵێکی ئەفریقی هەبێت، مەبەستم ئەوەیە لەگەڵ بوونی ئەو ناکۆکی و گرژیە قوڵانەدا ئەمەریکا توانیتی بگاتە ئەم دۆخە، ئەوا لە وڵاتێکی وەك عێراقیشدا ئەگەرچی ناکۆکی و جیاوازی قوڵ و درێژخایەن هەیە لە نێوان پێکهاتەکاندا بەڵام هێشتا ئەگەری ئەوە هەیە ئەو ناکۆکیانە تێپەڕێنن، ئەگەرچی ئەمە ئەرکێکی ئاسان نیە و کاتێکی زۆریشی دەوێت. من پێم وایە هەر سەرۆکێك، بە سەرۆکی ئەمەریکاشەوە، ئەگەر بیانەوێت جیددی بن لە پاراستنی ئاسایش و ئاشتی جیهانیدا دەبێت لە کێشە و ناکۆکی نێوان ئسرائیل و فەلەستینەوە دەست پێبکەن، چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش بەوە دەکرێت ڕەخنە لە ئیسرائیل بگیرێت و ڕاستەوخۆ پێی ڕابگەیەنرێت ئەو کارانەی دەیکات هەڵەیە، هەروەها دەبێت یارمەتی سەربازی بۆ ئیسرائیلیش بوەستێنرێت، ئەگەر هاتوو بەردەوام بوو لەسەر ئەم کارانە و دەبێت پاڵپشتی ئەو چارەسەرەبکرێت کە دروستکردنی دەوڵەتی فەلەستینی لەخۆدەگرێت لەپاڵ ئیسرائیلدا، چونکە تاوەکو ئیسرائیل ناچارنەکرێت دەست لەم کار و هەڵوێستانەی هەڵنەگرێت ئەوا ئاشتی دروست نابێت و ناچەسپێت.




**لەئەمەریکا قەناعەت و بیروباوەڕی پێشوەختە لەسەر هیچ پارت و پاڵێوراوێک نییە، بەڵکو ئەوە دەوەستێتەسەر پاڵێوراوەکان کە چۆن بتوانن گوزارشت لە کێشە و گیرگرفتەکان بکا و چارەسەریان بۆ دەستنیشانبکات**

پرۆفیسۆر تۆماس دۆیل ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی کالیفۆرنیا، پسپۆر و تایبەتمەندە لەتیۆری سیاسەت و پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکان و هەروەها لەبواری تیۆری سیاسیی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بۆ قسەکردن



لەسەر تەفسیری تیۆری سیاسەت بۆ رۆڵی سەرۆك و کاریگەری سەرۆك لەسەر سیاسەتی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی پرۆفیسۆر تۆماس بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

## پرۆفیسۆر تۆماس دۆیل بۆ گوڵان:

# دەبێت سەرۆک هەمیشە گیانی گەشبینی و ئومێد لەناخی خەڵکدا زیندووبکاتەوە

*** چی دەبێتەهۆی ئەوەی سەرۆکێکی دیاریکراو وەك سەرۆکێکی مەزن دەرکەوێت؟**

- من لێرەدا دەتوانم ئاماژە بە چەند خەسڵەت و تایبەتمەندیەك بکەم کە دەبێت لەسەرۆکدا هەبێت، یەکەم دەبێت متمانەی ئەوەی پێبکرێت و توانای ئەوەی هەبێت بڕیارە سیاسییە ڕاست و دروستەکان دەربکات، ئەمەش پێویستی بە شارەزابوون هەیە لە پرس و مەسەلە سیاسیەکان، لە بیروبۆچونی و هەڵوێستی لایەنە سیاسیەکان جیاوازەکان بۆ ئەوەی بتوانێت کۆدەنگیەك دروست بکات. دووەم دەبێت تا ڕاددەیەکی دیاری کراو کەسایەتیەکی کاریزمای هەبێت، واتە دەبێت ئەو تێڕوانینە لای دەنگدەران هەبێت کە سەرۆك دەتوانێت کاریگەرانە و پەرۆشانە کار بۆ ئەو پرسانە بکات کە پەیوەستن بە بەرژەوەندیەکانی ئەوانەوە. من لێرەدا دەمەوێت جەخت لەسەر خاڵێکی دیکە بکەمەوە ئەویش ئەوەیە دەبێت سەرۆك هەمیشە گیانی گەشبینی و ئومێد لە ناخی خەڵکدا زیندوبکاتەوە، نابێت سەرۆکێك بێت هەمیشە بە نیگەران و نائومێدی و بە گیانی شکستخواردوییەوە کاربکات، ئەوان پێویستیان بە سەرۆکێکە متمانەی ئەوەیان پێی هەبێت دەتوانێت وڵاتەکە لە تەنگ و چەڵەمە و قەیرانەکان دەرباز بکات.

***لە دەولەتی دیموکراتیدا رای گشتی رۆڵیکی کاریگەر لەسەر بریاری سەرۆك دگێڕێت، ئایا چۆن سەرۆك رای گشتی ئیقناع دەکات؟**

- بەدڵنیاییەوە لەکۆمارێکی دەستووریدا دەسەڵاتەکانی سەرۆك دەسەڵاتگەلێکی ڕەهانین، هەروەها دەبێت بڕیار و کارنامە و پێشنیارەکانی سەرۆك لەگەڵ دەستوردا بگونجێن و پێچەوانەی دەستوور نەبن، ئەگەرچی ڕەنگە هەندێ جاریش بەشێکی ڕای گشتی هاوڕانەبن لەگەڵ ئەم بڕیار و سیاسیەتانەدا، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بەشێکی بەرچاوی خەڵك پشتگیری لێبکەن، چونکە ئەگەر هەمیشە کەمینەیەکی بچوك پشتگیری سیاسەتەکانی بکەن ئەوا دەسەڵاتی لاواز دەبات و ئەو کاتەش ئەرکەکەی دەبێتە هەوڵدان بۆ گۆڕینی ڕاوبۆچونی خەڵك و ئەمەش کارێکی زەحمەتە بە تایبەتی ئەگەر خەڵکی خوازیاری ئەوەنەبن بگۆڕێن. هەر بۆ نموونە، چەرچڵ کەسێك بوو کە نەیتوانی بیروبۆچون و تێڕوانینەکانی بەشێوەیەك بۆ ڕای گشتی بخاتەڕوو کە جێی قەناعەتپێهێنانیان بێت، بە تایبەتی لەو کاتانەدا کە لە وڵاتەکە لە ئاشتیدا بووایە، بۆنموونە هەر لەدوای کۆتای هاتنی جەنگی جیهانی دووەمەوە پارتەکەی چەرچڵ لەهەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا، بەڵام پشتگیری خەڵك بۆ چەرچڵ لە کاتی شەڕەکەدا، بۆ ئەو ڕاستیە دەگەڕێتەوە کە لەکاتی شەڕدا خەڵکی پشتگیری لە سەرۆکەکانی خۆیان دەکەن، کەواتە لێرەدا دەبێت ئەو هەلومەرجە مێژوییە تایبەتەی ئەو کاتەی بەریتانیا لەبەرچاوبگرین. بەهەمان شێوە دەتوانین لێرەدا ئاماژە بە بیل کلینتۆن بکەین. بیڵ کلینتۆن خۆزگەی ئەوەی دەخواست لەبارودۆخێکی جیاوازتردا سەرۆکایەتی ئەمەریکای بکردایە، بۆنموونە لەسەردەمی جۆرج بۆشی کوڕدا سەرۆك بووایە، واتە دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر، کە دەیتوانی کاریگەری جیاوازی هەبێت چونکە خەڵکانێکی زیاتر پشتوانیان لێدەکرد. لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا دەبێت پاڵێوراوەکان ئاستێکی دیاری کراوی ئەزموون و شارەزایی سیاسیان هەبێت، ئەمەش یارمەتیدەریان دەبێت لەوەی بتوانن کەسایەتیەکی خاوەن بوێری و ئارامگریان هەبێت، هەرچەندە مەرجیش نیە ئەزمونێکی دورودرێژبێت. لە ئەمەریکادا کار بەم بنەمایە دەکرێت و هەر پارتێکی بیەوێت کەسێك وەك پاڵێوراوی سەرۆکایەتی دەستنیشان بکات ئەم ڕاستیە لەبەرچاودەگرێت و هەوڵ ئەدات بۆ ڕای گشتی ڕوون بکاتەوە و ئەزموون و پاشخانە سیاسیەکەی ئەو کەسە بخاتەڕوو بۆیان.

*** گاندی ڕێبازی ناتوندوتیژی داهێنا و پەرەی بە لێبوردەی دا، ئایا چۆن ئەم سیفەتانە سەرۆکێکی بەهێز دروست دەکەن؟**

- لەڕاستیدا هەرگیز گاندی بۆ پۆستێکی سیاسی هەڵنەبژێردراوە و قەت پۆستێکی

**بیڵ کلینتۆن خۆزگەی ئەوەی دەخواست لەبارودۆخێکی جیاوازتردا سەرۆکایەتی ئەمەریکای بکردایە، بۆنموونە لەسەردەمی جۆرج بۆشی کوڕدا سەرۆک بووایە، واتە دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر، کە دەیتوانی کاریگەری جیاوازی هەبێت چونکە خەڵکانێکی زیاتر پشتوانیان لێدەکرد**

سیاسی بەدەستەوە نەبووە، گاندی نە هەوڵی بەدەستەوەگرتنی ئەم پۆستەی دەدا و نە قەبووڵیشی دەکرد، بەڵکو زیاتر ڕێبەرێکی ڕوحی بوو، هەروەها ئەو سیفات و خەسڵەتانەی لە گاندیدا هەبوو جیاواز بوو لەو خەسڵەتانەی دەبوو لە سەرۆك وەزیرانی هیندستاندا هەبێت، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەم بەراوردکردنی گاندی لێرەدا بەراوردێکی باش نییە. هەروەها لە ئەمەریکادا دەبێت ئاستێکی دیاری کراوی لێبوردەی هەبێت، بەڵام نەك لێبوردەییەکی ڕەها، بۆ نموونە بیل کلینتۆن، هەوڵیدا زۆر کراوە بێت لە ئاست مەسەلەی هاوسەرگیری هاوڕەگەزەکان لە ناو سوپادا، بەڵام ڕای گشتی ئەمەریکا ئامادەی قبوڵکردنی ئەمە مەسەلەیە نەبوون، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەگەر زیادەڕەوی بکرێت لەم لێبوردەییەدا ئەوا متمانەی سەرۆك لاوازدەبێت. دواتر ئەوەی پەیوەست بێت بە سیفاتی شەخسیەوە من پێم وایە ئەمە لە گەشبینی و بوێری سەرۆکدا دەبێت ڕەنگ بداتەوە، بوێریش بە مانای ڕووبەڕووبونەوەی هەڕەشە دەرەکیەکان، بەڵام بوێری بۆ هێنانەدی یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی مەسەلەیەکی جیاوازە.

*** ئایا چۆن دەتوانین لە وڵاتێکی فرە نەتەوەدا ئەم جۆرە سەرکردەیە دروست بکەین؟**

- عێراق هەلومەرجی تایبەتی و جیاوازی خۆی هەیە و ڕەنگە نەتوانین دەرئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی دەربارەی ئەمەریکا کراون بەسەر عێراقدا جێبەجێ بکەین، بەڵام ئەوەی من لە عێراقدا سەرنجمداوە ئەوەیە کە گروپە جیاوازەکانی عێراق لەڕوانگەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانەوە لە بەرژەوەندیە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان دەڕوانن، بۆ نموونە شیعەکان لە گۆشەنیگای بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە بەرژەوەندیەکانی عێراق دەڕوان، بەهەمان شێوە سوننەکانیش، هەروەها ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانەوە هەبێت ئەوا کوردەکان داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن و ڕەنگە لایەنەکانی دیکەی عێراقیش پێیان وابێت ئەمە لە بەرژەوەندی وڵاتەکەدا نیە. لە ڕاستیدا ئەمانە کێشەگەلێکی سەختن و پێویستیان بە گفتوگۆ هەیە بۆ چارەسەرکردنیان، بۆ نموونە دەبێت ئەو کەسەی هەوڵی ئەوەدات ببێتە سەرۆکی عێراق لە لایەن تێکڕای لایەنەکانی ڕێزی لێبگیرێت، واتە ئەگەر کەسێکی کورد خۆی بۆ ئەم پۆستە بپاڵێوێت ئەوا دەبێت لایەنەکانی دیکەی عێراق دڵنیابکاتەوە کە ئەو نەوتەی لە کوردستاندا هەیە بۆ خێر و خۆشی تێکڕای عێراقیشەکانیش بەکاردەهێنرێت. ئەمە تێڕوانینە منە لەسەر عێراق و ئەگەر هەڵەشم هیوادارم ڕاستم بکەنەوە.

*** سەرۆکی بەهێز فاکتەرێکی گرنگە بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی و شەڕی دژە تیرۆر، ئایا چۆن پێناسەی ڕۆڵی سەرۆك دەکرێت لە ئەداکردنی ئەم ڕۆڵانەدا؟**

- لێرەدا گرنگ ئەوەیە سەرۆکەکان پابەندبن بە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانەوە، چونکە ئەمە دەبێتەهۆی خوڵقاندن و دروستکردنی متمانە لە نێوان گەلاندا، بۆ نموونە ئەگەر پێشتر وڵاتەکە ئیمزای لەسەر پەیماننامەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ، یان ڕێککەوتنامەی بڵاونەبوونی چەکی ناوکی کردبوو، ئەوا گرنگە سەرۆك ڕێزیان لێبگرێت، هەروەها مەسەلەیەکی دیکەش ئەوەیە سەرۆکەکان بەڵێنی ئەوە بدەن لە شەڕدا دەستپێشخەر و دەستدرێژیکار نەبن، یاخود ئەو چەکانە نەکرێت کە بە سروشتی خۆیان چەکی هێرشبەرانەن، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت لە ئاستێکدا بێت بتوانێت بەرگری لە خۆی بکات و بەربەرچی هەڕەشە دەرەکیەکان بداتەوە.

*** دوا وتەت چیە؟**

- لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا ئێمە ئومێدێکی دڵسۆزانەمان هەیە کە وڵاتەکە ئارامی و سەقامگیری بە خۆیەوە ببینێت، هەروەها ئومێد دەکەین عێراقیەکان بتوانن ئەو ئامرازە گونجاوانە بەکاربهێنن بۆ ئەوەی بتوانن بە هۆیانەوە جیاوازیەکانی نێوانیان یەکلابکەنەوە بۆ ئەوەی خەڵکی وڵاتەکەش بە ئاشتی و خۆشگوزەرانی ژیان ببەنەسەر.




**هەرگیز گاندی بۆ پۆستێکی سیاسی هەڵنەبژێردراوە و قەت پۆستێکی سیاسی بەدەستەوە نەبووە، گاندی نە هەوڵی بەدەستەوەگرتنی ئەم پۆستەی دەدا و نە قەبووڵیشی دەکرد، بەڵکو زیاتر ڕێبەرێکی ڕوحی بوو**

# دەنگدان بە لیست

## دەنگدانە بەئازادی و دیموکراسـ



# ـى كوردستانى ٥٤

## ـى و پـــەرەپێدان و نوێبوونەوە



بەمافی خۆمانی دەزانین، بانگەشەی مەدەنیانە بۆ خۆمان بکەین و بەبەرامبەر بڵێین لیستی کوردستانی بەبەرنامەی سەدەی بیست و یەك هاتۆتە بەردەمتان، ئامانجمان ئەوەیە پرۆسەی هەڵبژاردن هۆکارێك بێت بۆ هۆشیارکردنەوەی میللەت و کامڵبوونی ئیرادە بۆئەوەی دەنگدەر بەئیرادەی خۆی دەنگبدات، ئێمە هەوڵنادەین میللەتی خۆمان هەڵبخەڵەتێنین، بەڵکو دەمانەوێت وتوێژ لەگەڵ میللەتی خۆمان بکەین بۆئەوەی ئیقناعی بکەین و دەنگمان پێبدات، واتە ئێمە پەنا بۆ هەموو رێگەیەکی ئەقڵانی و ئەخلاقی دەبەین بۆئەوەی بەدەنگدەری خۆمان بڵێین، دەنگمان پێبدەن زەرەر ناکەن، دەنگمان پێبدەین، ئەمە بەرنامەمانە، ئەم بەرنامەیەتان بۆ جێبەجێ دەکەین، ئێمە ناچین پێیان بڵێین، دەنگ بەلیستی کوردستانی بدەن، لەبەرئەوەی لیستەکانی دیکە خائینن، بەڵام پێیاندەڵێین، مێژووی لیستی هاوپەیمانی کوردستان پێماندەڵێت، ئەم لیستە دەتوانێت ئەم قۆناخەش تێپەڕێنێت، لەبەرئەوەی پێشتر توانیویەتی قۆناخی زۆر سەختر تێپەڕێنێت. ئێمە بەدەنگدەرانی کوردستان دەڵێین، دەنگ بەلیستی کوردستان بدەن، لەبەرئەوەی ئەم قۆناخە هەستیارەی میللەتەکەمان، پێویستی بەوەیە هاوپەیمانی کوردستان رۆڵی کاریگەری لەتێپەڕاندیدا هەبێت، بەدەنگدەری خۆمان دەڵێین، لیستی هاوپەیمانی کوردستان توانیویەتی لەناو گێژاوی دەریای سیاسەتی ناوخۆ و ئیقلیمی و جیهانیدا، کاپتنێکی لێهاتووی کەشتی هەرێمی کوردستان بێت، توانیویەتی لەم گێژاوەدا، کەشتی هەرێمی کوردستان بگەیەنێتە کەناری ئارام و ئەم ئارامیەش جیهان شاهیدی بۆ دەدات، بۆیە ئێستا هەولێر لەبەغدا زیاتر جێگەی متمانەی نێودەوڵەتییە و هەموو جیهان بەو شوێنە ئارامەی دەزانێت نوێنەرایەتی خۆی لەهەولێر بکاتەوە، ئێمە بەدەنگدەرانی خۆمان دەڵێین، بچن گوێ لەدوژمنانی کورد و ئەزموونە دیموکراتیەکەمان بگرن، بزانن داواتان لێدەکەن، دەنگ بەکێ بدەن، پرسیاریان لێدەکەین، ئایا بەقسەی دوژمنان دەکەن، یان بەویژدانی خۆتان دەنگدەدەن؟ ئێمە بەدەنگدەرانی خۆمان دەڵێین، بچن رێورەسمی رێککەوتنی ئاشتی نێوان پارتی و یەکێتی لە ١٩٩٨/٩/١٧ بخوێننەوە، بزانن، دۆستانمان چیان پێدەگوتین، پێاندەگوتین، پارتی و یەکێتی یەکبگرن ئایندەتان روناك دەبێت، دوژمنانمان پێیاندەگوتین پارتی و یەکێتی ناتوانن یەکبگرن، ناتوانن بەرژەوەندییە حزبییەکانیان بخەنە ژێر بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندییە نشتیمانییەکانی کوردستان، ئێستا لەنێوان هەڵوێستی ١١ ساڵەی پارتی و یەکێتی و قسەی دۆستان ودوژمنان هەڵوێستی خۆتان بەدەنگدان بۆ لیستی ٥٤ دیاری بکەن، خۆتان بەراورد بکەن، ئایا پارتی و یەکێتی لەدوای رێککەوتنی واشنتۆنەوە، بەوەفا بوون بۆ بەڵێنەکانیان، ئایا کێ دەتوانێت پێگەی ئێستای کورد و هەرێمی کوردستان لەگەڵ پێگەی پێش رێککەوتنی پارتی و یەکێتی بەراورد بکات؟ ئایا جیاوازیان چەندە؟ ئێمە بەدەنگدەرانی خۆمان دەڵێین:

١- ئێمە دەزانینن سروشتی دەنگدەران لەهەموو جیهان بەو جۆرەیە، دەنگدەران لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆ دەنگدەدەن، دەزانین دەنگدەر بۆیە دەنگدەدات، بۆئەوەی ژیانی خۆشتر بێت، دەنگدەر لەسەر بنەمای ئەو خزمەتگوزارییەی پێشکەشی کراوە دەنگدەدات، بۆیە ئێمە پێیاندەڵێین، کاری پارتی و یەکێتی ئەوەیە ئەو خواستە ناوخۆیە بگوازێتەوە بۆ ئاستی خواستە نیشتمانییەکان، لیستی کوردستانی هەوڵدەدات دەنگدەری خۆی لەو راستیە ئاگادار بکات مەسەلە نیشتمانییەکان لەمەسەلە ناخۆییەکان گرنگترن، بۆیە پێویستە بەجیاواز سەیری بەرنامەی لیستی کوردستان بکرێت لەگەڵ بەرنامەی لیستێکی دیکە بەراورد نەکرێت کە هیچ بەرپرسیاریەتێکی لەسەر شان نییە. دەنگدانمان بۆ لیستی ٥٤ ئەرکەکانمان دەکاتە بەرپرسیاریەتی سەرشانمان، لەگەڵ مافەکانمان هاوتای دەکات.

٢- کەواتە کاتێك دەنگدەر دەچێتە سەر سندوقی دەنگدان، دەبێت لەوە هۆشیار بێت، تەنها بەرنامەی لیستی کوردستانە ئەجێندای سیاسەتی ناوخۆ و ئەجێندای نیشتمانی تێدایە، ئەمە لێدان یان تانەو تەشەر نییە بۆ لیستێکی دیاریکراوی هەڵبژاردن، بەڵکو ئەمە واقیعە، لیستی کوردستان لەسەر ئاستی نیشتمانی ناتوانێت لەوە زیاتر بەدەنگدەری خۆی بڵێت لەو ئەجێندایەی تائێستا هەڵیسوڕاندووە، لیستی کوردستان ناتوانێت بەدەنگدەری خۆی بڵێت، ئەگەر لە ٢مانگی دیکەدا ماددەی ١٤٠ جێبەجێ نەکرا، بەشەڕ ناوچە دابڕاوەکان دەگێڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان بەڵام راشکاوانە بەدەنگدەری خۆی دەڵێت، ئەگەر دەستووری عێراق جێبەجێ نەکرێت، ئەوا پێش ئەوەی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بکەوێتە مەترسییەوە، بەرژەوەندی و ئاسایشی ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی ناوین دەخاتە مەترسییەوە، شەڕێکی سەرکەوتوو بۆ ئەمریکا دەکاتە شەڕێکی دۆڕاو، ڤێتنامیێکی دیکە دووبارە دەبێتەوە، بۆیە لیستی کوردستان ئێستا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە لەسەر ئاستی ئاشتی و ئاسایشی و ئەقلیمی و جیهانی، وەك توخمێك بۆ پاراستنی ئەو ئاشتی و ئاسایشە سەیردەکرێت. ئەمانە واتە



**لیستی هاوپەیمانی کوردستان توانیویەتی لەناو گێژاوی دەریای سیاسەتی ناوخۆ و ئیقلیمی و جیهانیدا، کاپتنێکی لێهاتووی کەشتی هەرێمی کوردستان بێت، توانیویەتی لەم گێژاوەدا، کەشتی هەرێمی کوردستان بگەیەنێتە کەناری ئارام و ئەم ئارامیەش جیهان شاهیدی بۆ دەدات**


دەنگدان بۆ لیستی کوردستانی دەنگدانە بۆ شکۆی کورد لەسەر ئاستی جیهاندا.
**٣-** لیستی کوردستان کە لەماوەی ٣ساڵی رابردوو، حکومڕانییەکی یەکگرتووی لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان پیادە کردووە، توانیویەتی ئاستی هەژاری بەڕێژەیەکی بەرچاو لەچاو ناوچەکانی دیکەی عێراق کە هەمان بودجەیان لەبەردەستبووە، کەمکردۆتەوە، ئەو بودجەیەی دەدرێتە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەمان بودجەش بۆ بەشەکانی دیکەی عێراقیش دابینکراوە، بەڵام هەڵسوڕاندنی ئەو بودجەیە لەهەرێمی کوردستان ئاکامی باشتری لەبەغدا بەدەستهێناوە، کەواتە هۆکاری ئاستی نزمی رێژەی هەژاری لەچاو بەشەکانی دیکەی عێراق بۆ حکومڕانی باشی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە.ئەمەیە پێماندەڵێت دەنگدان بەلیستی ٥٤ دەنگدانە بۆ حکومڕانی باش، بۆ لێهاتوویی ئەو لیستە و بەرپرسیارەتی لەبەرامبەر ئاییندە.
**٤-** لیستی هاوپەیمانی کوردستان راشکاوانە بەدەنگدەری خۆی دەڵێت، راستە نرخی بلیتی فرۆکە لەکوردستانەوە بۆ جیهان لەنرخی جیهانی زیاترە، بێگومان دەنگدەری کوردستان دەبێت لەوە هۆشیارتر بێت، لەم جیاوازی نرخە تێنەگات، دەبێت ئەوەی لەبەرچاو بێت، هەتا ماوەیەك لەمەوپێش، وێڕای گرانیەکەی، وێڕای دواکەوتن لەکاتی فڕینی فڕۆکەکان، تورکیا کە دراوسێەکی نزیکمانە رێگەی نەدەدا، ئەو فڕۆکانەی لەفڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانییەوە بۆ جیهان دەفڕن، بەئاسمانی وڵاتەکەی تێپەڕن، قەبووڵیان نەبوو، لەهەرێمی کوردستاندا، هێڵێکی ئاسمانی بەناو کوردستان ئایەرلاین هەبێت، ئەمە راستە لەڕووکاردا مەسەلەیەکی ئابوورییە، بەڵام لەلایەکی دیکە مەسەلەیەکی





سەروەریشە، بۆیە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی هیچ مانایەکی نابێت ئەگەر لایەنە سەروەریەکی لەلایەنە ئابوورییەکەی جیابکرێتەوە. ئەمەیە وامان لێدەکات دەنگ بەلیستی کوردستانی بدەین، دەنگ بۆ سەروەریی هەرێمی کوردستان بدەین.

٥- لەمەسەلەی سامانی سروشتی، دەرهێنان و دۆزینەوەی نەوت لەکوردستانیش، بێگومان ئەمیش دوو لایەنی هەیە، هەم ئابووری و هەم سەروەری نیشتمانی، ئایا ئەو نوێنەرەتان کێ بوون کە دەستووری عێراق نووسرایەوە و ماف و دەسەڵاتی بۆ ئێوە لەناو دەستووردا تۆمار کرد، بەدوای سامانی سروشتی وڵاتی خۆتان بگەڕێن و خۆتان گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکان ئیمزا بکەن، بۆیە دەبێت دڵنیابن، ئەم سەروەرییە نیشتمانییە ناکرێت بەقوربانی قسەی نابەپرسانەی ئەم و ئەو، دەبێت لەبیرمان بێت، حوسێن شەهرستانی و حکومەتی عێراق، زۆریان پێخۆشە، ئەو گرێبەستانەی لەبواری نەوت دەکرێن، هەموویان گەندەڵی تێدابکرێت.. بۆچی؟! لەبەرئەوەی بەگەندەڵی سەروەری نیشتمانی و دەسەڵاتی دەستووری لەهەرێمی کوردستان وەربگرێتەوە، بۆیە وەك سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپەرلەمان رایگەیاند، ئێمە ئەگەر لەم گرێبەستانەدا شەفاف نەبین، ناتوانین لەبەغدا بەرگری لەمافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بکەین. ئەم هەنگاوانە ئەو خەوەی بۆ کردین بەڕاستی و بەکوێرایی چاوی دوژمنان لە ١ی حوزەیرانی رابردوو نەوتی کوردستان نێردرایە دەرەوە و ئێستا لەکوردستانەوە نەوت رەوانەی جیهان دەکرێت، بۆیە دەنگدان بەلیستی کوردستانی دەنگدانە بەئیرادەی لەبن نەهاتووی گەلی کوردستان، ئەو ئیرادەیەی لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا ئەو دەسەڵاتەی بۆ کورد تۆمارکرد، خۆمان خاوەنی سەرچاوە سروشتیەکانی خۆمان بین، خۆمان سەرچاوە سروشتیەکانی خۆمان




**لیستی کوردستانی هەوڵدەدات دەنگدەری خۆی لەو راستیە ئاگادار بکات مەسەلە نیشتمانییەکان لەمەسەلە ناخۆییەکان گرنگترن، بۆیە پێویستە بەجیاواز سەیری بەرنامەی لیستی کوردستان بکرێت لەگەڵ بەرنامەی لیستێکی دیکە بەراورد نەکرێت کە هیچ بەرپرسیاریەتێکی لەسەر شان نییە**





بەڕێوەببەین.

**٦-** بەدەنگدەری خۆمان دەڵێین جیاوازی بەرنامەی لیستی کوردستان و هەر لایەنێکی دیکە، وەك جیاوازی بەرنامەی حزبێکی ڕۆژئاوایی سەدەی بیست و یەکەم و حزبێکی سەدەی نۆزدەهەم وایە، کە ئەمە دەڵێین، بەدەنگدەرانمان دەڵێین ویژدانی خۆتان بکەن بەدادوەر، بێجگە لەبەرنامەی لیستی کوردستان، کام حزب کام لیست، کام سەرکردەی پۆپۆلیستی، باسی بایەخی وەبەرهێنان و هاندانی وەبەرهێن و کۆمپانیاکانی جیهانی کردووە بۆئەوەی بێنە کوردستان و سەرمایەکانیان لەکوردستان بخەنەگەڕ، بەدەنگدەرانی کوردستان دەڵێین، تەو ویژدانتان، بێجگە لەهاوپەیمانی کوردستانی، کام لیست و کام لایەن، کام سەرکردەی پۆپۆلیستی، بیری لەخۆشگوزەرانی ژیانی ئێوە کردۆتەوە، ئەوە لیستی کوردستانییە بەئاشکرا ڕایگەیاندووە، کوردستان بەبودجەی حکومەتی عێراق ئاوەدان ناکرێتەوە، کام لیست پێی گوتوون کوردستان پێویستی بەهەڵسوڕاندنی سەدان ملیار دۆلار هەیە بۆئەوەی هەژاری تێدا نەمێنێت؟ کام لیست بێجگە لەهاوپەیمانی کوردستان، قەرزی درێژخایەنی بێ سوود، یان بەسوودێکی هێجگار کەم بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی کوردستان لەبانکە جیهانییەکانەوە دابینکرد؟ کام لیست بێجگە لەلیستی کوردستان، وەبەرهێنەرانی جیهانی دڵنیاکرد، بەوەی وەرنە کوردستان حکومەتی هەرێمی کوردستان، کۆمپانیای تەئمینە بۆ سەرمایەکانتان؟ بۆیە بەدەنگدەران دەڵێین کاتێك لیست و لایەن و سەرکردە پۆپۆلیستییەکان دێن خۆیان لەبەردەم ئێوە وەك فریادرەس پیشاندەدەن، ئەوان بەبەرنامەی سەدەی نۆزدە و لیستی کوردستانی بەبەرنامەی سەدەی بیست و یەك دێتە بەردەمتان، لیستی کوردستان هاوڵاتیانی کوردستان وەك هاوڵاتیانی سەدەی بیست و یەك سەیردەکات، لیست و لایەنەکانی دیکە و سەرکردە پۆپۆلیستیەکان وەك هاوڵاتیانی سەدەی نۆزدە، کەواتە ئەوەی لیستی کوردستان هەوڵی بۆ دەدات، ئەوەیە



**کاتێک دەنگدەر دەچێتە سەر سندوقی دەنگدان، دەبێت لەوە هۆشیار بێت، تەنها بەرنامەی لیستی کوردستانە ئەجێندای سیاسەتی ناوخۆ و ئەجێندای نیشتمانی تێدایە، ئەمە لێدان یان تانەو تەشەر نییە بۆ لیستێکی دیاریکراوی هەڵبژاردن**





زەمینەیەك لەم پرۆسەی هەڵبژاردنە بێتە ئاراوە، ململانێی سەدەی بیست و یەکی تێدابکرێت، نەك بمانگێڕنەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم. دەبێت دەنگ بەلیستی کوردستانی بدەین بۆئەوەی تاکی کوردستان لەپێشکەوتنەکانی جیهانی سەدەی بیست و یەك دوانەکەوێت.

٧- خاڵێکی دیکە کە لیست و لایەن و سەرکردە پۆپۆلیستیەکانی سەدەی نۆزدەهەم زۆر دەیلێنەوە، ئەویش دیاردەی گەندەڵییە کە زۆر ئاماژەی پێدەکەن و دووبارەی دەکەنەوە و دەیانەوێت بەئەقڵییەتی ٢٠٠ ساڵ لەمەوپێش ململانێ لەگەڵ بەرنامەی سەدەی بیست و یەکەمی لیستی کوردستانی پێبکەن، ئێمە ڕووبەڕووی ویژدانی خۆیانیان دەکەینەوە و لێیان دەپرسین:


أ- ئایا هەموو ئەوانەی بەرامبەر لیستی کوردستانی هاتوونە گۆڕەپانەکە و دەیانەوێت ململانێ بکەن، توانیویانە بەڕاستی بەهاووڵاتیانی کوردستان بڵێن، لەم قۆناخەدا بێجگە لەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوێرییەکی گەورەی نواندووە، بەوەی توانیویەتی سەدان کۆمپانیان و سەدان ملیار دۆلار بێنێتە کوردستان، کە ئەمە باشترین ڕێگەیە، ئەمە کورتکردنەوەی ڕێگەیەکی دوورە بۆ گەیشتنی هەرێمی کوردستان بەوڵاتانی پێشکەوتووی جیهان، ڕێگەیەکی دیکە هەیە؟

ب- ئایا هاتن بەهاوڵاتیانی کوردستان بڵێن، ئەزموونی هەرێمی کوردستان جیاواز لەهەموو ئەزموونەکانی جیهان، شێوازێکی تازەی بۆ پەرەپێدان و بونیادنانەوە داهێناوە، دەتوانن بڵێن حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جیهانی سەلماند گەلی کوردستان لەگەلانی کۆریای باشوور و تایوان و سەنگافورە، پێشکەوتووترە، گەلی کوردستان جیاوازەو هۆشیارترە لەگەلی تایوان کە بۆماوەی ٤٠ ساڵ یەك حزب حکومڕانی کرد کە ئەویش حزبی کۆمینتانگە، کۆریای باشوور سەرۆکێك بەکودەتا دەستی پێکرد، سەنگافورە، کە تائێستاش هەر حزبەکەی ساڵی ١٩٥٩





لیستی کوردستان کە لەماوەی ٣ ساڵی رابردوو، حکومڕانییەکی یەکگرتووی لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان پیادە کردووە، ئاستی هەژاری بەڕێژەیەکی بەرچاو لەچاو ناوچەکانی دیکەی عێراق کە هەمان بودجەیان لەبەردەستبووە، کەمکردۆتەوە





حکومڕانی دەکات، بەڵام لەکوردستان هاوشان لەگەڵ دەسپێکی پرۆسەی پەرەپێدان، پرۆسە دیموکراتیەکەش لەگەشەی بەردەوامی خۆی رانەوەستاوە، پرۆسەی سیاسیی هەموو لایەنەکان تێیدا بەشدار بوون، ماف و ئازادییەکان بەیاسا پارێزراون.

ت- ئایا هەموو لایەنەکان بەهەموو ئەو ناوانەی لەخۆیان ناوە، دەتوانن تەنها لەگەڵ ویژدانی خۆیان راستگۆ بن و، میللەتی خۆیان بەڕاستی هۆشیار بکەنەوەو، بەڕاستی و بەویژدان و بەداتای زانیارییەکان قسەبکەن، بێ منەت بن بابچن تەنها ئەم ٣ ساڵەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ٣ ساڵی یەکەمی دەستپێکی هەر ئەزموونێکی دیکە لەجیهاندا بەراوردبکەن، بۆئەوەی لەم تەحەددایەش بەهەڵە لێمان تێنەگەن، دەڵێین:


١- لەساڵی ١٩٦٠ کە کۆریای باشوور دەستی بەپرۆسەی بونیادنانەوە کرد (بێگومان لە ١٩٥٣ شەڕی کۆریا تەواو بووە، بەڵام دەڵێین ١٩٦٠ لەبەرئەوەی ١٩٦٠ دەسپێکی پرۆسەکەی پارکە) نەیجیریا لەکۆریای دەوڵەمەندتر بووە، ئێستا دوای نزیکەی ٥٠ ساڵ کۆریای باشوور خەریکە لە ٨ دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکەی جیهان نزیکدەبێتەوە، بابێن، ئەم ٣ ساڵەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ١٠ ساڵی کۆریای باشوور بەراورد بکەن، واتە ٢٠٠٦ لەگەڵ ١٩٦٠، ٢٠٠٩ لەگەڵ ١٩٧٠ی کۆریا، با خەڵکی کوردستان خۆی حەکەم بێت، ئەمەش واتە ٣ ساڵی دەسپێکی پرۆسەی پەرەپێدان و بونیادنانەوە لەگەڵ ١٠ ساڵی سەرکەوتووترین ئەزموون لەجیهاندا بەراورد بکەن، بەڵام لەهەموو روویەکەوە. بابێن ٣ ساڵی حکومەتی کوردستان لەگەڵ ١٠ ساڵی تایوان، سەنگافورە بەراورد بکەن، ئەمەیە خیتابی ململانێی هەڵبژاردنی سەدەی بیست و یەك. نەك ورێنە و ئاگربەردان لەکەڕامەتی تاکەکانی کوردستان.

٢- لەوڵاتانی عەرەبی بەدەوڵەتانی کەنداویشەوە، ئەوجا تونس و مەغریبیش



**بەدەنگدەری خۆمان دەڵێین جیاوازی بەرنامەی لیستی کوردستان و هەر لایەنێکی دیکە، وەک جیاوازی بەرنامەی حزبێکی رۆژئاوایی سەدەی بیست و یەکەم و حزبێکی سەدەی نۆزدەهەم وایە**








که ٢ نموونەی ســەرکەوتوون، با هەموو لایەنەکان بێن راســتگۆیانە، بابێن ئەم ٣ ســاڵەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ٢٠ ساڵی یەکەمی (ناڵێین سوریا و سودان)، بەڵکو دەڵێین مەغریب و تونس و دەوڵەتانی کەنداو بەراورد بکەن، ئینجا با خەڵکی کوردســتان بکــەن بەحەکەم لەنێوان بەرنامەی خۆیــان و بەرنامەی لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا.

٣- لەئەوروپــا ٣ ئەزمــوون هەن وەك ٣ ئەزموونی سەرکەوتوو ئاماژەیان پێدەکرێت، ئەوانیش بریتیتن لەئەزموونی ئیســپانیا، پورتوگال و یۆنان، ئەم ٣ دەوڵەتە ئێســتا هەرســێکیان ئەندامی یەکێتی ئەوروپان، بابێن ئەوانەی ئێمە پێیاندەڵێین بەبەرنامەی سەدەی ١٩ ململانێی هەڵبژاردن دەکەن، بیسەلمێن، بەبەرنامەی سەدەی بیست و یەك ململانێ دەکەن، پێشکەوتنی٣ ساڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ٥ ساڵی یەکەمی ئەو ٣ وڵاتە بەراوردبکەن، واتە ١٩٧٤-١٩٧٩ی یۆنان و ئیسپانیا، ١٩٧٥-١٩٨٠ی پورتوگال، بێگومان مەبەستمان لەم بەراوردکردنە لەسەر ئاستی سیاسیی و ئابوورییە، بەڵام ئاســتی گەشەکردن بەرێژەی سەدی و زانستی، مەبەستمان ئەوەیە بەمیللەتی خۆیان بڵێین، لەماوەی ٥ ساڵدا ئاستی گەشەکردن لەو ٣ وڵاتە بۆ نموونە ٧٪، لەکوردســتان بۆ نمووونە لە ٥٪، بۆیــە کەمتەرخەمی حکومەتی کوردستان ئەوەیە دەبووایە ئەویش ٧٪ بێت، بەڵام ئەگــەر بەپێچەوانەوە بوو، دەبێت ددان بەو راستیەدا بنێین کە حکومەتی کوردستان سەرکەوتووتر بووە.

٤- بابێــن بەخەڵکی کوردســتان بڵێن، ئاستی وەبەرهێنان لەوڵاتانی رۆژهەڵات بەگشــتی، بەشــی زۆری لەبــواری نەوتە، لەبەرئــەوەی وەبەرهێنانی نەوت یەکــەم قازانجەکــەی زۆرە، دووەمیش ماوەکــەی کەمە، بەڵام لەکوردســتان ئاســتی وەبەرهێنانــی بوارەکانــی بونیادنانــەوە و خزمەتگوزارییــەکان زۆر لەوەبەرهێنانەکانــی نەوت بەرزترە، بەتەنهــا پرۆژەیەکــی وەك تارین هێڵز سەرمایەکەی، لەگەورەترین رێککەوتنی بازرگانی بواری نەوتی نێوان حکومەتی



کاتێک لیست و لایەن و سەرکردە پۆپۆلیستییەکان دێن خۆیان لەبەردەم ئێوە وەک فریادرەس پیشاندەدەن، ئەوان بەبەرنامەی سەدەی نۆزدە و لیستی کوردستانی بەبەرنامەی سەدەی بیست و یەک دێتە بەردەمتان، لیستی کوردستان هاوڵاتیانی کوردستان وەک هاوڵاتیانی سەدەی بیست و یەک سەیردەکات





هەرێمی کوردستان و کۆریای باشور زیاترە کە بڕەکەی ١٠ ملیارد دۆلارە.

٥- بابێن راستگۆبن لەگەڵ میللەتی خۆیان پێناسەی ئازادی لەکوردستان لەگەڵ پێناسەی ئازادی هەموو فەلسەفەی سیاسیی بۆ هاووڵاتیانی خۆیان بکەن، لەبەرئەوەی ئێستا لەئەمریکا و بەریتانیاش پێناسەی ئازادی، لەگەڵ پێناسەی ئازادی لەناو فەلسەفەی سیاسیی یەکناگرێتەوە، بزانن پێناسەی ئازادی بەبەراورد بەپێناسەی ئازادی ناو فەلسەفەی سیاسی لەهەرێمی کوردستان چەند وەردەگرێت و لەئەمریکا و بەریتانیا چەند وەردەگرێت، ئێمە نالێین هەرێمی کوردستان زیاتر وەردەگرێت، بەلام دەڵێین بەریتانیا لەدەرچوونی یاسای مەگناکارتا-وە و ئەمریکا لەبەیانی سەربەخۆییەوە، هەوڵدەدەن کەموکورتییەکانی پێناسەی ئازادی پڕبکەنەوە، ئینجا بەراوردی بکەن، لەگەڵ هەرێمی کوردستان بابڵێین لەساڵی ١٩٩٢وە هەوڵدەدات کەموکوڕییەکانی پێناسەی ئازادی پڕبکاتەوە.

دەمانەوێت دووبارە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، ماس میدیا لەهەموو جیهان بەزمانی ژمارە وداتا قسە دەکات و بانگەشە بۆ لایەنی خۆی دەکات، ئەمەش شێوازی سەدەی بیست و یەکەمە، ئەرکی ئێمەیە وەك میدیا بەجوانترین شێوە و بەزمانی داتا و ژمارە دەنگدەری خۆمان ئاراستەی سندووقەکانی دەنگدان بکەین بۆئەوەی هەموو پێکەوە دەنگ بۆ لیستی کوردستانی بدەین، دەنگ بەئیرادەی خۆمان بدەین بۆئەوەی وڵاتەکەمان ئاوەدان بێت و پەرەپێدان و نوێبوونەوە بەردەوام بێت.